# ڕۆژنامە



سیانزە هەفتەیە
بکوژانی سەردەشت نادیارن

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە (٥٩٣) سێشەممە ٣/ ٨/ ٢٠١٠ | www.sbeiy.com | نرخ ٧٥٠ دینار


**داواکەی پارتی لە دژی ڕۆژنامە گەورەترین داوای قەرەبووە لە مێژووی ڕۆژنامەوانی هەرێمو عێراقدا**

4-2

# داوای دادگاییکردنی قاچاخچییەکانی نەوت دەکرێت

دلێر عەبدولخالق

تۆڕی بەرگریی لە مافو ئازادییەکانی خەڵک بەقاچاخبردنی بەرهەمە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بە تاوانێک دەژمێرێت، کە بەرپرسانی حکومیو حیزبیی بەرامبەر خەڵک ئەنجامیدەدەنو داوای دادگاییکردنی قاچاخچییەکانی نەوت دەکەن.

لە بەیاننامەیەکدا تۆڕی بەرگریی لە مافو ئازادییەکانی خەڵک رایدەگەیەنن: «بەقاچاخبردنی نەوت بە بەرچاوی خەڵکو میدیای دەرەکیو ناوخۆوە، جگە لەوەی دزییەکی گەورەیە لە داهاتو ژێرخانی هەرێم، دەبێتە هۆی ناشرینترکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانیی، هەروەک بێئاگاییو خەمساردییو بەشداریی راستەوخۆی کاربەدەستە باڵاکانی حکومەتو حیزب لە بەتاڵانبردنی نەوتی خاو بە ئاشکراو بە بەرچاوی خەڵک، جگە لەوەی تاوانە، زەنگێکی خەتەرناکیشە لەسەر گوزەرانی ئێستاو ئایندەی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە».

ئاکۆ خەلیلزاد، وتەبێژی تۆڕەکە، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «لەچەند ڕۆژی داهاتوودا بە پشتیوانیی هەموو ئەو لایەنو رێکخراو و خەڵکانەی خۆیان بە بەرپرس دەزانن لە سەروەتو سامانی هەرێم، بە ئامانجی بە یاساییکردنی دۆسیەی بەقاچاخبردنی نەوت، کەمپەینی بەدادگاییکردنی قاچاخچییەکانی نەوت رادەگەیەنین».

ئاماژەی بەوەشکرد: لە رێگەی ئەو بەڵگەنامانەی دەستیانکەوتوون فشار دەخەنە سەر داواکاری گشتیی لە دادگاکانی کوردستان، بۆئەوەی بەدواداچوون بکاتو ئەوانەی تێوەگلاون یان کەمتەرخەمبوون لە حکومەت رووبەڕووی دادگا بکرێنەوە.

لە بەیاننامەکەی تۆڕی بەرگریی لە مافو ئازادییەکانی خەڵک، داوای هەڵوێستی بەپەلە لە تەواوی خەڵکی کوردستان دەکەن، کە «کەمپەینو خۆپیشاندانی نارەزایەتی بەڕێوەبەرنو فشار بخرێتە سەر داواکاری گشتیی بۆ بەدادگاییکردنی تاوانبارانی بەقاچاخبردنی نەوت، لێپرسینەوەو لێپێچینەوە لەگەڵ کاربەدەستە باڵاکانی حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە بکرێت...

بۆ ل٢



دیمەنی یەکێک لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی ساڵی (٢٠٠٨)

فۆتۆ: سیروان

# کەسوکاری بارزانییە ئەنفالکراوەکان داوای قەرەبوو دەکەن

ڕۆژنامە

دوای (٢٧) ساڵ لە جینۆسایدکردنی بارزانییەکان، کەسوکاریان قەرەبوو نەکراونەتەوەو داوای زەویو گەڕانەوەی رووفاتی قوربانییەکانیان دەکەن.

زوهریە عیسا محەمەد، کە خاوەنی (٩) قوربانییە، لە مەراسیمی یادی بارزانییە ئەنفالکراوەکاندا، بۆ ڕۆژنامە باسی لەوەکرد: بەهاتنەوەی رووفاتی قوربانییەکانیان، کەمێک لە خەمەکانیان کەمی کردووە، بەڵام «تائێستا حکومەتی عێراق قەرەبووی نەکردوونەتەوەو قەرەبووشیان ناکاتەوە».

وتیشی: «تائێستاش حکومەتی هەرێم پارچە زەوییەکی نەداوە بەئێمەو نەخۆشخانەشمان نییە، پاشماوەی ئەو ئەنفالکراوانە داوودەرمان لەسەر گیرفانی خۆیان دەکرن».

ئەو دایکی ئەنفالکراوانە، باسی لە دروستکردنی خانوو دەکردو دەیوت: تائێستا خانوویەک بەناوی ئەنفالکراوەکان دروست نەکراوە، ئێمە لەناو ئەو خانووە قوڕینانەدا دەژین، کە هی کاتی ئەنفالەکانەو نەمانتوانیوە خانوویەک بۆ خۆمان دروست بکەینو حکومەتیش هیچ هاوکارمان نەبووە.

بۆ ل ١٨

# «گەرمیان لەڕووی خزمەتگوزارییەوە وێرانترینو پەراوێزخراوترین ناوچەی کوردستانە»

ڕۆژنامە

لە ساڵی ٢٠٠٨دا حکومەتی هەرێم بڕیاریدا وەک ئیدارەیەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ گەرمیاندا بکرێت، بەڵام تائێستا بڕیارەکە جێبەجێ نەکراوە.

بێستون ژاڵەیی، کە ڕۆژنامەنووسێکی دانیشتووی کەلارە، باس لەوە دەکات، دوای دوو ساڵ، تائێستا حکومەت وەکو پارێزگا مامەڵەی لەگەڵ ناوچەکەدا نەکردووەو بڕیارەکە بۆ ساتێکیش نەخراوەتەوە بواری جێبەجێکردنەوە، لەکاتێکدا لەڕووی خزمەتگوزارییەوە گەرمیان لە وێرانترینو پەراوێزخراوترین ناوچەی کوردستانەو خزمەتگوزارییەکان لە ئاستێکی زۆر خراپدان».

هەروەک سەعید ئەحمەد، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، وتی: «تائێستا زۆربەی بەڕێوەبەرێتییەکانی گەرمیان سەر بە سلێمانینو نەخراونەتە سەر وەزارەتەکانو لە ئیدارەی گەرمیان تائێستا هیچ بودجەیەکمان نییەو ئەوەش گرفتی بۆ هاوڵاتییان دروستکردووە».

بۆ ل ٥

## شەڕی مەرجی لیستەکان دەستیپێکرد

13

## چارەنووسی ئەنجومەنی خانمان نادیارە

17

# پارتی داوای داخستنی ڕۆژنامەو ملیارێک دۆلار قەرەبوو دەکات

ڕۆژنامە

لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێک دەربارەی داهاتی بەقاچاخبردنی نەوت، پارتی دیموکراتی کوردستان داوایەکی یاسایی دژی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە تۆماردەکات، کە تیایدا داوای داخستنی ڕۆژنامەو بڕی یەک ملیار دۆلار قەرەبوو دەکات.

داواکەی پارتی لەڕێگەی فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسییەوەیە، کە ئاراستەی دادگای بەرایی هەولێر کراوەو داوادەکات، هەریەکە لە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری ڕۆژنامەو سیروان ڕەشید بەڕێوەبەری نووسینو ئامادەکاری راپۆرتەکە بانگهێشتی دادگا بکرێن.

پارتی لە داواکەیدا داوای بڕی یەک ملیار دۆلاری ئەمریکی دەکات وەک قەرەبووی زەرەرو زیانی مادییو مەعنەوییو هەروەک داواش دەکات مۆڵەتی کارکردنی ڕۆژنامە هەڵبووەشێنرێتەوەو ڕۆژنامەکە دابخرێت.

لە بەشێکی دیکەی داواکەیدا سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی داوا دەکات، رێگەی سەفەرکردن لە هەریەک لە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەکە بگیرێت.

بۆ ل٢

# پەرلەمان پەلەیەتی لە پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم

سەنگەر جەمال

لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دوێنێ کۆبوونەوەیەکی بۆ گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیاسای دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم ئەنجامدا، پەرلەمانتارێکی لیژنەکەش پێیوایە: یاساکە لەگەڵ هەندێک یاسای دیکەدا ناکۆکەو خەرجییەکی زۆر دەخاتە سەر بودجەی هەرێم.

د.زانا رەئوف، پەرلەمانتاری گۆڕانو ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردووە لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «نیگەرانیی خۆمان دەربڕی سەبارەت بەو یاسایە، چونکە لە چەند لایەکەوە دژ بە یاسا پەیڕەوکراوەکانی هەرێمو یاساکانی بەغدایە، وەک ئەوەی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە ناکۆکە لەگەڵ یاسای ژمارە (١١)ی تایبەت بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەوە سەرەڕای ئەوەی سەرجەم ئەو پارەیەی تەرخاندەکرێت، کە پێیدەوترێت میزانییەی هەڵبژاردن، لە بودجەی کوردستان دەبڕدرێت».

باس لەوەشدەکات: لە حاڵەتی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیاسایە دەبێت پارەی ئەو هەزاران کارمەندەی سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەکەن لە بودجەی (١٧٪)ی هەرێمی کوردستان بدرێت «ئەوەش دنیایەک خەرجی زیادە لەسەر ئەستۆی هەرێمی کوردستان دروستدەکات، جگە لە کۆمەڵێک ئیشکالیەتی تری وەک، پرسی ناوچە جێناکۆکەکان».

بۆ ل٢

## کێشەی ئەنجومەنی پارێزگا، شەڕی پەیڕەوکردنی سیستمی مەرکەزیو لامەرکەزییە

5

# میدیا بیانییەکان،
# باس لە بەقاچاخبردنی نەوت و دادگاییکردنی ڕۆژنامە دەکەن

چاوان عەلی

دەیان کەناڵی ڕاگەیاندنی بیستراوو بینراوو نووسراوی ئەورووپیو عەرەبیو ناوخۆیی باس لە مەسەلەی بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێمو نادیاریی داهاتەکەی دەکەن، لەگەڵ ئەمانەشدا پارتی سکاڵا لەسەر «ڕۆژنامە» تۆماردەکات، کەناڵە ڕۆژنامەوانییە عەرەبییەکان، ئەو داوا یاساییە بە گەورەترین داوای قەرەبوو لەقەڵەمدەدەن کە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی عێراقدا داواکرابێت.

ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی کە مەسەلەی بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێمی ورووژاند لە دوو هەفتەی ڕابردوودا ئەوەی بڵاوکردەوە، کە بەرپرسانی هەرێم ئاگاداری بەهەدەربردنو بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێمنو هیچ لایەنێکیش ئاگاداری داهاتی ئەو نەوتە نییە.

هەرلەوبارەیەوە، ئاژانسی ڕۆیتەرز لە ڕاپۆرتێکیدا بڵاویکردووەتەوە، کە لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڕیاری ڕاگرتنی ناردنەدەرەوەی نەوتی داوە، بەڵام ناردنەدەرەوەی نەوت لە هەرێمەوە بەردەوامەو تاکە ڕێگر لەبەردەم شۆفێری تانکەرە نەوتەکان ئەو ماوە زۆرەیە کە لە مەرزی حاجی هۆمەران دەمێننەوە.

ڕۆیتەرز لە زاری کاروان عارف، سەرۆکی شارەوانیی حاجی هۆمەرانەوە بڵاویکردووەتەوە: کە ئەو تانکەرانە بەشێوەیەکی شەرعیی کاردەکەنو ئەوەشی ڕەتکردەوە کە بەرپرسە ناوخۆییەکان هیچ ڕێنماییەکیان لە حکومەتی هەرێمەوە پێگەیشتبێت بۆ چاودێریکردنی ئەو بازرگانییە.

ڕۆژنامەی (حەیات)ی چاپی لەندەنیش، کە گرنگییەکی زۆری داوە بە پرسی بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێم، بێئاگایی حکومەتی عێراقیی لە ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم تەئکید کردووەتەوەو ڕایگەیاندووە: لە ئێستادا حکومەتی عێراق چاوەڕوانی وەڵامێکی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمە بۆ ڕوونکردنەوەی پرسی بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێم.

ڕۆژنامەکە لە زاری بەرپرسێکی عێراقییەوە گواستوویەتیەوە، کە حکومەتی عێراق بێئاگایە لە ڕێژەو داهاتی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم بەرەو ئێران، هاوکات سایتی (عەرەبیە نێت)یش بڵاویکردووەتەوە کە وتەبێژی حکومەتی عێراقی بەڵێنی بەدواداچوونی بۆ پرسی بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێم داوەو ئاماژەی بەوەشکردووە، کە ئەوان سوود لەو بەڵگەنامانە وەردەگرن کە لەوبارەیەوە لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

هاوکات، ڕۆژنامەی (بەیان)ی ئیماراتی بەهەمان شێوە پرسی بەقاچاخبردنی نەوتی باسکردووە لە هەرێمو ئاشکرایکردووە، کە لەگەڵ بوونی ئەو بەڵگانەی باس لە بەقاچاخبردنی نەوت دەکرێت، بەڵام وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە نەوت لە هەرێمەوە بەقاچاخ بەرەو ئێران ببرێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا، ئاژانسی (ئاکانیوز)یش لێدوانێکی ئاشتی هەورامی بڵاوکردووەتەوە، کە وتوویەتی: «ئەو نەوتەی باسی لێوە دەکرێت بەقاچاخ بەرەو ئێران دەبرێت لە پاڵاوگەکانی بێجیو دۆرەوە لەڕێگەی کەرتی تایبەتەوە دەهێنرێتو بە نرخێکی ڕەمزیی لە خانەقین دەفرۆشرێت، ڕۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل بەم جۆرە ڕەوانەی ئێران دەکرێت، هەربۆیە حکومەتی عێراق بەرپرسە لە پرسی بەقاچاخبردنی نەوت، نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان».

هەروەک لە سایتی (عەرەب ئۆن لاین)یش باس لە پرسی بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە کراوە، بەشێوەیەک کە ئەو پرسە لەنێوان هەولێرو بەغدادا ونبووەو هەردوولا یەکتر بە بەقاچاخبردنی نەوت تۆمەتبار دەکەن، بابەتەکە باس لەوەدەکات کە لەم مەسەلەی بەقاچاخبردنی نەوتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گاڵتە بە بەرپرسانی هەرێمی «عێراقستان» دەکەنو هەردوولا نەوتی عێراق بە هەدەر دەبەن.

لەگەڵ ئەوەی بابەتی بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێم بووەتە مانشێتو هەواڵی لاپەڕە یەکی زۆرێک لە ڕۆژنامەکان، میدیای جیهانییو عەرەبیو ناوخۆیی، بەڵام پارتی سکاڵای لەسەر (ڕۆژنامە) تۆمارکردووەو داوای (یەک ملیار) دۆلارو داخستنی ڕۆژنامەکە دەکات.

لەمبارەیەشەوە، دوێنێ سایتی ئیلاف بە مانشێتێکی سەرنجڕاکێش باسی لە مەسەلەی سکاڵاکەی پارتی کردووە لەسەر ڕۆژنامە لەژێر ناونیشانی (گەورەترین داوای قەرەبووی یاسایی لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی عێراقیدا)، سایتی ئیلاف لە ڕاپۆرتێکدا باسی لە سکاڵاکەی پارتی لەسەر ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو ئەو یەک ملیار دۆلارە کردووە کە وەک قەرەبوو داوای کردووە.

هاوکات، تۆڕی پەیامنێری عێراقییو دەیان ڕۆژنامەو سایتو بڵاوکراوەی عەرەبیو کوردی باسیان لەوە کردووە، کە پارتی غەرامەی (یەک ملیار) دۆلاری ڕۆژنامەی ڕۆژنامە دەکات لە بەرامبەر ئەو بابەتەی لەسەر بەقاچاخبردنی نەوت بڵاویانکردووەتەوە.

لە سایتەکەدا لە زاری ئاوات عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی ڕوانگەی ئازادیيە ڕۆژنامەوانییەکانی عێراقەوە تەئکید دەکاتەوە، کە پشتگیریی لە ڕۆژنامەکەو ڕۆژنامەنووسەکانیشی دەکەن لە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ ڕێگرتن لە ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسییان.

---

## حکومەتی هەرێم یاسای نەوتو گاز جێبەجێ ناکات
# چوار کۆمپانیای پرۆسەکانی نەوتو سندووقی داهاتەکانی پێکنەهێناوە

تایبەت بە ڕۆژنامە

حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند نەبووە بە جێبەجێکردنی یاسای نەوتو گازی هەرێم، لەکاتێکدا (٣) ساڵ بەسەر پەسەندکردنی ئەو یاسایە لە پەرلەمان تێدەپەڕێتو تائێستا چوار کۆمپانیای پرۆسەکانی نەوتو سندووقی داهاتەکان پێکنەهێنراوە.

یاسای نەوتو گازی هەرێمی کوردستان، کە لە ٢٠٠٧/٨/٦ لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراوە، ئاماژە بە دامەزراندنی هەریەک لە کۆمپانیاکانی (کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت KEPCO)، (کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت KNOC)، (کۆمپانیای کوردستان بۆ هەناردنی نەوت KOMO)، (کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتنو پاشکۆکانی KODO) لەگەڵ (سندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان KOTO).

عەبدوڵلامحەمەدنوری، ئەندامی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان، وێڕای جەختکردنەوە لە دانەمەزراندنی ئەو دەزگایانە ئاماژەی بەوەشکرد: بە دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایانە پرۆسەی نەوتو گاز لە هەرێمی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی نوێوە.

ئەو پەرلەمانتارە، وتیشی: «لە ڕووی ئابوورییەوە ئەو کۆمپانیا خۆماڵییانە بەشێک لەو داهاتانە دەگێڕنەوە بۆ هەرێمی کوردستان، کە کۆمپانیا بیانییەکان لە بوارەکانی وەبەرهێنانو پاڵاوتنو هاوردەکردنی نەوتی هەرێم تائێستا بۆ خۆیانی دەبەن، چونکە بەپێی یاساکە ئەو کۆمپانیایانە دەتوانن ببنە شەریک لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان».

یاساکە ئەرکی ڕێکخستنی ئەو چوار کۆمپانیایەی خستووەتە سەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکانو دامەزراندنی سەرۆکو ئەنجومەنی کارگێڕیی، سەرجەم ئەو دەزگایانەشی خستووەتە سەر ئەنجومەنی وەزیران، بەمەرجێک زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان پەسەندی بکەن.

عەبدوڵلا محەمەد نوری، باس لەوەش دەکات، کە بایەخێکی دیکەی گرنگی دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایانە ئەوەیە، کە کارەکانیان لەژێر چاودێریی پەرلەماندا دەبێت، ئەمەش شەفافیەت لە کەرتی نەوتدا دەستەبەر دەکات.

بەرپرسانی نەوتی هەرێم لە گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ بەغدا، شانازیی دەکەن بە یاسای نەوتو گازی هەرێمو ڕەخنەی ئەوە دەگرن، کە لە بەغدا یاسای نەوتو گاز تائێستا دەرنەچووە، بەڵام حکومەتی هەرێم خۆی پابەند نابێت بە بڕگەو مادەکانی یاسای نەوتو گازی هەرێمی کوردستانەوە.

ئاریان محەمەد، پسپۆڕی یاسای فیدراڵیی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دامەزراندنی ئەو چوار کۆمپانیایەو سندووقی داهاتەکان، کە لە یاسای نەوتو گازدا ئاماژەی پێکراوە، زۆر گرنگەو پرۆسەی نەوت لە هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر چاودێریی پەرلەمانەوە.

ئەو پسپۆڕە یاساییە بە پێویستیشی دەزانێت کەرتی نەوتو پرۆسەی نەوت لە هەرێم بخرێتە ژێر چاودێریی پەرلەمانەوەو هاوڵاتییانیش ئاگاداری وردەکاریی داهاتو شێوازی دەرهێنانو فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بن.

پەرلەمانو خەڵکی هەرێمی کوردستان تائێستا ئاگاداری وردەکاریی ئەو گرێبەستە نەوتییانە نین کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئیمزای کردوون، حکومەتی عێراقیش ئەوگرێبەستانە بە نایاسایی دەزانێت، بەڵام عێراق خۆشی یاسای نەوتو گازی نییەو تائێستا پرۆژەی ئەو یاسایە بە هەڵپەسێردراویی ماوەتەوە.

بە بڕوای ئاریان محەمەد، دانەمەزراندنی ئەوکۆمپانیاو سندووقی داهاتەی کە لە یاسای نەوتو گازی هەرێمدا ئاماژەی پێکراوە، بەشێکی پەیوەندیی بە دەرنەچوونی یاسای نەوتو گازی عێراقەوە هەیە، چونکە دەستووری عێراق ئیجباری دەکات کەرتی نەوتیی لە هەرێمەکان بە هاوبەشیی حکومەتی ناوەند بەڕێوەببرێن.

بەڵام ئەو پەرلەمانتارەی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان، هۆکاری دانەمەزراندنی ئەو کۆمپانیایانەو سندووقی داهاتەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم نایەوێت پرۆسەی نەوت لە چوارچێوەیەکی یاساییدا بەڕێوەبچێت، وتیشی: «هەستدەکەین کە ئیرادەیەک هەیە کار لەسەر ئەوە دەکات هەموو کارەکانی پرۆسەی نەوت لە دەسەڵاتەکانی وەزیری سامانە سروشتییەکاندا حەسر بکرێت».

---

## دوای چوار مانگ لە تیرۆری سەردەشت
## پەرلەمانو بریکاری وەزیری ناوخۆ:
# ئاگامان لە بوونی لیژنەی لێکۆڵینەوە نییە

هەنگاوهاشم- هەولێر

ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمانی کوردستانو بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، ئاشکرای دەکەن، ئەوان ئاگاداری ئەو لیژنەیە نین کە بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) پێکهێنراوە.

کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنی خۆجێیەکانی پەرلەمان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «چەندینجار بەدواداچوونمان کردووە لە بەڕێوەبەرێتییەکانی پۆلیسو ئاسایشو هێزە ئەمنییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان)، بەڵام هیچ ئەنجامێکمان دەست نەکەوتووەو نازانین ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بەکوێ گەیشتوون، ئێمە چاوەڕێی لایەنە بەرپرسەکانین کە ئاگادارمان بکەنەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ زانیارییەکمان بەدەست نەگەیشتووە».

هەرچەندە (١٣)هەفتە بەسەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس، سەردەشت عوسماندا تێدەپەڕێتو دوای تیرۆرکردنەکەشی، لیژنەیەک لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی شاری هەولێرەوە پێکهات، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنەکە، لەگەڵ ئەمەشدا سەرۆکی پەرلەمان، لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێیەکانی پەرلەمانی کوردستانی ڕاسپارد بۆ لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوە.



ئەو پەرلەمانتارە، ئاماژەی بەوەشدا: ئەوان لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمانی کوردستانو پێویستە ئاگاداربن لە کاروباری ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنی خۆجێیەتی، سەرەڕای ئەمەش لیژنەکەیان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ڕاسپێردراوە بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو ڕووداوە.

کاروان ساڵح کە هاوکات ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانە، وتیشی: نازانین ئەم لیژنەیەی کە بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمان پێکهێنراوە، کێنو لیژنەکەیان ڕانەگەیاندووەو لە کاروبارەکانیان ئاگاداریان نەکردوویەنەتەوە، هیچ ئەنجامێکیشیان ڕانەگەیاندووە.

لای خۆشیەوە، فایەق تۆفیق، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، وتی: ئاگاداری لیژنەیەک نیم بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی سەردەشت پێکهێنرابێت، نازانم وەزیری ناوخۆش تا چەند ئاگادارە.

بە بڕوای پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، شەفافییەت نییە لە لێکۆڵینەوەکانو ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانداو پێویستە ئەو لیژنانەی کە پێکدەهێنرێن لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە پێکبهێنرێن.

ئەوەشی خستەڕوو: پەرلەمانی کوردستانمان ئاگاداركردووەتەوە کە زانیاریمان پێنادرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕاپۆرتمان پێشکەشکردووە، بەڵام تا ئێستا وەڵاممان نەدراوەتەوە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە.

«داواکردنی (١) ملیار دۆلار لە «ڕۆژنامە»، لە نوکتە دەچێت» 4

# دۆسیەی نەوت داناخەین‌و چەندین دۆسیەی گەندەڵیی تر هەڵدەدەینەوە

پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەقاچاخبردنی بەرهەمە نەوتییەکان لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات، دووجار وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لـێـدوانـی لـە دژی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە (٥٩١)ی ڕۆژی (٢٠١٠/٧/٢٠) دا، هەروەها سکرتێری م.س پارتی داوای یاسایی لە دژی نووسەری بابەتەکەو سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە تۆمارکردووە.

داواکەی سکرتێری م.س پارتی پێش ئەوەی کە دادوەر گوێ لەلایەنی بەرامبەر بگرێت، کە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەیە، داوا لە دادگا دەکات کە بڕیار بدەن بە هەڵوەشاندنەوەو لابردنی مۆڵەتی کارکردنی ڕۆژنامەکە، هەروەها ڕێگا پیشانی دادوەریش دەداکە ڕەفتارو بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامە پێچەوانەی یاساو سیستمی گشتییەو جگە لەوەش داوا لە دادوەر دەکات وەک سەرەتا کە ئاگادار بکرێینەوە بۆ وەستاندنی کاری ڕۆژنامەکەمان لە بڵاوکردنەوە، کە ئەمانەش هەمووی دەچێتە خانەی دەستوەردانی حیزبێکی گەورە لە ئیشوکارەکانی قەزاو هێما بەخشینی ڕاستەوخۆیە بە دادوەر بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم مەسەلەیە، کە یاسای ڕۆژنامەنووسی‌و خودی دادوەرە بەڕێزەکان باشتر لە کەسانێکی حیزبیی‌و دەسەڵاتدار لە دەرەوەی قەزا ئیشوکارەکانی خۆیان دەزانن‌و ڕێنمایی‌و ڕێپیشاندانی دادوەر لەلایەن م.س پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بە تەدەخولی ڕاستەوخۆ دەزانین لە دەسەڵاتی قەزایی لە هەرێمی کوردستان.

### دیسانەوە دۆسیەی گەندەڵیی‌و فەزیحەی نەوت

بەداخەوە هەردوو پارتی دەسەڵاتدارو بەرپرسانی حکومەت لەجیاتی بەدواداچوونی ئەو دۆسیەیەو دروستکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوەی غەیرە حیزبیی‌و بێلایەن بۆ دەرخستنی ڕاستیی ئەم هەواڵە ڕۆژنامەوانیانە، ڕێگای پەردەپۆشکردن‌و نکۆڵیکردن‌و چاوسوورکردنەوەیان هەڵبژارد، هەروەک لە لێدوانەکانی وتەبێژی پارتی دەردەکەوێت، کە دەیەوێت مەسەلەکە لە هەواڵی ڕۆژنامەوانی‌و کەشفکردنی گەندەڵییەوە بکات بە مەسەلەیەکی سیاسیی، (کە مەرامی سیاسیی لەپشتەو تەنیا دژی پارتی دیموکراتی کوردستانە)، لەگەڵ ئەوەی کە میدیا نەماوە لە هەرێمی کوردستان باس لەو مەسەلەیە نەکات‌و مانشێتی سەرەکیی بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان نەکردبێت، کەچی وتەبێژی پارتی بۆ خۆدزینەوە لە ئەسڵی مەسەلەکە کە گەندەڵیی‌و ناشەفافییە، دەیکاتە مەسەلەی نێوان دوولایەنی سیاسیی.

ئێمە وەک دەستەی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ئەو ڕاستییە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌و بۆ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئاشکرا دەکەین، کە هەتا ئەمڕۆ سەرۆکی بزووتنەوەکە جگە لە هەوڵدانی بۆ هێورکردنەوەو وەڵامنەدانەوەو تەدەخول نەکردن لە کاروباری ناوخۆیی حیزبەکان‌و تەنانەت هەندێکجار تکای کردووە کە تەنانەت خۆمان دووربخەینەوە لە نەسیحەتکردنی لایەنەکانی دیکە، داوای هێرشکردنە سەر هیچ لایەنێکی سیاسیی نەکردووە.

لەگەڵ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان باش لەم ڕاستییەی سەرەوە گەیشتووە، بەڵام دەیەوێت وا لە خەڵک‌و ئەندامانی پارتی بگەیەنێت، کە مەسەلەکە گەندەڵیی‌و لادان نییە لە یاسا، بەڵکو مەسەلەکە سیاسییەو پیلانە بۆ لێدان‌و لاوازکردنی پارتی، ئەم حاڵەتەش زۆر بە ڕوونی لە هەڵمەتی جنێودان‌و تەشهیرکردن بە شەخسی یەکەمی بزووتنەوەکە پاش شەهیدکردنی ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) دەرکەوت‌و لە مەسەلەی بەقاچاخبردنی نەوت دووبارە بووەوەو لە هەموو مەسەلەیەکی لەمجۆرە پارتی ئەم ڕێبازە دەگرێتەبەر، ڕێبازی لادان‌و خۆدزینەوە لە کێشە سەرەکییەکان‌و گۆڕینی ئاراستەیان بە کێشەی سیاسیی‌و کێشەی شەخسی.

ئەوان پێیانوایە کە بزووتنەوەی گۆڕان وەک حیزبە دەسەڵاتدارەکان ڕاگەیاندنەکەی بە ڕیموت کۆنترۆڵ ئیش دەکات‌و بەشێوەیەکی مەرکەزیی توند ئاراستە دەکرێت.

ڕۆژنامەی ڕۆژنامە هەفتەی جارێک دەردەچێت‌و دەکرا ڕۆژنامەیەکی پارتـی وەڵامی بدایەتەوە، بەڵام دووجار وتەبێژی پارتی ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی‌و پاشان سکرتێری م.س پارتی سکاڵا لە دژی ڕۆژنامە تۆمار بکات، ئەوە ئەو ڕاستییەی سەرەوە بۆ هەموو هاوڵاتییان دەسەلمێنێت کە پارتی هەموو ڕەخنەگرتنێک بە کێشەی سیاسیی سەیردەکات‌و ئامادەش نییە دان بە هەڵەکان‌و گەندەڵییە کارگێڕیی‌و داراییەکانی هەرێمدا بنێت‌و لایەنەکانی بەرامبەریش بە دوژمن‌و ناحەز دەشوبهێنێت.

پارتی دەیان ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی بیستراو و بینراوی ناوخۆیی‌و ئاسمانیی هەیەو دەیانی دیکەش لە سێبەری ئـەودا مـۆڵـدراون بۆ کاتی تەنگانە، ئەگەر ئەمانە هەموویان نەتوانن ڕاستیی‌و دروستیی‌و کەموکورتییەکان بشارنەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە وتەبێژی پارتیش ناتوانێت ئەو کارە ئەنجامبدات.

لەکۆتاییدا دەستخۆشی لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دەکەین، کە هانای بۆ یاساو دادگا بردووەو ئەوە مافێکی سروشتی‌و یاسایی هەر کەس‌و لایەنێکە، کە هانا بۆ دادگا ببات‌و هیواداریـن کە بەردەوام بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان پەنا بۆ دادگاو یاسا بەرن.

ڕۆژنامە

## «گەورەترین داوای قەرەبووە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی هەرێم‌و عێراقدا»

# سەنتەری میترۆ: داواکەی پارتی کاریگەریی سلبیی لەسەر ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی دەبێت

ڕۆژنامە

سـەنـتـەری مـیـتـرۆ بـۆ داکـۆکـیـی لە ڕۆژنامەنووسان نیگەرانیی بەیاننامەیەکی نـاڕەزایـی بـڵاوکـردەوە، دژی ئـەو داوایـەی (سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان) تۆماری کردووە لەسەر ڕۆژنامەی ڕۆژنامە.

لە بەیاننامەکەی سەنتەری میترۆدا هاتووە: «نیگەرانین لە داوایەکی یاسایی کە لەلایەن سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دژی ڕۆژنـامـەی ڕۆژنامە تۆمارکراوەو داوای (یەک ملیار) دۆلار قەرەبوو دەکـات، کە گەورەترین داوای قەرەبووە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی هەرێم‌و عێراقدا».

سەنتەری میترۆ لەسەر زاری ئازاد چالاک، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ئەوەی بڵاوکردووەتەوە: «هێشتا ڕوون نییە کە بەپێی چ مادەیەکی یاسایی داوای قەرەبووی (یەک ملیار) دۆلار لەدژی ڕۆژنامەکە تۆمارکراوە. بڕیارە دانیشتنی دادگـا ڕۆژی (٨)ی ئاب لە هەولێر ئەنجامبدرێت».

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی، داوایەکی تری دژی خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو سەرنووسەرو نووسەری بابەتەکە، سیروان ڕەشید، تۆمارکردووەو داوای قەدەغەکردنی سەفەریان لێدەکات، داوای دووەم بەپێی مادەی (١٤٢) لە یاسای دادبینی شارستانی ساڵی (١٩٦٩) تۆمارکراوە.

سـەنـتـەری میترۆ بـۆ داکـۆکـیـکـردن لە ڕۆژنامەنووسان ڕایدەگەیەنێت: «لە مێژووی هەرێمی کوردستان‌و عێراقدا ئەمە (یەک ملیار دۆلار) گەورەترین بڕی قەرەبووە، کە لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی بابەتێک داوای کردبێت. ئێمە زۆر نیگەرانین لەم داوایەو پێمانوایە: کە ئەمە کاریگەریی سلبیی لەسەر ڕۆژنامەنووسان‌و ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی دەبێت، بۆیە داواکارین ئەو داوایە بکشێنرێتەوە».

# ئاسایشی هەولێر، یاسای ڕۆژنامەگەریی پێشێل دەکات

ئاوارە حەمید– هەولێر

ئاسایشی هەولێر، هەڵدەکوتێتە سەر گۆڤاری هـاودەم‌و بارەگاکەی دەپشکنێت‌و سـەرنـووسـەری گـۆڤـارەکـەش ئـەوە بە پێشێلکردنی یاسای ڕۆژنامەگەریی دەزانێت.

ڕێکان سەباح، سەرنووسەری گۆڤاری هـاودەم، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئاسایشی گەڕەکی ئیسکان، هەڵیانکوتایە سەر بارەگای گۆڤارەکەمان‌و دەستیانکرد بە پشکنینی بارەگاکە بەبیانووی بڕیاری سەرووی خۆیان، لە کاتێکدا بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەریی، نابێت پشکنین بۆ بارەگای ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بکرێت بەبێ بڕیاری دادوەر.

پێشیوابوو: ئەوە بڕیاری حیزبەو ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە دواژمارەی گـۆڤـارەکـەدا، چەند ڕاپۆرتێکیان لەسەر بەقاچاخبردنی نـەوت‌و شەهیدانی قەڵەم (سۆرانی مامە حەمەو سەردەشت عوسمان) بڵاوکردووەتەوەو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە چەندین دۆسیەی ڕۆژنامەنووسانمان لە دادگاکان بە هەڵپەسێردراویی ماونەتەوە، داوای ڕوونکردنەوە لە ئاسایش ناکەین، لـەبـەرئـەوەی ئـەوان بـە بـڕیـاری حیزب هەڵیانکوتاوەتە سەر ئێمە، ئەمەش پێشێلکردنی یـاسـای ڕۆژنـامـەگـەرییـە کـە پەرلەمان پەسەندیکردووەو سەرۆکی هەرێم واژۆی لەسەر کردووە.

گۆڤاری هـاودەم، مانگانە بە هـەردوو زاراوەی سۆرانی‌و کرمانجی لە شاری هەولێر دەردەچێت‌و ژمارەی متمانەی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان وەرگرتووەو تا ئێستا (١٣) ژمارەی لێدەرچووە.

## نەبوونی خزمەتگوزاریی گەڕەکی شۆڕیجەی ناچارکرد بڵێن:

# (نا بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان)

سبەی

بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە، دانیشتووانی گەڕەکی شۆڕیجە خۆپیشاندانێکیان سازکردو بەناچاریی هوتافیان دەکێشا «نا بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان».

ئێوارەی ڕۆژی (٢٠١٠/٨/١) دانیشتووانی گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک بۆ دووەمجار خۆپیشاندانێکی بەرفراوانیان ئەنجامداو داوایان لەبەرپرسانی شارەکە کرد، کێشەو داواکانیان جێبەجێ بکرێت‌و خزمەتگوزاریی سەرەتاییان بۆ دابین بکرێت.

لەخۆپیشاندانەکەدا سەدان کەس لەدانیشتووانی ئەو گەڕەکە ڕژانە سەرشەقامەکان‌و بەناچاریی‌و لەبەرامبەر پشتگوێخستنیان لەلایەن بەرپرسانی شـارەکـەوە، بە هوتافکێشان دەیـانـوت: (نـا بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کەرکوک شارێکی عەرەبی‌و تورکمانییەو پەیوەندیی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە).

خۆپیشاندەران ڕەخنەیان لەسەردانەکەی چەند ڕۆژی ڕابردووی سەرۆکی حکومەتی هەرێم گرت بۆ شارەکە، کە گوێی لە داواکارییەکانی دانیشتووانی شارەکە نەگرتووەو ئاوڕی لێیان نەداوەتەوە.

هەر لە خۆپیشاندانەکەدا هێزەکانی پۆلیس ژمارەیەکیان لەخۆپیشاندەران دەستگیرکرد، بەڵام هاوڵاتییان تا ئازادکردنی ئەو کەسانە بەردەوام بوون‌و خۆپیشاندانەکە تا سەعات (١٠)ی شەوی خایاند.

لەکۆتاییشدا خۆپیشاندەران داوایـان کرد بەزووترین کات کێشەکانیان چارەسەربکرێت‌و هەڕەشەی ئەوەشیانکرد، ئەگەر لە داهاتوویەکی نزیکدا وەڵامیان نەدرێتەوە، ئەوا خۆپیشاندانی بەرفراوانتر دەکەن‌و ناچاردەبن خێمە هەڵبدەن و شەقامەکانی ناوچەکە بگرن.

دانیشتووانی گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکوک پێشترو لە نامەیەکیاندا بەناوی (٢٧٠) ماڵی ئەو گەڕەکەوە، ڕایانگەیانـدبـوو: لـەسـاڵـی (٢٠٠٨)ەوە بڕیاری قیرتاوکردنی کۆڵانەکانیان‌و چەند پرۆژەیەکی دیکەیان بۆ دەرچووە، بەڵام لایەنی حیزبیی پارەکەیان خواردووە، هاوکات تائێستاش بەرپرسانی ئەو شارە بەدەم داوای دانیشتووانی ئەو گەڕەکەوە نەچوون‌و کێشەکانیان بە چارەسەرنەکراویی‌و هەڵپەسێردراویی ماوەتەوە.



## پاشماوەی... داوای دادگاییکردنی قاچاخچییەکانی نەوت دەکرێت

...هەروەک بڕی پارەی بەقاچاخبردنی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ سەر بودجەی حکومەت بگەڕێتەوەو ئەو کاربەدەستانەی دەستیان لە تاڵانکردنی نەوتدا هەبووە، ناچاری دەستلەکارکێشانەوەو فەسلکردن بکرێن».

ئاماژە بەوەشکراوە: بەڵگەو لێدوانە دژیەکەکانی کاربەدەستانی حکومەت، گەواهیدەری تێوەگلان‌و بەشداربوونی ئەو کاربەدەستانەن لەو بازرگانییە ڕەشەی بە خوێن‌و سامانی خەڵکی کوردستانەوە دەیکەن.

ئاکۆ خەلیلزاد ئەوەشی ڕاگەیاند: «دۆسـت‌و لایـەنـگـرانـیـان لـە شـارو شارۆچکەکان خۆیان سـازکـردووەو سەرقاڵی خۆڕێکخستنن بۆ سازدانی خۆپیشاندانێک بۆ بـەردەم دادگـای سلێمانی‌و ڕۆڵی داوکاری گشتیی بخەنە ژێر پرسیارەوە».

تۆڕی بەرگریی لە ماف‌و ئازادییەکانی خەڵک لەساڵی (٢٠٠٧) لە سلێمانی دروستبووەو جگە لە ڕێکخستنی چەندین خۆپیشاندان‌و چالاکیی مەدەنی، بەشداریی زۆربەی چالاکی‌و خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی سلێمانییان کردووە.

## پاشماوەی... پارتی داوای داخستنی ڕۆژنامەو ...

ڕۆژنامەی ڕۆژنامە لە ژمـارە (٥٩١)ی ڕۆژی (٢٠١٠/٧/٢٠)دا ڕاپۆرتێکی لەسەر داهاتی بـردنـەدەرەوەی نەوتی قاچاخ لە کوردستان بڵاوکردەوە، کە بەپێی زانیارییەکانی نێو ڕاپۆرتەکە یەکێتی‌و پارتی مانگانە زیاتر لە (٢٥٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە ئاودیوکردنی نەوتی قاچاخ بۆ خۆیان دەبەن، دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەش دووجـار وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی ڕۆژنامەی دایەوەو زانیارییەکانی ڕەتکردەوەو پاشان ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٢٥ پارتی داوای لە دژی ڕۆژنامەکە تۆمارکردو بڕیارە ڕۆژی (٨)ی ئەم مانگە لە دادگای بەرایی هەولێر، وتە لە داوالێکراوان وەربگیرێت.

## پاشماوەی...پەرلەمان پەلەیەتی لە پێکهێنانی دەستەی...

پەرلەمانتارەکەی گـۆڕان ئـەوەی خـسـتـەڕوو: کـە لـە کـۆبـوونـەوەکـەدا تێبینییەکانیان بەهەند وەرنەگیراوە، ئاماژەش بە پێویستی ڕەوانەکردنی کۆپییەکی یاساکە بۆ حکومەت دەکـات بۆ ئاگاداربوونیان لەگەڵ وەرگرتنی ڕای کۆمسیۆنی باڵای ناوەند، جگە لـەوەی پێیوایە، مەبەست هەیە بۆ زووکـارکـردن لـەو پرۆژەیەو مەبەستی تێپەڕاندنی‌و مەترسیی ئەوەش نیشاندەدات لە حاڵەتی پەسەندکردنی ئەو پرۆژەیاسایە «تەبایی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان تێکدەدات»، چونکە بە وتەی ئەو «پەیوەندیی بە بابەتێکی هەستیارەوە هەیە، کە هـەڵـبـژاردن‌و پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانییەتی، «بۆیە ئەگەر هێزێکی سیاسیی بۆ نموونە ئەنجامەکان ڕەتبکاتەوە، چ کارەساتێک دەخولقێت؟ چونکە ڕەنگە بە ئاقارێکی هەڵەماندا ببات‌و پێشموایە، ئەو سوودانەی لەم یاسایەدا هەیە، زۆر کەمترە لەو زیانانەی بەهۆیەوە دەشکێتەوە، بۆیە ڕەنگە ئەوە وابکات هەندێک هێزی سیاسیی بڕیاری موقاتەعەی هەڵبژاردنەکان بدات».

# «گەرمیان لە وێرانترینو پەراوێزخراوترین ناوچەکانی کوردستانە»

## حکومەت بڕیاری ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیانی جێبەجێنەکردووە

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵلا



ناحیەی شۆڕش

فۆتۆ: رۆژنامە

هەرچەندە دوو ساڵ لەمەوبەر حکومەتی هەرێم بڕیاریدا وەک ئیدارەیەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ گەرمیاندا بکرێت، بەڵام تائێستا بڕیارەکە جێبەجێ نەکراوەو کێشەی بۆ ئیدارەی ناوچەکە دروستکردووە.

لە ٢٠٠٨/٤/١٦ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا، گەرمیان وەک (ئیدارەیەکی سەربەخۆ) مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەوپێیە ئیدارەی گەرمیان (دەسەڵاتی یاسایيو ئیداریی دەبێت، بودجەی تایبەتی بۆ دادەنرێت، سەرپەرشتیاری ئیدارە مامەڵەی پارێزگاری لەگەڵدا دەکرێت).

عەدنان قوربانی، چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە رۆژنامەی راگەیاند: تائێستا بە تەواوەتی گەرمیان وەکو پارێزگا مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوەو ئیدارەکە کارانەکراوە، هەروەک بەشێکی کەمی بڕیارەکان جێبەجێکراونو گەرمیان پەراوێزخراوەو حکومەتی هەرێم گرنگیی بە ناوچەکە نادات‌و نایەوێت خزمەتی زیاتری بکات، بە بەردەوامیش هەوڵێک هەیە بۆ زیاتر پەراوێزخستنی گەرمیان، زۆرجاریش دەردەکەوێت لەسەر حسابی گەرمیان ناوچەی تر خزمەت دەکرێن.

قوربانی، بە پێویستیشی دەزانێت «خەڵکی گەرمیان لەوە زیاتر بێدەنگ نەبێت بەرامبەر بە پەراوێزخستنی ناوچەکەیانو دەبێت هەڵوێست وەربگرن».

جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکەی حکومەتی هەرێم کێشەی زۆری بۆ ئیدارەی ناوچەکە دروستکردووە، بەشێوەیەک کە رۆتیناتێکی زۆری دروستکردووەو کاروباری هاوڵاتییان بە سستی بەڕێدەکرێت.

سەعید محەمەد، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان هەرچەند پێیوایە: هەمان ئەو دەسەڵاتانەی کە بۆ پارێزگاکانی تر دابەزیوە بە گەرمیانیش هەمان دەسەڵات دراوە، بەڵام وەکو ئاماژەی بۆ دەکات «تائێستا زۆربەی بەڕێوەبەرێتییەکانی گەرمیان سەر بە سلێمانینو نەخراونەتە سەر وەزارەتەکان، ئەوەش گرفتی بۆ هاوڵاتییان دروستکردووە، هۆکارەکەیشی بۆ یاسای وەزارەتەکانو عەقڵیەتی خودی وەزارەتەکان دەگەڕێتەوە».

هەروەک ئەوەش دەخاتەڕوو، جگە لە بودجەی وەزارەتەکانو بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان، کە لە پارێزگای سلێمانيو بەپێی رێژەی دانیشتووان سەرف دەکرێت، وەکو ئیدارەی گەرمیان تائێستا هیچ بودجەیەکمان نییە».

سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان راشیگەیاند: بەردەوام لە هەوڵدان بۆئەوەی بەڕێوەبەرێتییەکانی گەرمیان راستەوخۆ بە وەزارەتەکانەوە ببەسترێنەوەو ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، تا کارئاسانیی زیاتر بۆ هاوڵاتییان بکرێت: «بەنیازین لە هەفتەکانی داهاتوودا سەردانی وەزارەتەکان بکەینو جارێکی تر ئەو مەسەلانە بهێنینەوە بەر باس، بۆئەوی ئیدارەی گەرمیان ببێتە خاوەنی کیانی خۆیو دامودەزگاکانی ناوچەکە کارەکانیان باشتر رایی بکەن».

ئیدارەی گەرمیان، کە لە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ) و (١٩) ناحیەو زیاتر لە (١٠٠٠) هەزار گوند پێکهاتووە، دانیشتووانەکەی بە زیاتر لە (٥٠٠) هەزار کەس دەخەملێنرێت، جگە لەوەی لە سەردەمی رژێمی بەعسدا زۆرترین قوربانیی گیانيو ماڵیی داوە، لە ئێستاشدا پێگەیەکی ستراتیژيو ئابووریی بەهێزی هەیە، بەڵام لە ماوەی (٢٠) ساڵی رابردووی حکومداریی کورددا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوەو تائێستا دانیشتووانەکەی لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان بێبەشنو خزمەت نەکراون.

بێستون ژاڵەیی، کە رۆژنامەنووسێکی دانیشتووی کەلارە، باس لەوە دەکات، گەرمیان تایبەتمەندیی خۆی هەیەو رووبەرێکی زۆر فراوانی هەیەو ناوچەیەکی گرنگەو پێگەیەکی ستراتیژیی بەهێزی هەیە، لە ساڵانی رابردوودا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنيو رۆژنامەنووسانو رۆژشنبیرانی گەرمیان کۆمەڵێک رێگەی مەدەنی جۆراوجۆریان گرتەبەر، بۆئەوەی گەرمیان سەربەخۆ بکرێت، بۆیە لە کابینەی پێنجەمدا بڕیاردرا گەرمیان وەکو پارێزگا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام دوای دوو ساڵ، تائێستا حکومەت وەکو پارێزگا مامەڵەی لەگەڵ ناوچەکەدا نەکردووەو بڕیارەکە بۆ ساتێکیش نەخراوەتەوە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە تائێستا یاسایەک نییە دەسەڵاتەکانی ئیدارەکە رێکبخات‌و هەروەها بودجەی تایبەت بەخۆی نییە، لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانیشدا لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک دەسەڵاتی شکڵیی دراوە بە سەرپەرشتیاری گەرمیان، بەڵام ئەو بڕیارەش جێبەجێ نەکراوە.

وتیشی: «ئەم حکومەتە حکومەتی سلێمانيو هەولێرو دهۆکەو زۆربەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەو شارە گەورانە جێبەجێ دەکرێن، لەڕووی خزمەتگوزارییەوە گەرمیان لە وێرانترینو پەراوێزخراوترین ناوچەکانی کوردستانەو خزمەتگوزارییەکان لە ئاستێکی زۆر خراپدان».

هەروەک نەریمان عەبدوڵلا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانو یەکێک لە نوێنەرانی گەرمیان پێیوایە، حکومەتی هەرێم کەمتەرخەم بووەو تا ئێستا بڕیارەکەی جێبەجێ نەکردووە، هەروەها بەرپرسانی ئیداریی گەرمیان نەیانتوانیوە بەپێی پێویست بەدەم کێشەکانەوە بچنو ئەو دەسەڵاتانەی پێیاندراوە، بەکاربهێنن. وتیشی: «گەرمیان زۆرترین نەهامەتيو ماڵوێرانیی بینیوە، بەڵام کەمترین خزمەتگوزاریی بۆ کراوە، ئەمە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتییەوەو جیاوازیکردنە، بۆ نموونە کفری وێرانترین شاری کوردستانە، بەڵام کەمترین خزمەتکراوەو وەکو ئەوە وایە شارێکی هەرێمی کوردستان نەبێت».


دانیشتووانی گەرمیان هەمیشە رەخنەیان لە دەسەڵاتدارانی هەرێم بەتایبەتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم گرتووە، کە بۆ جارێکیش سەردانی گەرمیانی نەکردووەو وەکو ناوچەیەکی دابڕاو لە کوردستان تەماشای کردووە.

هەروەک عەدنان قوربانی، دەڵێت: «نەهاتنی سەرۆکی هەرێم بۆ ناوچەی گەرمیانو پەراوێزخستنی ناوچەکە، بەڵگەیە لەسەر گرنگی نەدان بە گەرمیانو سەرۆکایەتی هەرێم بەرنامەی نییە بۆ خزمەتکردنی ناوچەکەو وەکو ناوچەیەکی دابڕاو لە کوردستان سەیری دەکەن، لەکاتێکدا دەبوایە سەرۆکی هەرێم جیاوازیی لەنێوان ناوچەکاندا نەکردایەو چۆن سەردانی ناوچەکانی تر دەکات، بەو شێوەیەش سەردانی گەرمیانی بکرادیەو لە نزیکەوە لە کێشەو کەموکوڕییەکانی خەڵکەکەی بکۆڵیایەتەوە.

# کێشەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

# شەڕی پەیڕەوکردنی سیستمی مەرکەزیيو لامەرکەزییە

راپۆرتی: سەنگەر جەمال



بەشێکی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاو چاودێران جەخت لەوە دەکەنەوە، کێشەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هێندەی پەیڕەونەکردنی سیستمی لامەرکەزیيو پێشێلکردنی یاسایە، هێندە کێشەیەکی سیاسیی نییە.

### «دەسەڵات لامەرکەزیی پەیڕەوناکات»

دوای دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگاری پێشووی سلێمانيو دانانی پارێزگاری نوێ لەلایەن حیزبەوە، بێئەوەی لە ئەنجومەنی پارێزگاوە هەڵبژێردرێت، کێشەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تەقاندەوەو چوارچێوەی کێشەیەکی سیاسیی وەرگرت‌و ئەنجومەنیش رەخنە لەوە دەگرن، کە بێ ئاگاداریی ئەوان دوو جێگر بۆ پارێزگار دانراوەو پارێزگاریش بێ ئاگاداریيو هەماهەنگی ئەوان بڕیار دەردەکات‌و کاردەکان.

محەمەد ئیبراهیم حاجی، سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پێیوایە: کێشەکە دوولایەنەیەو لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە، وتی: «پەیڕەوکردنی لامەرکەزیيو پەیڕەونەکردنیشی بەدەر نییە لە سیاسەت، ئەوە سیستمێکی بەڕێوەبردنەو وابەستەیە بە سیستمێکی سیاسییەوە».

دوای رووخانی رژێمی سەدام، سیستمی لامەرکەزیی لە عێراق پەیڕەوکراو لە رێی یاسای بریمەرەوە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق ساڵی (٢٠٠٥) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامدرا، یاسای بریمەر تەواوی بنەماکانی لامەرکەزیی تێدا پەیڕەوکراوە، لەبەرئەوە بە دەستبەکاربوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان، سیستمی لامەرکەزیی جێبەجێکراو دوای هەڵبژاردنی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش لەساڵی (٢٠٠٩) درێژە بە هەمان سیستم درایەوە لە عێراقدا.

بە وتەی محەمەد حاجی، سەرکردایەتی کورد رەزامەند بووەو بڕیاری لەسەر داوە، کە لە هەرێمی کوردستان وەک پارێزگاکانی دیکەی عێراق کار بە یاسای بریمەر بکرێت، بەڵام دواتر خودی یاساکە پێشێلکرا، لەئێستاشدا ئەو دۆخەی بەسەر ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هاتووە، بە پێشێلکردنی سیستمی لامەرکەزیيو یاساکە دەزانێت‌و دەڵێت: «پێشێلکردنی یاساکەش، واتە پەیڕەونەکردنی سیستمی لامەرکەزیی».

هەروەک کاوە عەبدوڵلا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، وتی: «دەسەڵاتی کوردی دژی ئەوەیە پارێزگاکان سەربەخۆیی خۆیان هەبێت‌و توانای بڕیاردانیان هەبێت، ئەوان پێیانوایە دەبێت دەسەڵاتەکان لە ناوەند کۆبکرێتەوە، لەبەرئەوەشە (٦) ساڵە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نەکراوە».

بەڵام د.شیرکۆ عەبدوڵلا، سەرۆکی لیستی (١٠٩) بۆ رۆژنامە، دەڵێت: «ئەوەی باسدەکرێت کێشەیەکی جدیی نییە، بەڵام پارێزگاری سلێمانی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەو بە بڕیاری بریمەر نەهاتووەتە سەر ئەو پۆستەو مەرجەعی ئەو حکومەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام بۆ هەماهەنگیی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا بۆ دانانی پرۆژەو چاودێریی پرۆژەکانو فەرمانگەکانی سنوورەکە، ئامادەیە هاوکاریی بکات‌و هەنگاوی ناوە».

ئەو پێشیوایە: ئەگەر بە موتلەقیی ئەو بڕیارەی بریمەر جێبەجێبکرێت، هیچ مانایەک بۆ دەسەڵاتی هەرێمو مەسەلە نەتەوایەتییەکان ناهێڵێتەوە، بەڵام مەرکەزییەتیش بە رەهایی هەر خراپە، «بۆیە پێویستە لەو نێوانەدا شتێک بدۆزرێتەوە کە هەم تایبەتمەندێتی کورد لە عێراقدا لەبەرچاو بگیرێت، هەم لامەرکەزییەتی ئیدارەکانیش لەبەرچاو بگیرێت».

نەریمان عەبدوڵلا، پەرلەمانتاری گۆڕان ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمانی کوردستان، کە سەردانی پارێزگاو ئەنجومەنیان کردووە بۆ بەدواداچوونی کێشەکە، دەڵێت: «کێشەیەکە پەیوەندیی بە سیستمەوە هەیە، حیزبی دەسەڵات خۆی بەوە دەزانێت کە خۆی ئیدارەی ئەو شارەی داوەو دەبێت بەوشێوەیە بێت، لەدوای دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنیشەوە دەسەڵات کار بۆ ئەوە دەکات کە مەرکەزییەت بگەڕێنێتەوە، وەک پەشیمانبوونەوەیەک لە بڕیارەکانی رابردوو، گەڕانەوەی دەسەڵاتەکان بۆ خۆیان».

لەو بڕوایەشدایە کە دەسەڵات کار بۆ ئەوە دەکات دەسەڵاتەکان بۆ مەرکەز بگەڕێنرێتەوەو دەڵێت: «دواکەوتنی ئەنجومەنی هەڵبژاردنەکانیش خۆی لەو سۆنگەیەدا دەبینێتەوە، بۆیە نایانەوێت ئەو پرۆسەیە ئەنجامبدەن بۆئەوەی ئەو لامەرکەزییەی لەو یاسایەدا هاتووە، پەیڕەونەکرێت، چونکە پێیانوایە دەسەڵاتی خۆیان لە مەترسیدایە.

دوای ئەوەی لەنێوان ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگاری نوێدا کێشەکان بە ئەنجام نەگەیشت، ئەنجومەنی پارێزگا یاداشتێکی ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم کرد، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێک نەدراونەتەوەو کێشەکەش چارەسەر نەکراوە.

محەمەد حاجی لەوبارەیەوە وتی: «وەک ئەنجومەنی پارێزگا بڕیاری خۆمان داوەو جێبەجێکردنیشی پەیوەندیی بە ئەنجومەنی وەزیرانو ئەو لایەنانەوە هەیە کە یاداشتمان ئاراستە کردوون، بەڵام تائێستا لە هیچکام لە سێ دەسەڵاتەکەوە وەڵاممان نەدراوەتەوەو بڕیارەکە وەک خۆی ماوەو جێبەجێنەکراوە، بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوی دیکە هەیە کە ئەنجومەن بینێت، بەڵام تائێستا ئەو هەنگاوانەمان نەناوە».

حیزب دەست دەخاتە بینەقاقای حکومەت 6

## سکاڵاکەی پارتی لە دژی «ڕۆژنامە»، سیاسییە، زیاتر لەوەی دادوەریی، یان یاسایی بێت

# مامۆستایەکی زانکۆ: داواکردنی (١)ملیار دۆلار لە «ڕۆژنامە»، لە نوکتە دەچێت

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

ڕۆژنامەنووسان‌و مامۆستایانی زانکۆ، پێیانوایە کە سکاڵاکەی پارتی لەدژی «ڕۆژنامە»، جۆرێک لە دوژمنایەتییەو مەسەلەیەکی سیاسییە، زیاتر لەوەی کە دادوەریی، یان یاسایی بێت.

دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێک لە ژمارە (٥٩١) لە ڕۆژی (٧/٢٠)دا لەسەر بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێم لەلایەن هــەردوو حیزبی دەســەڵاتــدارەوەو ئاشکراکردنی بڕی ئەو پارەیەی کە ئەو دوو حیزبە مانگانە لەو کارە دەستیان دەکـەوێـت کـە دەیـان ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە، لەلایەن سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە، سکاڵایەکی یاسایی لە دژی ڕۆژنامە تۆمارکراوە کە تێیدا داواکـراوە، هەریەک لە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنـامــەی ڕۆژنـامــە، بانگهێشتی دادگابکرێن‌و (١)ملیار دۆلاریش قەرەبووی مـادیـی‌و مەعنەویی بدەنە حیزبەکەو هاوکات، هەر لەسکاڵاکەیاندا داوایانکردووە کە سەفەرکردن بۆ دەرەوەی هەرێم لەو کەسانە قەدەغەبکرێت‌و ڕۆژنامەکەش دابخرێت.

ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەمە جۆرێکی ترە لە پێشێلکاریی بەرامبەر بە یاسای ڕۆژنـامــەگــەریــی‌و تـونـدکـردنـەوەی فشارەکانی سەر میدیایە، کە پێویستە ڕێگەنەدرێت ئـەو شـێـوازە نایاساییە بەردەوام بێت.

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، پێیوایە: مەسەلەی تۆمارکردنی داوای یاسایی، ئەگەر قاڵبێکی یاسایی هەبێت، ئاساییە، بەتایبەت لەو حاڵەتەدا کە حیزبەکانی کوردستان لەبری توندوتیژیی پەنا بەرنە بەر تۆمارکرددنی داوای یاسایی، «بـەڵام ئـەوەی کە کـراوە، بەداواکردنی بڕی یەک ملیار دۆلارو قەدەغەکردنی سەفەر لە بەشێک لە ستافی ڕۆژنامە، نـەک نایاساییە، بەڵکو لەمەهزەلەی یاسایی دەچێت‌و جۆرێکی ترە لەو ئێتیکە نایاساییانەی کە پارتی لەماوەی ڕابردوودا لەبەرامبەر میدیای ئازادو ئۆپۆزسیۆندا گرتوویەتیەبەر».

هەرچەندە یاسای ژمــارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی (کاری ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان) کە پەرلەمان پەسەندیکردووەو مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم کە هاوکات، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە ئیمزای لەسەرکردووە، بەڵام پارتە دەسەڵاتدارەکان، دان بەو یاسایەدا نانێن‌و سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی، بە یاسای سزادانی عێراقی، سکاڵاکەی لە دادگای بەرایی هەولێر تۆمارکردووە.




بە بڕوای سەرنووسەری لڤین، ئەوەش مەهزەلەیەکی ترە کە سەرۆکی هەرێم خۆی یاساکەی دەرکردووەو هەرخۆشی پێشێلی کردووەو وتی: «ئەوەی ئەم پێکهاتە سیاسییە پیادەی دەکات، سەرچاوەیەکی زەقە بۆ پێشێلکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی، هەرچەندە ئەمە هیچی کەمتر نییە لەو توندوتیژییە جەستەییانەی کەپێشتر بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان کـراون، بۆیە پێموایە، پێویستە بەری پێبگیرێت، بەڵام بەداخەوە کە ڕۆژنامەنووسان لە ئاست ئەو شتانەدا بێدەنگی هەڵدەبژێرن‌و یەکهەڵوێستییان تێدا بەدی ناکرێت، چونکە هەر ڕۆژەی لە کەناڵێک دەقەومێت‌و کەناڵەکانی تر بێدەنگن».

ڕۆژنـامــەنـوسـان داوادەکــەن لە مەسەلەی دادگاییکردنی ڕۆژنـامــەدا، دادگا بێلایەنانە کاری خۆی بکات، بەبێ دەستێوەردانی حیزب‌و دەسەڵات.

ڕۆژنامەنووس، سـۆران عومەر بە گرنگی زانی کە لەم مەسەلەیەدا جەخت لەسەر مەسەلەی بێلایەنیی دادگا بکرێتەوە، وتیشی: «پێویستە دادگا بەڵگەکانی ڕۆژنامە لەسەر بەقاچاخبردنی نــەوت، بەهەند وەربگرێت‌و کاری لەسەر بکات، جا دواتر بڕیار بدات کە ڕاپۆرتەکە ڕاستە، یاخود بۆ ناوزڕاندنی پارتی بووە، کە ئەمە لایەنێکی ئیجابیی دەبێت لەمەسەلەکەدا».

بەڵام، بە بڕوای ئەو، لایەنی سلبیی مـەسـەلـەکـە، پـەنـابـردنـە بـەر یاسای سزادانی عێراقییە بۆ تۆڵەکردنەوە لە ڕۆژنامەنووسێک، وتیشی: «ئەوەی پێم سەیرە ئەوەیە، کە لە دەقی سکاڵاکەی پارتیدا، سکاڵا لەسەر خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسین تۆمارکراوە کە ئەمە جۆرێک لەدوژمنایەتی پیشان دەدات، چونکە بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەریی، سەرنووسەر بەتەنیا بەرپرسیارێتی یاسایی دەکەوێتە سەر لە ڕووی دادگــاوە، بـەڵام دیـارە ئەوان هەموو ستافەکەیان خستووەتە بەردەم سکاڵا، ئەمە مەسەلەیەکی سیاسییە، زیاتر لەوەی کە مەسەلەیەکی دادوەریی، یان یاسایی بێت»، پێشیوابوو: شێوازی سکاڵاکە بۆ ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسان دەست لەو مەلەفە مەترسیدارانە نەدەن کە پەیوەندییان بە ژیان‌و چارەنووسی خەڵک‌و سیستمی بەڕێوەبردنەوە هەیە، چ گەندەڵیی بێت، چ نایەکسانیی بێت، «ئەمە جۆرێکی نوێیە لە بەرەنگاربوونەوەی میدیاو ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ».

لەئێستادا ڕەخـنـە لـە دادگاکانی کوردستان هەیە لەسەر ئـەوەی کە ژمارەیەک لە دادوەرەکان تا ئێستا یاسای نوێی کاری ڕۆژنامەگەریی وەرناگرن‌و تەنیا کار بە یاسای سزادانی عێراقی دەکەن.

شـوان محەمەد، سـەرنـووسـەری هەفتەنامەی ئاوێنە، بۆ ڕۆژنامە وتی: «تا ئێستا لەلایەن دامـەزراوە یاساییەکانی ئێمەوە تێنەگەیشتن هەیە بەرامبەر بـە یـاسـای کـاری ڕۆژنـامـەگـەریـی‌و ژمارەیەک لە دادوەرەکان، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموویان، تا ئێستا بەباشی لەو یاسایە تێنەگەیشتوون‌و ئیستیعابیان نەکردووە، سیستمی یاسایی ئێمە، تا ڕادەیەکی زۆر، ئەو خەڵکانە کاری تێدا دەکەن کە جگە لە یاسا هیچ ڕۆشنبیرییەکی تریان نییە، نە ڕۆشنبیریی دیموکراسی، نە ڕۆشنبیریی بەرامبەر بە میدیاو کرانەوەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆیە ڕوودەدات کە دادوەرێـک، ئیستیعابی یاسایەکی تـازە نـەکـات، یـان لەژێر هەرفشارێکدا بێت، بە یاسایەکی کۆن مامەڵە بکات».

لەلایەکی تـرەوە، بۆچوونێک هەیە لەسەر ئـەوەی کە ئەگەر لە هەرێمی کوردستان، یاسا سەروەر بێت‌و دەسەڵاتی دادوەریی خاوەنی سەربەخۆیی خۆی بێت، دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن‌و حکومەت‌و حیزب تەداخول نەکەن لەکاروبارەکانیدا، ئەوە جێی دڵخۆشییە کە حیزبەکان پەنا بەرن بۆ دادگا.

بە بڕوای هێرش ڕەسوڵ، مامۆستای ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی لە زانکۆی سلێمانی، لەحاڵەتێکدا ئەگەر ئەم سکاڵا تۆمارکردنە وەک بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی‌و ڕووبـەڕی ئازادیی ڕادەربڕین‌و ئازادیی دەستکەوتنی زانیاری بێت، ئەمە جێگەی نیگەرانییە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ، وتی: «ئەگەر زانیارییەکانی ڕۆژنامە ڕاست دەرچوون‌و سکاڵاکە بەتاڵ بووەوە، یان زانیارییەکان نادروست بوون‌و بردنەوەی سکاڵاکە بۆ پارتی بوو، لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە تا ئێستا لەکوردستاندا نەبوونی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی‌و نەبوونی ئەو مافەی لە یاسای ڕۆژنامەگەرییدا چەند زیـانـی بـە ڕەوشـی ڕۆژنامەنووسی گەیاندووە، لەبەرئەوەی لەحاڵەتێکدا ئەگەر زانیارییەکان هەڵەشیان تیابێت، ڕووبــەڕووی شەرعیی‌و دەستووریی دەزگاکانی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، چونکە ئەگەر بەرپرسان، لێدوانی ڕەسمیی وردو ڕۆشنیان داو دەرگای سەرچاوەکانی زانیارییان لەسەر ڕۆژنامەنووسان دانەخست، ڕۆژنامە تووشی هەڵە نابێت، بەڵام ئەگەر هەمووشتەکان لـەژوورە تاریکەکاندا بێت‌و هەموو بڕیارەکان لەودیو دەرگـا داخراوەکانەوە دران، ئەوکاتە ڕۆژنامەنووس پەنا بۆ سەرچاوەی تر دەبات‌و دوور نییە هەڵە بکات».

سەبارەت بە داواکـردنـی ئەو بڕە پارەیە لەلایەن پارتییەوە، هێرش ڕەسوڵ پێیوابوو: ئەوە لە نوکتەیەک دەچێت، «چونکە ئەوە ئەوان نین کە داوای ئەو بڕە پارەیە دەکەن وەک قەرەبوو، بەڵکو ئەوە دادگایە کە بڕی قەرەبووەکە یەکلایی دەکاتەوە، ئەگەر بردنەوەی سکاڵاکە بۆ پارتی بوو».

بەپێی یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی کوردستان، غەرامەکردنی ڕۆژنامەنووس لەیەک ملیۆن دینارەوە دەستپێدەکات تا (٢٠)ملیۆن دیناری عێراقی بەپێی ئەو دۆسیەیەی کە لەسەر ڕۆژنامەنووسە.

ئەنوەر حسێن، سەرۆکی لیژنەی داکـۆکـیـکـردن لـەمـاف‌و ئـازادیـی ڕۆژنـامــەنــووســان، لـە سەندیکای ڕۆژنـامـەنـووسـانـی کـوردسـتـان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەگەڵ گرتنەبەری ڕێـوشـوێـنـی یـاسـایـیـن بـەرامـبـەر ڕۆژنامەنووس، بەڵام ئەو بڕە قەرەبووەی کە پارتی بۆ ڕۆژنامەی داناوە، زۆرەو هاوکات، مامەڵەکردنی ڕۆژنامەنووس بـەدەر لەیاسای کاری ڕۆژنامەگەریی کارێکی نایاساییەو پێشێلکاریی یاساکەیە، هەربۆیە ئێمە پشتگیری (ڕۆژنـامـە) دەکەین‌و ئەگەر دادگا ئاگادارمان بکاتەوە، ئەوا پارێزەرمان لە ڕۆژی دادگاییدا بۆ بەرگریکردن لەئازادیی ڕۆژنامەنووسی ئامادە دەبێت».

ڕۆژنـامـەنـووسـان‌و مامۆستایانی زانـکـۆ، پـێـیـانـوایـە کـە بـارودۆخـی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستاندا بەرەو توندوتیژیی زیاتر دەچێت‌و هەستدەکەن، فـشـارو مەترسییەکان ڕۆژ بـەڕۆژ زیاددەکەن‌و ئەگەر بەریان پێ نەگیرێت، ڕەنگە پێشێلکاریی گەورەتر بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجامبدرێت.

لەوبارەیەوە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، پێیوایە: «ئەو بەرپێگرتنە دەکەوێتە سەر هەوڵ‌و هاوڕایی ڕۆژنامەنووسان خـۆیـان لـەسـەر ئـەو مـەسـەلانـەی کە پێویستیان بە کۆدەنگیی هەیەو پێویستە نەک ئیدانەی بکەن، بەڵکو ئەو کارانەی حیزبە بـاڵا دەستەکان ڕسـوا بکەن، بۆئەوەی کۆتایی بەئیهانەکردن بە یاسا بێت، لەکاتێکدا کە کەناڵێکی ڕاگەیاندن پرسیار دەخاتە سەر ئەو داهاتە زۆرو زەبەلاحەی کە حیزبەکان دەیدزن، ئەمە پرسیارێکی حەرام نییە، بەڵام داوایەکی بەو شێوەیە، جێگەی مەترسییە».

## هەر کارمەندێکی ئاگرکوژێنەوە، (٢) ئاگری بەرکەوتووە

# لە یەک مانگدا، (١٠٤٥) ئاگر لە سلێمانی کەوتووەتەوە

ڕاپۆرتی: زمناکۆ ئیسماعیل

لەماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا، زیاتر لە (٢٤٦٥)حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لەشاری سلێمانیدا ڕوویـانـداوەو تەنیا لە مانگی (تەمموز)دا (١٠٤٥) حاڵەت تۆمارکراوە.

مـولازم حەمە شەریف، لێپرسراوی بەشی هونەریی بەڕێوەبەرێتیی بەرگریی شارستانیی سلێمانی، ڕایگەیاند: «هۆکاری کـەوتـنـەوەی ئـەو ئاگرانە، هەندێکیان ئەنقەستن‌و هەندێکیان لایەنی تەکنیکین‌و لەماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا، (٢٤٦٥) حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە ڕوویـانـداوە، کە تیایاندا (٥٣)کەس بوونەتە قوربانیی‌و (١١٩) کەسیش بریندار بوون، کە لەسەرجەمیاندا، (١٢)کارمەندی ئاگرکوژێنەوە بریندار بوون‌و یەکێکیشیان گیانی لەدەستداوە».

ســەبــارەت بــە هــۆکــاری ئـاگـرکـەوتـنـەوەکـانـیـش بەمشێوەیە ڕوونکردنەوەی بە ڕۆژنامە دا: «(٨٠٤) حاڵەت لە فڕێدانی جگەرە، (٣٢٣)حاڵەت بەدەستی منداڵان، (٣٧٩)حاڵەت بەهۆکاری کارەبا، (١٠٠)حاڵەت بەهۆکاری غاز، (١٠) حاڵەتی بەنزینی ئۆتۆمبێل، (٢٢) بە نەوت، (٢٧٠)حاڵەت بەدەستی ئەنقەست، (١٢٣) حاڵەتیش بەهۆکاری کەمتەرخەمیی، (١٠١) حاڵەتیش نەزانراون، (٥٧)حاڵەت ئاگربڕ، (٣٥)حاڵەتیش ئاگری شوان‌و (٢٤١)حاڵەتی دیکەش لەپاشماوەی ئاگری گەشتیارو ئەو کەسانەی کە سەیران ساز دەکەن لە ناوچە گەشتیارییەکانی سلێمانیدا».

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانیش تەنیا لەماوەی (١-٢٠١٠/٧/٣١)، (١٠٤٥) حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە تۆمارکراوەو بەهۆیانەوە (٤٥) کەس برینداربوون‌و (٣٩) کەسیش مردوون.

بەڕێوەبەرێتیی بەرگریی شارستانیی سلێمانی، لەناو شاردا، (٥)بنکەو (١)بنکەی ناوچەی پیشەسازیی هەیە کە کۆی گشتیی بنکەکانی دەگاتە (٢٨)بنکە لەدەوروبەری سلێمانی‌و کــۆی گشتیی ئەفسەرو کارمەندەکانیشی دەگاتە (١٢٧٢) کەس.

دەربــارەی کەوتنەوەی ئاگری ماڵان بەهۆی غــازەوە، عومەر ساڵح ئەحمەد، لێپرسراوی دابەشکردنی غاز لە سلێمانی، ڕایگەیاند: «هەوڵی گۆڕینی بوتڵی غاز دەدرێت بۆ بوتڵی پلاستیکیی‌و لەئێستاشدا حکومەتی عێراقی فیدراڵ وەک تێست، (٤٠) بوتڵی پلاستیکیی بۆ ناردووین».

وتیشی: «لەشاری سلێمانی، (٣٦)کارگەی غاز هەن، بەڵام دەزگایەکی کوالێتی نییە کە جۆری ئەو غازەی پێ بپشکنرێت، بەڵکو ئەو غازەی کە دێت بۆ سلێمانی، لەشاری (کەرکوک)ەوە دێت‌و ڕاستەوخۆ دەچێتە کارگەکان‌و لەوێوە دەکرێتە خەزانەوە».

ئەوەشی خستەڕوو: تەقینەوە لە بوتڵی غازدا نییە، بەڵکو گڕگرتن هەیەو لەسلێمانی نزیکەی (٧٢٠٠٠)بوتڵی غاز هەیە، ئەوانە سەرجەمیان لە کارگەکاندا چاکسازییان تێدا دەکرێت‌و لەنێویشیاندا بوتڵی ئێرانی، یان قاچاخ، ئێستا نایەنە هەرێمی کوردستان‌و قەدەغە کراون.

ئەو وتانەی ناوبراو، لەکاتێکدان کە سەرچاوەیەکی ئاگادار پێی ڕاگەیاندین: «بـوتـڵـی قـاچـاخ نـایـەت، بەڵکو غـازی قاچاخ دێتە کوردستان‌و لە ناوچە سەر سنوورییەکان، کارگەی قاچاخ هەیەو ئەو بوتڵانە بەشێوەیەکی نایاسایی پڕدەکەنەوە».

دەربـــارەی بوتڵی پلاستیکیش، ئەو سەرچاوەیە ئەوەی خستەڕوو: حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا ئەو بوتڵەی هەڵبژاردووە، بەڵام ئەو بوتڵە ڕەفز کراوەتەوە، چونکە ئەو بوتڵە بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی سەرکەوتوو نەبووە، بەهۆی ئەوەی بەرگەی پیاکێشان‌و پلەی گەرمی‌و ساردی ناگرێت».

# پێویستە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ پرسی نەوتی قاچاخ تەرخانبکرێت

## عەبدوڵڵا مەلا نوری: ئەگەر وەزیر داوا بکات بەڵگەکان دەخەینەڕوو

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

ناردنە دەرەوەی نەوت بەو شێوەیەی تائێستا لە کوردستان پەیڕەو کراوە بە نایاسایی دەزانرێت بەو پێیەی لەسەر بنەمای یاسایی نەوتو غازی هەرێم نییە، پەرلەمانتارێکیش ئاماژە بەپێویستی بانگهێشتکردنی وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکات بۆ پەرلەمان بەمەبەستی ڕوونکردنەوەو وەڵامدانەوەی پەرلەمانتاران.

**«پێویستە وەزیر ڕوونکردنەوە بدات»**

پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن جەخت لەوە دەکەنەوە، کە دوای تەواوبوونی پشووی پەرلەمان بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە بکەنو وەزیری سامانە سروشتییەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکەن.

ناسک تۆفیق، پەرلەمانتاری یەکگرتوو بڕیاردەری لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان، دەڵێت: «پێویستە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان لەسەر ئەو پرسە بێتو ئەو ژمارە حسابییەی وەزیری سەرچاوە سروشتییەکان کراوەتەوە، بزانین چییەو چۆنە».

لای خۆشیەوە عەبدوڵڵا مەلانوری، پەرلەمانتاری گۆڕانو ئەندامی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان، ئاماژە بە کارکردنیان بۆ بانگهێشتکردنی وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکات بۆ پەرلەمانی کوردستانووتی:«پێویستە کۆمەڵێک بەڵگە هەیە بیخاتە ڕوو، ڕوونکردنەوە لەسەر چەند خاڵێک بدات، وەک جێبەجێ نەکردنی یاسای نەوتو غازی هەرێمی کوردستان کە پەرلەمان دەریکردووە، جگە لەوەی خۆی دان بەوەدا دەنێت پاڵاوگەی ناشەرعیی هەیە، بۆیە دەبێت ڕوونی بکاتەوە کە چۆن پێشتر ڕێی داوە پاڵاوگەی ناشەرعیی هەبێتو ئەوانە لەکوێ نەوتی خاویان پەیدا کردووەو بەرهەمەکانیان چۆن ساغکردووەتەوە؟ هەروەها ڕوونی بکاتەوە بۆ لە بەقاچاخبردنی نەوت بێدەنگبوون، کە خۆیان دانیان پێدا ناوە؟».

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژە بۆ پێویستی ئاشکراکردنی داهاتی ساڵانی رابردووی نەوت دەکات لەلایەن وەزیرەوە، بەوەی چەند بەرمیل فرۆشراوەو داهاتەکەی بۆکوێ چووە؟ جگە لەوە مەسەلەی (٥) ملیار دۆلاری شیرینی نەوت ڕوونبکاتەوە کە پێشتر وتیان (١٠٠) ملیۆنیان لە دهۆک بکرێتە پرۆژە، بەڵام ئەوە لە بودجەی هەرێمدا جارێکی تر بودجەی بۆ تەرخانکراوەتەوە، بەو پێیەش بودجەیەکیان زیادەیەو دەبێت بزانین بۆکوێ ڕۆیشتووە، «ئێمە دەمانەوێت داهاتی نەوت بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکرێت»، ئەوەش دەخاتە ڕوو، ئەوان وەک ئۆپۆزسیۆن پشتگیریی سیاسەتێکی نەوتی دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا، کە لە خزمەتی خەڵکی کوردستاندا بێت «ئەگەر نا قبووڵی ئەوە ناکەین لە کوردستاندا کۆمەڵێک خەڵکی دیاریکراو مامەڵە بە نەوتەوە بکەنو ڕێگەش بە خەڵک نەدەن گومانیان لێبکەنو پەرلەمان چاودێرییان بکات».



وتیشی: «بەلای ئێمەوە گرنگ نییە نەوتی ڕەش، یان خاو دەڕوات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە داهاتەکەی چی لێهاتووەو چۆن لە خزمەتی خەڵکدا بەکاردێت، ئەگەر هاتو وەزیری سامانە سروشتییەکانیش داوای بەڵگە بکات، کە نەوتی خاو ڕۆیشتووە، یان ڕەش لێرەوە دەڵێم: بەڵگەی یەکلاییکەرەوە لە بەردەستماندایە، کە نەوتی خاو هەناردەکراوە، ئەوەش بە بەڵگەی نووسراوی حکومیی».

**حکومەت ناردنە دەرەوە راناگرێت**

ئەوەی لەو مەسەلەیەدا نیگەرانییەکانی زیادکرد دانپێدانانی حکومەت بوو بەوەی پێشتر «بازرگانیی نامەشروع» بە نەوتەوە کراوە، ئەوەش لەو بڕیارەدا کە سەرۆکی حکومەت دوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دەریکرد، سەرباری ئەوەش حکومەت بڕیاری وەستاندنی ناردنە دەرەوەی نەوتی نەداوە بە تەنکەر.

لەوبارەیەوە ناسک، دەڵێت: «دەربڕینەکە ڕوونەو دانی پێدا دەنێن بازرگانیی نامەشروع هەیە، پێشتر دەوترا نییە، بەڵام ئێستا دەڵێن هەیەو دەبێت بووەستێنرێت».

هەروەک عەبدوڵڵا، دووپاتی دەکاتەوە، کە بڕیارەکەی حکومەت نەهاتووە بڵێت، بەشێوەیەکی قەتعی ڕێگە نەدەن نەوت بڕوات، بەڵکو دەڵێت: دەبێت لە ئێستا بەدواوە بە ئاگاداریی حکومەتو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڕوات، ئەوەش دوو دیوی هەیە، کە ئەوەیە: ڕێدەدرێت نەوت بڕوات، بەڵام بە مەرجێک ئەو وەزارەتە ئاگای لێبێت «کەواتە حکومەت باسی ڕاگرتنی ناردنە دەرەوەی نەوت ناکات، حکومەت ئەگەر بیەوێت رای بگرێت رایدەگرێت، بەڵام دیارە نیەتی ڕاگرتنی نییە، دیوێکی تری بڕیارەکەش ئەوەیە، لە رابردوودا بەبێ ئاگاداریی حکومەت نەوت براوەتە دەرەوەی هەرێم لە چوارچێوەیەکی ناشەرعیدا».

> **بەلای ئێمەوە گرنگ نییە نەوتی ڕەش، یان خاو دەڕوات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە داهاتەکەی چی لێهاتووە**

**کار بە یاسای نەوتو غاز ناکرێت**

بەپێی یاسای نەوتو غاز، کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە دەبێت ئەنجومەنێک دروست بکرێت بۆ مەسەلەی غازو نەوت، کە لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو جێگری سەرۆکو وەزیری سامانە سروشتییەکانو داراییو پلاندانان، بەشێوەیەک ئاگاداری سەرجەم پرۆسەی نەوت بن لە دەرهێنانو کەشفو گرێبەستەکان، بەڵام وەزیری دارایی ئاگای لە داهاتی ئەو نەوتە نییە کە تائێستا نێردراوەتە دەرەوە، جگە لەوەش وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کار بەو یاسایە ناکات، ئەوەش وایکردووە چاودێرانو پەرلەمانتاران پرۆسەکە بە نایاسایی بزانن.

ناسک تۆفیق، وتی: «ناتوانم بڵێم ئەو نەوتەی دەبرێت قاچاخە، یان خاوە یان ڕەشە، بەڵام ئەوە دەڵێم، کە ئەو پرۆسەی ناردنە دەرەوەیە نە یاساییە، نە شەفافە، چونکە زۆربەی بڕگەو مادەکانی یاسای نەوتو غاز جێبەجێ ناکات، هەروەها لەنێوان لێدوانی بەرپرسانو وەزیرەکاندا لەسەر ئەو دۆسییەیە ناڵێکچوون هەیە، ئەوەش گومان دروستدەکات، کە شتێکی شاراوە لەئارادا هەبێت».

هەروەک عەبدوڵڵا مەلانوری، باس لەوە دەکات کە لەسەر ئەرزی واقیع ڕۆژانە دەیبینین لە هەرسێ مەرزی باشماخو پەروێزخانو حاجی ئۆمەرانەوە بە بەرچاوی خەڵکەوە نەوت دەڕواتە دەرەوە، من پێموایە: ئەو پرۆسەیەش هیچ شەرعیەتێکی نییە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ئەو پرۆسەیە لە چوارچێوەی یاسای نەوتو غازی هەرێمی کوردستان ئەنجام نادرێتو ناشەفافە بەشێوەیەک دیار نییە کە کێ لە پشتییەوەیەتی؟ ئایا حکومەت ئەنجامی دەدات، یان کۆمەڵێک خەڵکی دیاریکراو؟

# دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، بە زیانی کوردە

راپۆرتی: بەرهەم خالید



## حاکم شێخ لەتیف: کاتی ئەوە هاتووە کورد کارتی بەشدارینەکردن بەکاربهێنێت

نزیکەی پێنج مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا تێدەپەڕێتو هەوڵی لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت بێئاکامەو هیچ ئاسۆیەک بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە سیاسییە بەدی ناکرێت، لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانیش درێژەکێشانی ئەو بارودۆخە بە زیان بۆسەر پێگەی کوردو هەرێمی کوردستان دەزانن.

کورسی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق کێشەی نێوان لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی مانگی ئازاری رابردووی عێراقی بە ئاقارێکدا برد، کە سەرەڕای هەوڵە ناوخۆییو هەرێمییەکان نەتوانرا ئەو کێشەیە لەنێوان ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییەو نوری مالیکی، سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسادا یەکلایی بکەنەوە، کە ئەوەی یەکەمیان بە جیاوازیی دوو کورسی براوەی هەڵبژاردنەکە بوو بە جۆێک نەتەوەیەکگرتووەکان تەدەخولیکردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو پێکهێنانی حکومەت.

پارتو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش لە درێژەکیشانی ئەو دۆخە نیگەرانن‌و پێیانوایە: پێکنەهێنانی حکومەت بە زیانی هەرێمو کێشەی کورد دەشکێتەوە.

عەبدولسەلام بەرواری، پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر فراکسیۆنی کوردستانیی (پارتی) بە گرنگی دەزانێت، کە هەرچی زووترە حکومەتی نوێی عێراق پێکبهێنرێت، چونکە تائێستا زۆرێک لە کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا، کە پەیوەندییان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، چارەسەر نەکراون، وەک کێشەی نەوتو غازو ناوچە دابڕاوەکانو پێشمەرگەو دەسەڵاتەکان، دەڵێت: «پێکنەهێنانی حکومەت لە بەغدا چارەسەرکردنی ئەم کێشانە هێندەی تر دوادەخاتو زیاتر دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت بە زیانی هەرێمو کێشەی کورد کۆتایی دێت، بۆیە گرنگە کورد گفتوگۆ لەگەڵ هەموو لایەنەکان بکاتو لەگەڵ ئەو لایەنە ڕێکبکەوێت، کە گرەنتی بەدیهێنانی داخوازییەکانی کورد دەکاتو کێشە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەر دەکات».

هەروەها مەحمود حەمە ئەمین، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامیی لە خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: کە درێژەکێشانی ئەم دۆخەو دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێتو سلبیاتی ئەو دۆخەی بەردەکەوێت، وتیشی: «بەردەوامیی ئەو حاڵەتە کاریگەریی خراپی لەسەر پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ بەغداو دەرەوە دەبێت، هەروەها کێشە چارەسەرنەکراوەکانیش بەبێ چارەسەر دەمێننەوەو نازانرێت چارەنووسیان بەرەو کوێ دەڕوات، ئەوەش بە خراپ لەسەر کورد دەشکێتەوە».

بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییەو پەرلەمانو حکومەتو ئیدارەو بودجەی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەگەرچی زۆرێک لە ناوچەکانی تائێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێم.

حاکم شێخ لەتیف مستەفا، پەرلەمانتاری عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: کە هەرچەندە لەڕووی یاساییەوە هەرێم بەشێکە لە عێراق، بەڵام لەڕووی واقیعییەوە وەکو دوو دەوڵەتی جیا مامەڵەیان کردووەو هەرێم نیمچە سەربەخۆیی هەیەو ئەوەی هەرێم بە بەغداوە گرێدەدات، بودجەیە، کە بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووان ١٧٪یە، «لەڕووی واقیعییەوە بەدووری دەزانم پێکنەهێنانی حکومەت زیانی بۆ هەرێم هەبێت».

بەڵام ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشی نەشاردەوە، کە تێپەڕبوونی کات لە قازانجی کورددا نییە بە تایبەت مەسەلەی ناوچەدابڕاوەکان، کە بە بۆچوونی ئەو کێشەی سەرەکیی نێوان هەرێم- بەغدایەو پێیوایە: کاتی ئاڵتوونی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەدەست کورد چووەو دەڵێت: «ئێستا هەردوو لیستی سەرەکیی، عێراقییەو دەوڵەتی یاسا ویستی ئەوەیان نییە مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکەنو ئەوەشیان دووپاتکردووەتەوە، بۆیە پێکهاتنی ئەو دوو لیستەش دیسان بە زیانی کورد دەشکێتەوە».

لەلای خۆیەوە فریاد ڕەواندوزی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو ئەندامی خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق باس لەوە دەکات: کە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت بۆ سەرجەم عێراق کاریگەریی خراپی دەبێت بە هەرێمیشەوە، بۆ نموونە، پێکنەهێنانی حکومەت کە کورد ڕۆڵی تێیدا هەبێت، لەو بوارانەی هەرێم لێی سوودمەندە زیانی بۆ کورد دەبێت، وەک: وەبەرهێنانو پەیوەندییەکانو باری ئەمنیی، هەروەک رایگەیاند: «هەرچەندە هەرێم فیدراڵیی هەیە، بەڵام خراپبوونی دۆخی عێراقو ناوبانگی عێراق کاریگەریی لەسەر هەرێمیش دەبێتو هەروەها بودجەی وەبەرهێنانیش هەتا حکومەتی نوێ دادەمەزرێت کاری پێناکرێت، ئەوە سەرەڕای مەسەلەی بودجەو کێشە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا».

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چوار لیستی سەرەکیی کورد توانییان کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنن، کە بریتین لە: هاوپەیمانیی، گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ کە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیان پێکهێناوەو زیاتر لە مانگێکە لە بەغدا سەرقاڵی گفتوگۆکردنن، بەڵام تائێستا ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووەو کورد لەدەرەوەی گفتوگۆ سەرەکییەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێیە، ئەوەش مەترسیی لەسەر پێگەی کورد دروستکردووە.

بە بۆچوونی ڕەواندوزی پێویستە کورد چاودێریی بارودۆخەکە بکاتو ڕێگەنەدات بەرەو پێشچوونی گفتوگۆکانی لایەنەکانی تر لەسەر حسابی کورد بێت، وتیشی: «دەبێت کورد بەرنامەی خۆی بەڕوونی بخاتەڕوو بۆ لایەنەکانو چاوەڕێی ئەوان نەکات، هەر لایەنێکیش گرەنتی جێبەجێکردنی خواستەکانی کوردی کرد، لەگەڵ ئەو ڕێکبکەوێت بۆ پێکهێنانی حکومەت».

بەڵام حاکم شێخ لەتیف، پێیوایە: وەختی ئەوە هاتووە کە کورد کارتی بەشدارینەکردن لە حکومەت بەکاربهێنێتو مەرجەکانی خۆی بخاتەڕوو لەپێناو ئەوەی زەماناتی تەواو بەدەستبهێنێت بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان، وتیشی: «ئەگەر بێ کورد حکومەت پێکهات، ئەوا لە جیهاندا دانپێدانراو نابێتو ناقیس دەبێت، بۆیە تەنیا خستنەڕووی ئەو کارتە زەمانە بۆ ئەوەی لایەنەکانی تر چەند هەنگاوێک بەرەوڕووی کورد بێنە پێشەوە».

پارێزەرانی سلێمانی لە هەڵوێست وەرگرتن بەردەوام دەبن 8

# حیزب دەستدەخاتە بینەقاقای حکومەت

ڕاپۆرتی: بەرهەم خالید

نزیکەی (١٠) مانگ بەسەر پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی د.بەرهەم ساڵح تێدەپەڕێت و سەرەڕای بەڵێنەکان بە دوورخستنەوەی دەستی حیزب لە کاروبارەکانی و چاوەڕوانی خەڵک و هەوڵەکانی حکومەت، بەڵام تائێستا حکومەت نەیتوانیوە خۆی لە دەستوەردانی حیزب ڕزگار بکات.

دەستکورتکردنەوەی حیزبەکان لە کاروباری حکومەت بە نیسبەت یەکێتی و پارتییەوە سەختە، چونکە بە درێژایی هەژدە ساڵی ڕابردووی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی، هیچ لەمپەرێک نەبووە لەبەردەم دەستوەردانی حیزب لە کاروباری حکومەت و حیزب و حکومەت دوانەیەکی لێکجیانەکراوە بوون.

بە بۆچوونی عارف قوربانی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاسۆ، کابینەی شەشەم لەماوەی کارکردنیدا تاڕادەیەکی باش هەنگاوی گرنگی ناوە، کە بە بەراورد بە ئەزموونی هەرێم ئەم بڕیارانە بوێرانەن، وەک کەمکردنەوەی بودجەی حیزب و دانانی ڕاگرەکانی زانکۆ بەپێی تواناو دوور لە دەستی حیزب و قەدەغەکردنی ناردنە دەرەوەی نەوتی قاچاخ، بەڵام تا ئەو کاتەی حیزبە سیاسییەکان ڕادەهێنرێن لەگەڵ ئەو مۆدێلە لە حوکمڕانیی کوردی، بە دڵنیاییەوە کۆسپ و بەربەستی گەورە لەبەردەم هەنگاوەکانی حکومەت دروستدەکەن و هەروەها ڕەنگە هەندێکجار بەگژیدابچنەوەو کێشەی گەورە بۆ حکومەتی هەرێم و سەرۆکەکەی دروستبکەن، وتیشی: «هەستدەکرێت لەنێو هەندێک لە ئۆرگانەکانی حیزب نیگەرانیی هەیە بەرامبەر کارەکانی حکومەت، چونکە جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت لە بەرژەوەندیی هەندێک لە بەرپرسە حیزبییەکان دەدات و دەسەڵاتەکانیان کەمدەکاتەوە، بۆیە دەبێت حیزبەکان ڕێگە لەوانە بگرن و حکومەتیش ئەوە بۆ حیزبەکان ڕوونبکاتەوە، کە دەستوەردان لە کارەکانی زیان بە پێگەی جەماوەرییان دەگەیەنێت، بەڵام من گەشبینم ئەو هەنگاوانەی حکومەت وردە وردە جێبگرن و ببنە واقیع».

لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)و پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمەوە، حیزب بەشێوەیەکی فراوان دەستی وەرداوەتەوە کاروبارەکانی حکومەت و بە ئەستەم ئەو دوو دەسەڵاتە لە یەک جیاکراوەنەتەوە، ئەوەش کێشەی زۆری بۆ خەڵکی کوردستان دروستکردووە.

نەوشیروان مستەفا، سیاسەتمەدار، سێ ساڵ بەر لەئێستا لە وتارێکدا بەناوی (گۆڕان لێرەوە دەستپێدەکات: جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت) باس لەوە دەکات: پێویستە دەسەڵاتەکانی ئەو دوو لایەنە لە یەکتر جیابکرێنەوەو دەڵێت: «یەکێ لە گەورەترین هەڵەکانی حیزبەکانی کوردستان، لەکاتی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی کوردیدا، لە دوای ڕاپەڕین، تێکەڵاوکردنی دەسەڵاتی حیزب و حکومەت بوو، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە، دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت جیابکرێتەوە»، هەروەها جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش پێش دوو ساڵ پڕۆژەیەکی بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب و حکومەت پێشکەش کرد، بەڵام تائێستا هیچکام لەو پڕۆژانە نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

پەیمان عیزەدین، پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، لەوبارەیەوە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات: حکومەت لە سیستمی دیموکراسیدا دەسەڵاتی جێبەجێکارە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بۆ ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانەوە دەردەچێت، بەڵام لە کوردستان حکومەت دەسەڵاتی جێبەجێکاری بڕیارەکانی حیزبە، ئەو پەرلەمانتارە نموونە بۆ ئەو حاڵەتە دەهێنێتەوە، کاتێک لە حساباتی خیتامیدا زۆرێک نارۆشنی هەبووەو خودی وەزیری داراییش لە پەرلەمان توانای وەڵامدانەوەی ئەو کەموکورتیانەی نەبووە، «ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وەزیری دارایی لەژێر ڕاسپاردەی حیزبدا کارەکانی بەڕێوەدەبات، بۆیە پێموایە حکومەت لە کارەکانیدا ئەوە جێبەجێدەکات، کە حیزب بۆی دیاریدەکات».

لەماوەی ڕابردوودا لە مەسەلەی بەقاچاخبردنی نەوتدا، هێڵەکانی کارکردنی حیزب لە چوارچێوەی حکومەتدا بەڕوونی دەرکەوت، کاتێک وەزیری سەرچاوە سروشتییەکان بە پێچەوانەی سەرۆکی حکومەت و وتەبێژی ڕەسمیی حکومەتەوە لێدوانی دەدا، ئەوەش بەهێزیی ئەو وەزیرە پارتییەی دەرخست بەسەر کابینەکەی د.بەرهەمدا، هەروەک عەبدوڵڵا مەلا نوری، پەرلەمانتاری گۆڕان، دەڵێت: بەپێی کۆمەڵێک زانیاریی کە لە بەرپرسانی حیزبی و حکومییەوە پێمان دەگات، وەزیری سامانە سروشتییەکان بەدەنگ ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە ناچێت، ئاشتی هەورامی، وەکو کەسێکی سەربەخۆ کاردەکات، گومانی ئەوە دەکرێت لەسەر ئاستی باڵای حیزب پشتگیریی لە بەرنامەکەی بکرێت، هەڵسوکەوتی ئەو وەکو هەڵسوکەوتی وەزیرێک نییە لە حکومەتێکدا.

هەروەها خودی بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەت، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی، کە هەفتەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە ئاماژەی بەوەدا: ئەو وەکو سەرۆکی حکومەت لەگەڵ هاوڕێکانی لە ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسن لە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت، کە بەرنامەی لیستی کوردستانیی (یەکێتی و پارتییە)، کە بەرنامەی نوێبوونەوەو چاکسازییەو دەڵێت: «بێگومان کە هەندێک بڕیارو ئیسلاحات و لێپرسینەوە دەکرێت، کێشەت بۆ دروستدەکرێت، ئەگەر بتەوێت چاکسازیی بکەیت بەڵێ کێشەت بۆ دروستدەبێت، کە لە بەرژەوەندیی هەندێک دەدرێت و دووچاری ڕووبەڕووبوونەوە دەبێت».

سەرۆکی حکومەت ئەوەشی نەشاردووەتەوە، کە لە شاری سلێمانی و لەلایەن بەرپرسانی حیزبەکەی خۆشیەوە کێشەی بۆ دروستدەکرێت، هەروەک دەڵێت: «من پێت ناڵێم لە سلێمانیدا تەدەخول لە کاروبارەکانی حکومەتدا نییە، هەیە، یەکێک لە کێشەکانی سلێمانی ئەو تێکەڵاویی و ئەو شیرازە تیکەڵاوبوونەیە بەهۆی ململانێکانی ڕابردووەوە».

ئەو دانپێدانانەی سەرۆکی حکومەت ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە خودی خۆی و کابینەکەی لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە ئاستەنگیان بۆ دروستدەکرێت و دەستدەخرێتە کارەکانیەوە، ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ لاوازکردنی کابینەکەی، بەڵام وەک خۆی باسی دەکات، ئەو سوورە لەسەر ئەوەی لەسەر بەرنامەی حکومەتەکەی خۆی بڕوات.

لەلایەکی دیکەوە عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، باس لەوە دەکات؛ لەناو یەکێتیدا ململانێکان وایانکردووە، کە د.بەرهەم لاوازبکرێت و دەڵێت: «وادیارە د.بەرهەمیش خۆشبەختانە کە هیوادارم وابێت نایەوێت ملبدات بۆ ئەو مافیا بەهێزەی ساڵانێکە لەناو یەکێتیدا ڕەگوڕیشەی داکوتاوەو من لەو ڕووەوە دەستخۆشی لێدەکەم، کە کارێکی زۆرباش بۆ مێژووی خۆیی و میللەتەکەی تۆمار دەکات».

پەیمان عیزەدین دەڵێت: «سەرۆکی حکومەت دەتوانێت خۆی لەو بازنەیە ڕزگاربکات، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ پەرلەمان بۆئەوەی لەدەرەوەی ئیرادەی حیزب بەرنامەی کابینەکەی جێبەجێ بکات».



# «پێویستە لایەنی دارایی بۆ پۆستەکانی ئەمیندارو مەکتەبی سیاسیی ئاشکرابێت»

ڕاپۆرتی: چاوان عەلی

سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی دەست لەکار دەکێشێتەوەو هۆکارەکەشی بۆ قبووڵنەکردنی ڕای جیاوازو نوێکاریی لە حیزب دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت: «ئەگەر حیزبێک لەنێو خۆیدا توانای قبووڵکردنی ڕای جیاوازی نەبێت، ناتوانێت لەدەرەوەش چاکسازیی بکات».

هادی عەلی، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەی گەڕاندەوە بۆ چەند هۆکارێک، کە هەندێکی پەیوەندیی بە خۆیەوە هەیەو هەندێکی بە کارەکانی حیزب و جیاوازیی بۆچوونەکان و شێوازی بەڕێوەبردنی حیزب، کە ڕەنگە هاوڕانەبێت لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتی و ئەمینداری گشتیی.

بەرپرسەکەی یەکگرتوو ئەوەشی خستەڕوو، کە بوونی ڕاو ڕای جیاواز ئاساییە گرنگ ئەوەیە سەرکردایەتی بتوانێت جیاوازییەکان قبووڵ بکات و بۆ کۆنگرە پڕۆژەیەک ئامادە بکرێت، کە کۆدەنگیی لەسەر ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان دروست بکات.

دەربارەی ئەوەی تاچەند لە ئێستادا ئەو گیانی قبووڵکردنی ڕای جیاوازە لە حیزبدا ڕەنگیداوەتەوە، هادی عەلی وتی: «لەڕووی تیۆرییەوە هەموو بۆچوونەکان قبووڵە، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە کە



چۆن هەنگاوی بۆ بنرێت، ئەمەیان ڕەنگە جیاوازیی بۆچوونی تێدا دەربکەوێت، کە هەندێکیان پێیانوایە زووە گۆڕانکاریی بکرێت».

لە کۆنفرانسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا، کە پێش چەند مانگێک سازکرا، هادی عەلی، پۆستی بەرپرسی مەکتەبی سیاسیی پێدرایەوە، بەڵام وەک خۆی باسی دەکات: ئەو ئامادە نەبووە خۆی هەڵبژێرێتەوە، بەڵکو لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبدا جارێکی دیکە تەکلیف کراوەتەوە بۆ ئەو پۆستە هەتا ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٣١، لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی سەرکردایەتی یەکگرتوودا دەستی لەکار کێشایەوەو ئەو داوایەشی قبووڵکرا.

دەربارەی هۆکاری قبووڵکردنی بۆ دووبارە وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە، هادی عەلی، ئاماژەی بەوەدا: برادەرانی لە سەرکردایەتی تەکلیفیان کردووەتەوە بۆ ئەو پۆستە، بەڵام لەم کاتەدا درێژەدانی بەوکارە بەباش نەزانیوە، هەربۆیە دەستلەکارکێشانەوەی لەوپۆستە ڕاگەیاندووە: «بەڵام وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ماوەتەوە».

بەرپرسی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەو حیزبەش دەڵێت: «وام پێ باش بوو کە مۆڵەتێک بەخۆم بدەم و ئەوانیش ئازادبن لە شێوازی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حیزب».

ئەو مەسەلانەی کە بە بڕوای هادی عەلی پێویستی بە چاکسازییە، بریتین لە: هەیکەلیەتی حیزب و شێوازی بەڕێکردنی کاروبارەکان و بە پێویستی دەزانێت دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە (١٦) ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبدا گۆڕانکاریی و نوێکارییان تێدا بکرێت، وەک دووبارە ڕێکخستنەوەو کەمکردنەوەی بارەگاکان و مەسەلەی خەرجی و بواری کارگێڕیی بەگشتیی، بە جۆرێک کە هەیکەلی حیزب بەشێوەیەکی دیکە دابڕێژرێتەوە.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە حیزب لە بواری دارایی و بودجەدا بۆ هەموو پۆستەکان لە ئەمیندارەوە بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسیی و خوارتریش دیاریکراوو ئاشکرابێت، «ئەمە جگە لەوەی پێویستە خولی سەرکردایەتی دیاریکراو بێت و بەوشێوەیەی ئێستا نەبێت کە ڕەهایە».

بەرپرسەکەی مەکتەبی سیاسیی ئەوەشی ئاشکراکرد: هەم سەرکردایەتی و هەم ئەمینداری گشتیی پێیان باش بوو جیاوازیی بۆچوونەکان لەنێو حیزب نەچێتە دەرەوە بۆ ڕاگەیاندنەکانی دیکە هەتا لەسەری ڕێکدەکەون و ئەوەشی وت: «سەردەمی ئەوە نەماوە کە تەنیا لەنێو ژوورە تاریکەکان و ئۆرگانی حیزبەکاندا مەسەلەکان یەکلاییبکرێنەوە، ڕاگەیاندنی ئازاد بەشێکن لە چارەسەر، یەکگرتوو خۆشیان ئەوەندەی پەیوەستن بە چاودێریکردن و گوێگرتن لە کەناڵە ئازادەکان بۆ زانینی ڕووداوەکان و شیکردنەوەی مەسەلەکان، هێندە گرنگیی و گوێ لە ڕاگەیاندنی حیزب ناگرن».

هادی عەلی، جەخت لەوەشدەکاتەوە، کە ئەگەر حیزبێک لەنێو خۆیدا توانای چاکسازیی و قبووڵکردنی ڕای جیاوازی نەبێت، ناتوانێت لەدەرەوەی حیزبیش چاکسازیی بکات و ئۆپۆزسیۆنێکی کارابێت و وتیشی: «هەوڵدەدەین لەناو حیزب مامەڵەی دیموکراتی بکرێت و تەنانەت بوونی ئۆپۆزسیۆنیش قبووڵبکرێت و ماندوونابین تا ئەو گۆڕانکارییانە نەکەین لە حیزبدا».

> سەردەمی ئەوە نەماوە کە تەنیا لەنێو ژوورە تاریکەکان و ئۆرگانی حیزبەکاندا مەسەلەکان یەکلاییبکرێنەوە

## هێشتا بەشێکی نانبڕاوەکان نەگەڕێنراونەتەوە

# «نانبڕینی کورد لەلایەن کوردەوە، خاڵێکی رەشە لە مێژووی سیاسیدا»

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

تائێستا بەشێکی ئەو کەسانە نەگەڕێنراونەتەوە سەر کارەکانیان کە لەسەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بەهۆی پشتگیرییان بۆ لیستی گۆڕان، نانبڕاو کران، ئەوە لەکاتێکدایە کە ساڵێک بەسەر هەڵبژاردنەکەدا تێپەڕیوەو سەرۆکی هەرێم‌و حکومەتیش بڕیاری گەڕاندنەوەی ئەو نانبڕاوانەیان دەرکردووە.

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کە لەو سەروبەندەدا نزیکەی (٢) هەزار هاوڵاتی کورد بەوهۆیەوە، کە دەنگیان بۆ دەسەڵات نەداو پشتگیریی ئۆپۆزسیۆن‌و بزووتنەوەی گۆڕانیان کرد، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە لە فەرمانگەو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم لەکاری میری دەرکران‌و نانبڕاو کران، تائێستاش بەشێکی ئەو نانبڕاوانە نەگەڕێنراونەتەوە سەر کارەکانیان.

پەیام ئەحمەد، رێکخەری فراکسیۆنی گۆڕان‌و حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەری کێشەی نانبڕاوەکانی گـۆڕان، لەگەڵ ئـەوەی رەخـنـەو نیگەرانیی خـۆی لە نانبڕاوکردن دەربـڕی‌و ئاماژە بەوە دەکات: کە «نانبڕاوکردنی کورد بە دەستی کورد، خاڵێکی رەشە لە مێژووی سیاسیی کـورددا، چونکە نانبڕین لە هیچ جێگەو شوێنێک نەکراوە، بەڵام بەداخەوە کورد نانی کـوردی بـڕی، لەکاتێکدا کە نانی کەسێک دەبڕێت تەنیا نانی ئەو نییە، بەڵکو نانی خێزانەکەشیەتی».

لەبارەی ئەو ئاستەنگانەو هۆکاری نەگەڕانەوەی نانبڕاوەکان، لەکاتێکدا لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە بڕیاریان بۆ دەرچووە، رێکخەری چارەسەری کێشەکە بۆ رۆژنامە وتی: «حکومەت‌و سەرۆکایەتی هەرێم بڕیارەکەیان دەرکرد بۆ گەڕانەوەی نانبراوەکان بۆ سەر کارەکانی خۆیان، بـەڵام کەمتەرخەمیی‌و دەستی دەستی پێکردن هەبوو، چونکە بڕیارەکە لەسەرەوە دەرکرابوو، بەڵام لەخوارەوە جێبەجێ نەدەکرا، ئێمەش کێشەکەمان لەوەدابوو، دیارە ئەو دوو ئیدارەییەی لە کوردستان ماوەو ئەوەش وایکرد بڕیارەکان بە ئاسانیی جێبەجێ نەکرێن»، باسی لەوەشکرد کە ئەو کەسانە فەرمانیان بۆ دەرچـووە، بەڵام جێبەجێکردنەکەی وەک خۆی نەکراوەو کێشەیان بۆ دروستدەکرێت، «بۆیە ناتوانین بڵێین، حکومەت جدیی نەبووە، بەڵام دەستێوەردانی حیزب هەرماوەو ئەوەش وایکردووە کارەکە سستیی پێوە دیاربێت».

لەکۆی ئەو ژمارەیەی نانبڕاوکراون تائێستا زیـاتـر لـە (٢٠٠) کەسیان نەگەڕێنراونەتەوە سەر کارەکانیان‌و بەشێکیشیان بڕیاری دادگاییکردنیان بۆ دەرچووە.

پەیام ئەحمەد، لەوبارەیەوە وتی: «بۆ چارەسەری نانبڕاو و دوورخراوەکانی پـەروەردەو ئاسایش، هەفتەی رابردوو سـەردانـی هـەردوو لایەنەکەمان کرد، بەڕێوەبەری ئاسایش ئەویش بەڵێنی ئـەوەی دا کە ئـەوانـەی نانبڕاوکراون، بگەڕێنەوە، بەڵام بۆ جێگەکەی خۆیان نا، بەڵکو ئەوانەی گواستراونەتەوە لە هەمان شوێن دەستبەکاربن، نەک شوێنەکانی خۆیان، ئەوەش کە لە ئاسایش دەرکراوە بـگـەڕێـتـەوە، بـەڕێـوەبـەری گشتیی‌و بـەڕێـوەبـەری پـــەروەردەی سلێمانیش بڕیاری چارەسەری نانبڕاوەکانیان دا بەشێوەیەک ئەو (٤) بەڕێوەبەرەی سلێمانی سیانیان لەناو شار لە قوتابخانەی تر ببنە بەڕێوەبەر، ئەوانی تریش بەپێی توانا بگەڕێنەوە جێگەکەی خۆیان».

ئەوەشی خستەڕوو، کە زیاتر لە (١١٤) نانبڕاوی لای پارتی کە سەر بە فەلەک‌و زێرەڤانین، نەگەڕێنراونەتەوە، جگە لەوەی نانبڕاوانی سوپای عێراق‌و پاسەوانی سنوورو چەند کەسێک لە وەزارەتەکانی حکومەت، نەگەڕێنراونەتەوە، وتیشی: «ئەوانەی کێشەی یاساییان هەبوو لە سلکی عەسکەریدا، بەشێکیان لە وەزارەتی ناوخۆن‌و کێشەیان نەماوە، (٥) کەسی دیکەشیان کە لە وەزارەتـی پێشمەرگەن کێشەکەیان ماوەو بڕیارە مانگی (ئاب) دادگایی بکرێن‌و دەبێت پێش دادگاییەکە بگەینە بڕیارێک».

# فراکسیۆنەکان ترسیان هەیە

# پەرلەمان رۆڵی یەکلاییکەرەوەی لە «مفاوەزات»ی هەولێرو بەغدای پێنەدرێت



پەرلەمانتارێک: دەبوایە پەرلەمان چەند دانیشتنێکی بۆ ئەم مەسەلەیە ئەنجامبدایە

راپۆرتی: چاوان عەلی

بە بـڕوای بەشێک لە پەرلەمانتاران‌و چاودێرانی سیاسیی، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پەرلەمانی کوردستان بە مەرجەع نازانێت‌و هەرشتێکیش لە دەرەوەی هەیمەنەی یەکێتی‌و پارتی پێکبێت، بوونی نابێت لە ناوەندی بڕیاردا.

### پەرلەمان‌و ئیئتیلافەکە

لە پـەیـڕەوی نـاوخـۆی ئیئتیلافەکەدا هاتووە: کە پێویستە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە هەستیارەکان ئیئتیلافەکە بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڵام وەک دەبینرێت پەرلەمان نەیتوانیوە ئەو رۆڵەی خۆی ببینێت‌و ئیئتیلافەکەش ئەو مافەی نەداوە بە پەرلەمان، ئەمەش وەک د.ئەحمەد وەرتـی، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئاماژەی پێدا، هەرچەندە ئەوە چەسپاوە کە پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی خەڵکی کوردستان بێت، بەڵام ئەمە لەسەر ئەرزی واقیع رەنگی نـەداوەتـەوە، ئەو پێیوانییە پەرلەمان ئەو رۆڵەی بینیبێت، یان ئەو رۆڵەی پێدرابێت، تا ئەو مافەی خۆی بەکاربهێنێت، چونکە زۆر لەو گفتوگۆو چالاکییانەی پەیوەست بە مەسەلە چارەنووسسازەکانی هەرێم‌و بەغدا دەکرێت، حساب بۆ رۆڵی پەرلەمان ناکرێت تیایاندا.

ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان میکانزمێکە بۆ دانوستان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد، کە پێویستە لەکاتی بڕیاردان‌و دوابڕیار بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەمەش زۆرێـک لە پەرلەمانتاران‌و شارەزایانی سیاسیی لەسەری کۆکن، بەڵام گرنگینەدان بە رۆڵی پەرلەمانی کوردستان وەک مەرجەعی خەڵکی کـوردسـتـان، لـەلایـەن ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە نازانرێت هۆکارەکەی چییەو حەمەسەعید حەمەعەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووش جەخت لەوەدەکاتەوە، کە ئەوان وەک پەرلەمانتاریش هۆکارەکەی نازانن، کە ئایا حیزبی، سیاسیی، یان کەمتەرخەمیی‌و شپرزەییە؟، چونکە روون نییە کە خودی ئیئتیلافەکە رەچاوی ئەو خاڵەی نەکردووە، یان هەر ئەوەندە دەسەڵاتی هەبووەو لەبری ئەمان سەرکردایەتی سیاسیی کورد، بەتایبەت یەکێتی‌و پارتی بەجیا لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان دانیشتنیان کردووە.

### کێ مەرجەعە لە کوردستان؟

ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کە نوێنەرانی لیست‌و لایەنە سیاسییەکانی لەخۆگرتووە، کـێ بە مەرجەعی خۆیان دەزانـن، ئەمە بە بۆچوونی رێبوار فەتاح، وەک چاودێرێک، جەوهەری کێشەکان ئەوەیە کە نازانرێت کێ مەرجەعە لە کوردستان (پـەرلـەمـان، سەرۆکایەتی هـەرێـم، یان حکومەت)، کە هەریەکەیان خۆی بە مەرجەع دەزانێت.

ئەو چاودێرە سیاسییە گەیشتووەتە ئەو راستییەی، کە سەرۆکایەتی هەرێم دەیەوێت ببێتە تاکە مەرجەع، بەوەی زۆربەی شتەکان پەیوەست دەکـرێـنـەوە بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە، کاتێک سەرۆک دەڕوات بۆ سەفەرە رەسمییەکان، مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئاژانسی پاراستن کە کوڕی بارزانییە، دەبات لەگەڵ خۆی‌و کە شاندێک دێتە کوردستان کوڕەکەی پێشوازیی دەکات، کە ئەو بەمە دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت: کە من مەرجەعی کوردستانم.

کـورد لەڕێگەی ئـەم ئیئتیلافەوە کە پێکیهێناوە ئەگەر بەڕاستی کاریان بکردایە، دەیانتوانی پێشنیارو رۆڵیان هەبێت لە چارەسەری کێشەکانی بەغداو ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە، کە دروست بووە لەنێو لایەنەکانی بەغداو رێکنەکەوتنیان لەسەر حکومەت هێندە درێژە نەکێشێت.

### ئیئتیلافەکە خاوەن بڕیاری کۆتاییە؟

ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کە بەناوی گفتوگۆو گوزارشت لە نوێنەرایەتی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکهات، تا بچنە بەغداو دانوستان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکانی دیکە بکەن، بە بۆچوونی د.جەعفەر عەلی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕان، هەر لەسەرەتاوە بە کەموکوڕیی دەستیان پێکردووە، چونکە لە ئێستادا «نازانیت لەگەڵ کێ لە عێراق گفتوگۆ دەکەیت، ئەو شێوازی لیستی کراوەییەی کە هەڵبژاردنەکەی پێکرا، تاکو ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە، کە کوتلەی زۆرینە کامەیە، ئەوەیە کە زۆرترین دەنگی هێناوە لە پەرلەمان، یان ئەوەیە کە پێش چوونە نێو پەرلەمان هاوپەیمانێتی دەبەستن؟

لەلایەکی دیکەوە د.جەعفەر، گومانی لە کارەکانی ئەو ئیئتیلافە هەیەو ئەو دەڵێت: «لەم زەمینە سیاسییەی کە لە کوردستان هەیەو ئەو ئەزموونەی خەڵک لەگەڵ یەکێتی‌و پارتی هەیەتی، پێموانییە، کە هەر ئیئتیلافێک دروست بکرێت دواتر خاوەنی بڕیاری کۆتایی بێت، چونکە بڕیاری کۆتایی لە مەسەلەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی‌و پارتی، بۆیە دروستکردنی هەر ئیئتیلافێک جگە لەوەی شتێکی شکڵییە، نابێتە خاوەن بڕیاری کۆتایی».

هەر لەم بارەیەوە ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی ئاماژەی بەوەدا: کە هەرکات ئیئتیلافەکە لە پەیڕەوەکەی لایداو پەرلەمانی بە مەرجەع نەزانی لە بڕیارەکاندا، ئـەوا ئـەرکـی لیستە کوردستانییەکانە هەڵوێستیان هەبێت.

### سەرۆکی پەرلەمان، گوزارشت لە پەرلەمان ناکات

ئەو رەخنانەی لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەگیرێت بەوەی پەرلەمان بە مەرجەعی خـۆی نـازانـێـت، لەلایەن شوان کەریم کابان، وەک پەرلەمانتارێکی یەکێتی رەتکرایەوە، چونکە ئەو پێیوایە: سەرۆکی پەرلەمان لە هەموو دانیشتنەکانی ئیئتیلافەکەدا ئامادەیی هەیەو کە سەرۆکی پەرلەمانیش لە کۆبوونەوەکان بێت، وەک ئەوەیە کە پەرلەمانی تێدا بێت‌و ئەندامانی ئەو ئیئتیلافەش کە نوێنەرانی حیزبن شتێک ناکەن کە لە بەرژەوەندیی کورددا نەبێت.

لە بەرامبەردا، نوێنەرایەتیکردنی گشت پەرلەمان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە بەڕای زۆرینەی پەرلەمانتاران بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە پەرلەمان (١١١) ئەندامی پەرلەمان دەگرێتەوەو وەک د.ئەحمەد وەرتی، وتی: «پەرلەمان تەنیا سەرۆک، یان دەستەی سەرۆکایەتی ناگرێتەوەو دەبێت لە دانیشتنی پەرلەماندا پەرلەمانتاران لە هەنگاوەکانی ئیئتیلافەکە ئاگادار بکرێنەوە».

هاوکات، حەمە سەعید، پەرلەمانتارەکەی یەکگرتووی ئیسلامیش جەختی لەوە کردەوە: کە سەرۆکی پەرلەمان گوزارشت لە پەرلەمان بەگشتیی ناکات، دەبوو بابەتەکان لە پەرلەمان بخرایەڕوو پەرلەمانتاران رایان بدایەو ئەوکات قەیدی نەبوو ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان رای پەرلەمانتارانی بە ئیئتیلافەکە بگەیەنایە لـەسـەر مـەسـەلـەکـان، نەک ئامادەبوونی لە ئیئتیلافەکە بە ئامادەبوونی پەرلەمان باس بکرێت.

### «پەرلەمانتاران کەمتەرخەمن»

لەگەڵ ئەوەی باس لەوە دەکرێت، کە هێشتا ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا بەهۆی کێشەی لایەنەکانی دیکەوە نەگەیشتوونەتە هیچ رێکەوتنێک، هەربۆیە پەرلەمانی کوردستانیان ئاگادار نـەکـردووەتـەوە، رێـبـوار فـەتـاح، وەک چاودێرێکی سیاسیی ئەمە بە کەمتەرخەمیی پەرلەمانتاران دەزانـێـت، نەک گەیشتنە رێکەوتن.

ئەو چاودێرە سیاسییە جەخت دەکاتەوە، کە دەبـوو پەرلەمانی کوردستان رای هەبوایە لەسەر دواکەوتنی دانیشتنەکانی پەرلەمانی عێراق‌و دواکەوتن‌و پێکنەهێنانی حکومەتی عـێـراقـی، چونکە هەرێمی کوردستان‌و پەرلەمانی کوردستان بەشێکن لە عێراق، نەک چاوەڕوانی کۆبوونەوەکانی ئیئتیلافەکە بێت.

رێبوار فەتاح، ئەو کەمتەرخەمییەی پەرلەمانی کوردستان‌و بێئاگایی لە کارەکانی ئیئتیلافەکەی گەڕاندەوە: بۆ ئـەوەی کە رەنگە ئەزموونیان نەبێت‌و نەزانن چی بکەن، رەنگە هەندێک مەسەلەی هەستیار کە تائێستا لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان نەگەیشتوونەتە ئەنجامێک، وەک مەسەلەی پێشمەرگەو دارایی‌و نەوت، نەیانەوێت بێتە پەرلەمانی کوردستان، کە هەندێک نهێنیی ئاشکرادەبن‌و ئۆپۆزسیۆنیش بوونیان هەیە، هەربۆیە «هەموو کوتلەکانی پەرلەمانی کوردستان کەمتەرخەم‌و تاوانبارن بەوەی کە بێدەنگن‌و دەبوایە هەڵوێستیان هەبوایەو داوایان بکردایە بەشداربوونایەو دەنگیان هەبێت».

د.جەعفەر، دەڵێت: «هەرشتێک پێکبێت لەدەرەوەی هەیمەنەی ئەوان بوونی نابێت لە ناوەندی بڕیاردا، خودی پەرلەمانیش ئەو پەرلەمانە کارایە نییەو نەبووەتە ئەو سەرچاوەی بڕیارەی کە باسی لێوە دەکرێت».

عەرەبو تورکمان لە هەوڵی پەکخستنی سەرژمێریی کەرکوکدان 10

# پارێزەرانی سلێمانی لە هەڵوێستوەرگرتن بەردەوام دەبن

# ئۆتۆمبێلی پارێزەرێک لە دووریی (٥٠٠) مەتر لە ئاسایشەوە دەسووتێنرێت



٢٠١٠/٨/٢ مانگرتنی پارێزەران لەبەردەم دادگای سلێمانیدا

فۆتۆ: سیروان عەول

**سیروان عەول – سلێمانی**

دژی دەستدرێژیکردنە سەر پارێزەر (ستار خوارەحم)و سووتاندنی ئۆتۆمبێلەکەی لە بەردەم ماڵی خۆیاندا، دوێنێ دووشەممە پـارێـزەران لـەبـەردەم دادگــای سلێمانی مانگرتنیان ڕاگەیاند.

لە بەیاننامەیەکدا پارێزەران ئەوە بیری ڕای گشتیی هەرێمی کوردستان دەهێننەوە، کە ئەو ڕووداوە بەشێکە لە درامــای ئەو تاوانانەی دژ بە ئـازادیـی ڕادەربـڕیـن‌و ئازادیخوازان لەم هەرێمەدا ئەنجامدەدرێت‌و ئەوە دەخەنەڕوو، کە بۆشاییەکی مەترسیدار لە ئاسایشی ئەم هەرێمەدا هەیە، کە تیایدا دەستێکی ڕەش چاوی بە مرۆڤی ئازادیخوازو بەهەڵوێست هەڵنایەت.

داوا لــە بــەرپــرســە ئەمنییەکانی هەرێم دەکــەن کە بەشێوەیەکی جدیی چاوبخشێننەوە بە باری ئاسایشی گشتیداو لەئاست بەرپرسیارێتی یاسایی خۆیاندا بن لەپێناو پاراستنی سەروماڵی ئازادیخوازان‌و دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی کە بەرپرسن لــەو دۆخــە نەشیاو و نــەخــوازراوەو ڕادەستکردنیان بە دادگا بۆ ئەوەی بە سزای یاسایی خۆیان بگەن.

پـارێـزەر کــاروان کەمال، یەکێک لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە، وتی: «چاوەڕێی ڕەوتی لێکۆڵینەوەکانین‌و لە هەڵوێستوەرگرتن بــەردەوام دەبین تا ئەوکاتەی تــەواوی بەرپرسیارێتییەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی لەم دۆسیانەدا، نەک تەنیا ئەم دۆسیانە، بەڵکو هەموو ئەو دۆسیانەی کە پەیوەندیی هەیە بە سەرجەمی ئازادیی ڕادەربڕین‌و کەسانی ئازادیخواز، کە ڕووبەڕووی لێدان‌و ئەشکەنجەدان دەبنەوە».

شــەوی (٧/٢٩) لــەبــەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە شــاری سلێمانی، بە دەستێکی نادیار ئۆتۆمبێلی پارێزەر ستار خوارەحم سووتێنراو تائێستاش هیچ کەس‌و لایەنێک ڕوونــکــردنــەوەی لــەوبــارەیــەوە نــەداوەو تاوانبارەکانیش ئاشکرا نەکراون.

پـارێـزەر ستار خوارەحم ئـەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو: «دۆسیەی لێکۆڵینەوەکان لەلایەن دادوەری دادگای ئاسایش بەردەوامەو ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە، کە دەبەیەکی بەنزین لەژێر ئۆتۆمبێلەکەم دانراوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بەهۆی شۆرتی کارەباییەوە نەبووەو بە ئەنقەست سووتێنراوە».

ئەو پارێزەرە ماوەی (١٦) ساڵە کاری پارێزەرایەتی دەکات‌و بە وتەی خۆی کێشەی شەخسیی لەگەڵ هیچ کەسێک نییە، وتیشی: «پارێزگاریم لە سەرجەم بیروڕا ئازادەکان‌و زۆربــەی ڕۆژنامەنووسان کــردووە بە خۆبەخشی‌و یەکێکیش بووم لەوانەی کە لەساڵی (١٩٩٧)ەوە بــەردەوام داکۆکیم لە ڕۆژنامەنووسان‌و بیرورای ئازاد کردووە.

وتیشی: «ئەگەر لێکۆڵینەوەکان بەئەنجام نەگەن، ئەوا دەسەڵات‌و دەزگا ئەمنییەکان دەکەونە ژێــر پرسیارەوە، لەبەرئەوەی ماڵەکەم (٥٠٠م) لە ئاسایشی سلێمانییەوە دوورە، ئەوەش کارەساتە ئەگەر تاوانباران نەدۆزرێنەوە».

# ڕوونکردنەوەیەک لە کۆمپانیای بەڕێزەوە... بۆ بەڕێز، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە

ئاماژە بە ڕاپـۆرتـی بەڕێزتان کە لە ژمــارە (٥٩٢) لــــە بـــــەرواری (٢٠١٠/٧/٢٧)ی ڕۆژنامەکەتاندا بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی (حکومەت لوتف‌و مەرحەمەتی زیاد بۆ هەندێک کۆمپانیا دەنوێنێت)،

سەبارەت بەوەی کۆمپانیاکەمان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیــرانــەوە، ئیستسنای بـۆکـراوە لــە ڕێنماییەکانی وەبەرهێنان‌و لەبەرئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا پشت بە کۆمەڵێک زانیاری ناڕاست‌و دروست بەستراوە، بۆیە بە پێویستی دەزانـیـن، ڕوونکردنەوەی تەواو بۆ بەڕێزتان‌و ڕای گشتیی بخەینەڕوو:

یــەکــەم/ پــڕۆژەی ئـاســوودە، بەپێی گرێبەستی ژمــارە (٧٥) لــە بــەرواری (٢٠٠٦/٧/١١) ئەنجام دەدرێت لە پارێزگای سلێمانی‌و شاروشارۆچکەکانی دەوروبەری‌و گرێبەستەکە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـــران، ئـیـدارەی پێشوو لە سلێمانی پـەسـەنـدکـراوەو ڕەزامـەنـدیـی سەرجەم وەزارەتەکانی لەسەر وەرگیراوە، هەروەها بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی یەکگرتوو، ژمارە (٩٨٣٣) لە بـەرواری (٢٠٠٦/٩/١)و ژمارە (٢٦٢) لە (٢٠٠٧/١/١١) گشتاندنی پێکراوە بۆ گشت وەزارەتەکان‌و پێشتر کار بە بڕیاری ژمارە (٨٩)ی ساڵی (٢٠٠٤) دەکرا، نەوەک یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)و بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)، سەرجەم ئەو پڕۆژانەی کە پێشتر لە ئیدارەی پێشووی سلێمانی مۆڵەتیان وەرگـرتـووە، یاخود گرێبەستیان بۆ کراوە، واتا بەپێی بڕیاری ژمارە (٨٩) ساڵی (٢٠٠٤) وەک بەشێک لە یاسا نوێیەکە ئەژمار دەکرێن، پڕۆژەی ئاسوودە کە خاوەنی مۆڵەتی ژمارە (١)ی وەبەرهێنانە لە بەرواری (٢٠٠٦/١١/١٥) بە بڕیاری دەزگای پێشووی هاندانی وەبەرهێنان‌و بە ڕەزامەندیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـــران، بە پڕۆژەیەکی ستراتیژیی ئەژمارکراوە:

١. ئاسوودە، یەکەم پڕۆژە بوو کە سەرەتا لە شارۆچکە هەژارنشینەکانی وەک، هەڵەبجەو چەمچەماڵ‌و پاشان ڕانیەو کۆیە دەستی پێکردو لە ئێستاشدا لە دووکان‌و دەربەندیخان چاوەڕێی دەستپێکردنی پڕۆژەکە دەکرێت.

٢. زۆرتـریـن ڕێــژەی هــەلـی کـاری ڕەخساندووە لەو ناوچانەی کە پڕۆژەکانی ئاسوودەی لێ جێبەجێ دەکرێت.

٣. بەپێی بڕیاری ژمارە (٨٩) ساڵی (٢٠٠٤) پڕۆژەی ئاسوودە، پڕۆژەیەکی ستراتیژییەو هەموو پڕۆژەیەکی ستراتیژیی، زەوی بە شێوەی تەملیک بەبێ بەرامبەر دەدرێتە وەبەرهێنەر.

٤. تەنها جیاوازی پــڕۆژەی ئاسوودە لەگەڵ سەرجەم پڕۆژە وەبەرهێنەکانی تر کە سوود لە سندوقی نیشتەجێ وەردەگرن، خـزمـەتـگـوزاریـی نــاو پــڕۆژەکــە بەپێی گرێبەست‌و ڕەزامـەنـدیـی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشوو، لەبەرئەوەی یەکەم پڕۆژەی ستراتیژیی نیشتەجێبوونی وەبەرهێنان بوو، بۆیە جێبەجێکردنی بوو بە ئەرکی فەرمانگەو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و هەموو ئەو خاڵانەی تر جگە لە خزمەتگوزارییەکان بۆ سەرجەم وەبەرهێنەرەکانی تری پڕۆژەکانی سندوقی نیشتەجێ کراوە.

دووەم/ خزمەتگوزارییەکانی پڕۆژەی ئاسوودە کە لە ڕاپۆرتەکەدا بە ئیستسنا ناوبراوە بۆ کۆمپانیای بەڕێز، بەپێی دوایین فەرمانی (ب . گشتی وەبەرهێنان – سلێمانی) بە ژمارە (٢٣١٦) لە بەرواری (٢٠١٠/٧/٢٦) کە لەسەر داوای بەڕێز، سەرۆکی حکومەت بۆ پێداچوونەوە بە نرخ‌و جۆری ئەو خانوو و شوقانەی لەلایەن کۆمپانیای بەڕێزەوە دروســتــکــراون، لیژنەیەک پێکهێنرا لە نوێنەرانی هەریەک لە پارێزگای سلێمانی‌و ســەرۆکــایــەتــی شــارەوانــیـی سلێمانی‌و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن‌و نوێنەری (ب.گشتی وەبەرهێنان – سلێمانی) و بەڕێوەبەری یەکەی سەرپەرشتیاری پڕۆژەکانی وەبەرهێنان‌و لە دوای لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی سەرجەم بڕگەکان بۆ سەرجەم پڕۆژەکانی ئاسوودە، کە لە ئێستادا لە نۆ ناوچەی جیاواز بەنزیکەی (٥٧٠٠) یەکەی نیشتەجێبوون لە قۆناغەکانی جێبەجێکردن‌و تــەواوبــوونــدایــە، دەرکــەوت کــە پــارەی خزمەتگوزاریی ناوپڕۆژەکان نەخراوەتە سەر نرخی یەکەنیشتەجێیەکان‌و لەسەر گیرفانی هاوڵاتییانی کەمدەرامەت جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو ئەو ئیستسنایانەی کە بەڕێزتان باسی لێوەدەکەن بۆ هاوڵاتییان کــراوەو ئەوان سوودمەند دەبن، نەک بۆ کۆمپانیای بەڕێز، چونکە ئەگەر لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، ئەو خزمەتگوزارییانە جێبەجێ نەکرێن، ئەوا دەبێت هاوڵاتییانی بەشدابوو بەهای ئەو خزمەتگوزارییانە بـدەن کە بە بڕگەیەکی ڕوون‌و ئاشکرا لە گرێبەستەکەدا نووسراوە، کە ئەمەش ئەرکێکی گران دەخاتە سەر شانی ئەو بەشداربووانە، سەرەڕای ئەوە، لیژنەی ئاماژەپێکراو داوای کردووە کە دەستخۆشی‌و سوپاس‌و پێزانین ئاڕاستەی کۆمپانیای بەڕێز بکرێت، لەبەرئەوەی پڕۆژەکانی کۆمپانیاکەمان جێگای ڕەزامەندیی لیژنەکە بوون‌و کوالێتی‌و جێبەجێکردنی کارەکانی لە ئاستێکی باشدایە.

سێیەم/ لەبەشێکی تری ڕاپۆرتەکەتاندا هاتووە کە زەوی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان وەک (نەخۆشخانەو خوێندنگاو...هتد) تۆمارکراوە بە ناوی کۆمپانیای بەڕێزەوە، بە بەڕێزتان ڕادەگەیەنین کە پێچەوانەکەی ڕاستە، لەبەرئەوەی لەسەرجەم پڕۆژەکان لە کاتی ئیفرازکردنی زەوییەکانیدا، تەنها زەوی خانووەکان لەگەڵ زەوییە بازرگانییەکان دەکرێن بەناوی کۆمپانیای بەڕێزەوەو زەوی سەرجەم پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان کراون بە ناوی سەرۆکایەتی شارەوانیی پەیوەندیدارو دەتوانن لە سەرۆکایەتی ناوبراو وێنەی تۆماری ئەو زەوییانە داوابکەن‌و ڕاستییەکان بە چاوی خۆتان ببینن.

چــوارەم/ لــە ڕاپــۆرتــەکــەدا، زۆر بە دڵنیاییەوە ئاماژە دەکات بەوەی کە کۆمپانیای بەڕێز، تاوەکو ئێستا نە (٢٥٠٠٠)خـانـوو، نە هیچ کارێکی ئەنجام داوە لەسەر ئەو پارچە زەوییانەی کە نزیکەی (٦) ساڵە بۆی تەرخانکراوە، بەڵام جێی خۆیەتی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە کە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆیەو پشتگیری ڕای ئـازاد دەکـات، هەڵوێستەی بکردایە لەبەرامبەر ئەو ناڕاستییەی لای ســەرەوە، چونکە لە ئێستادا هیچ پارچە زەوییەک نەماوە کە لە مـاوەی (٣) ساڵی ڕابردوودا تەرخانکرابێت لەو زەوییانەی کە تەرخانکراون بۆ کۆمپانیاکەمان، نەک (٦) ساڵ پڕۆژەی لەسەر ئەنجام نەدرابێت‌و سەبارەت بە سیستمی دروستکردنی خانووەکان، هەرچەندە بەپێی گرێبەستی ئاماژەپێکراوی ســەرەوە، کۆمپانیاکەمان سەربەستە لە بەکارهێنانی هــەرجــۆرە سیستمێک بۆ دروستکردنی یەکەنیشتەجێبوونەکان‌و بۆ زانیاریتان پڕۆژەی باڵەخانەو خانووەکانی (دیە سیتی) بە هــەردوو سیستمی تونێل قالب‌و ستایرۆپۆر کۆنکریتی ئەنجامدراون‌و قــەرزی ســنــدوقــی نیشتەجێبوون بۆ باڵەخانەکان وەرگیراوە، هەروەها داوای پێشینەی خانووبەرە کراوە بۆ خانووەکان‌و بە شاهێدی هاوڵاتییان‌و بەشداربووان، تەنها پڕۆژەکانی کۆمپانیای بەڕێز دەبنە پــڕۆژەی نیشتەجێبوونی گونجاو کە لە داهاتوودا خزمەت بە چینی مامناوەندو خوار مامناوەند بکەن، لەبەرئەوەی خزمەتگوزاریی ناوپڕۆژەکان لە ئەستۆی دامودەزگاکانی حکومەت بوو، هیچ خزمەتگوزارییەک لەناو پڕۆژەکان کەم نەکراوەتەوەو سەرجەم ماستەرپلانی پڕۆژەکان بەپێی ڕێنمایی‌و یاساکانی حکومەتی عێراقی، وەزارەتــی پلاندانان ئەنجام دراوەو هەموو هاوڵاتییەک مافی خۆی دراوەتێ لە خزمەتگوزاریی ناو پڕۆژەکاندا.

پێنجەم/ لە پڕۆسەی تیروپشکی زیاتر لە (٢٠٠٠)یەکەی نیشتەجێبوون لەشاری سلێمانی، ئایا هەواڵی کام پڕۆژانەبوون بڵاوکرانەوە، لە کاتێکدا نوێنەری ڕۆژنامە بەڕێزەکەتان ئامادەبوونی هەبوو لەو پڕۆسەیەدا، هەروەها پێدانی یەکەی نیشتەجێی بێ پێشەکی، یاخود پێشەکییەکی کەم کە ئێستا لە پڕۆژەکانی (گۆران سیتی لە هەڵەبجەو ڕۆژسیتی لە ڕانیەو هاموون سیتی لە کۆیە) ئەنجام دەدرێت، ئایا پڕۆژەکانی کام کۆمپانیایەن.

شەشەم/ بۆ زانیاریی بەڕێزتان‌و ڕای گشتیی‌و سەرجەم بەشداربووانی پڕۆژەکانی ئـاسـوودە، تاکە پــڕۆژەیــەک لە هەرێمی کوردستان کە بەپێی گرێبەست جێبەجێ بکرێت، تەنها پڕۆژەی ئاسوودەیەو ئامادەین‌و بەرپرسین لە بەرامبەر هــەر بڕگەیەکی گرێبەستی نێوان کۆمپانیاکەمان‌و دەستەی وەبەرهێنان لەلایەکو بەشداربووان لەلایەکی ترەوە.

**کۆمپانیای بەڕێز**

# ـێری کەرکوکدان

هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەفتەی ڕابردوو وەک نوێنەری سەرجەم پارت و لایەنەکان لەگەڵ پارێزگاری کەرکوک کۆبووینەتەوەو داوامانکردووە کە هەوڵی جدیی بدرێت بۆئەوەی عەرەبە هاوردەکان لەسەر شاری کەرکوک تۆمارنەکرێن، کە بە بڕوای ئێمە تۆمارکردنیان درێژەدانە بە سیاسەتی بەعەرەبکردن، کە لە سەردەمی بەعسدا ئەنجامدراوە».

شێرزاد، وتیشی: «کۆمیتەیەکی هاوبەشمان پێکهێناوەو بڕیارمانداوە بەر لە ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی، سەردانی ئەو شوێن و ناوچانە بکەین کە تائێستا ئاوارەی کەرکوکی تێدا نیشتەجێیە، بەتایبەت لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و داوایان لێدەکەین لە ڕۆژی سەرژمێریی گشتیدا بگەڕێنەوە شاری کەرکوک و خۆیان تۆماربکەن، چونکە بەشداریکردنیان پێوەرێکی گرنگی کوردستانییەتی شاری کەرکوکە».

لەسەر ئاستی پارێزگاش لیژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتی پارێزگاری کەرکوک پێکهێنراوە بۆ سەرپەرشتی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان.

عەبدولڕەحمان مستەفا، سەرۆکی لیژنەکەو پارێزگاری کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لیژنە باڵاکە بە ئەندامێتیی بەڕێوەبەری فەرمانگە پەیوەندیدارەکان پێکهێنراوەو لە هەوڵداین پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت، لەکاتێکدا قۆناغە سەرەتاییەکانی بەباشی بەڕێوەچووە».

پارێزگاری کەرکوک، وتیشی: «لیژنە باڵاکە بەڕێوەبەرانی تورکمان و عەرەبیش ئەندامێتیی تێدادەکەن و لە هەوڵداین ئەو خێزانە عەرەبە هاوردانەی لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠)دا قەرەبووکراونەتەوەو ئەو خێزانانەی دوای ساڵی (٢٠٠٣) بەهۆی جەنگی تایفییەوە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور کۆچیان کردووە، لە کەرکوک تۆمار نەکرێن، لەگەڵ تۆمارکردنی ئەو خێزانە کوردە ئاوارانەی گەڕاونەتەوە بۆ شاری کەرکوک».

هەرچەندە هەوڵەکان بە ئاراستەی ڕێگرتن لە تۆمارکردنی عەرەبە هاوردەکان چڕکراونەتەوە، بەڵام ئەندامێکی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی کەرکوک، پێیوایە: هیچ گرەنتییەک نییە لە تۆمارنەکردنیان.

ئەحمەد عەسکەری بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «وەک لیستی برایەتی و کورد لەگەڵ بەڕێوەچوونی سەرژمێریی دانیشتووانداین و تەنیا مەترسیشمان عەرەبە هاوردەکانە، چونکە بەپێی ئەو ئالیەتانەی ئێستا کە بڕیارە سەرژمێرییەکەی پێ ئەنجامبدرێت، گرەنتی نییە بۆئەوەی ئەو خێزانانە تۆمارنەکرێن، کە دەکەوێتە سەر ویژدانی ئەو لیژنەیەی ناوەکان تۆماردەکات و پێشتر بڕیاربوو هەر لیژنەیەک سەرۆک و جێگری هەبێت، بەڵام ئێستا ئالیەتەکە وایە لیژنەکان تەنیا سەرۆکیان هەبێت، کە ئەمەش مەترسی تۆمارکردنی ناوی خێزانە هاوردەکانی لێدەکرێت».

دەستووری عێراق (٧) پارێزگای عێراق، کە کێشەی لەسەرە وەک ناوچەی جێناکۆک دیاریکردووە، کە دیارترینیان پارێزگای کەرکوکە، هەربۆیە مەترسی دەکرێت پرۆسەی سەرژمێریی لەو پارێزگایە دوابخرێت.

حەسەن توران وتیشی: «بەردەوام پەیوەندیی بە وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە دەکەین بۆ ڕاگرتنی پرۆسەکەو بەنیازین پەنا ببەینە بەر دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، داواشمانکردووە لە حاڵەتێکدا ئەگەر سەرژمێریی لە کەرکوک ئەنجامبدرێت، با لە فۆرمە تایبەتەکەدا تۆماری نەتەوەو مەزهەب لاببرێت، چونکە پرۆسەکە تەنیا بۆ ئەوەیە ئامارێک لەبەردەستدا بێت تاکو بەپێی ئەوە خزمەتگوزاریی بگەیەنرێتە دانیشتوانی عێراق».

## «بۆ دژایەتیکردنی مادەی (١٤٠)»

# (١٠) پەرلەمانتاری تورکمانی دەبنە یەک کوتلە

**پ. کەرکوک**

ئەندامە تورکمانەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەوڵی دروستکردنی کوتلەیەکی سەربەخۆدان لە دەرەوەی هاوپەیمانێتییەکانیان و بەرپرسێکی بەرەی تورکمانیش ڕایدەگەیەنێت، هەوڵەکەیان بۆ ڕاستکردنەوەی دۆخی کەرکوکە.

لە هەڵبژاردنی (٣/٧)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا تورکمانەکان بوونە خاوەنی (١٠) کورسی، کە (٨)یان بە تەنیا کورسی بەرەی تورکمانین لە چوارچێوەی لیستی عێراقییەداو دووانەکەی دیکەش بەسەر هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی شیعەکاندا دابەشبوون، کە بە بەراورد لەگەڵ خولی ڕابردووی پەرلەمانی عێراقدا ڕێژەی کورسییەکانیان دوو هێندە زیادیکردووە.


تەلعەت عیزەت، بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی بەرەی تورکمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە هەوڵی دروستکردنی کوتلەیەکی تورکمانین لە دەرەوەی لیستەکان، ئێستا بە ڕەچاوکردنی مانەوەمان لە لیست و هاوپەیمانێتییەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنەکاندا هەنگاوی باشیشمان ناوە».

لەبارەی ئامانج و ستراتیژی دروستکردنی ئەو کوتلەیە، بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی بەرەی تورکمانی ڕایگەیاند: «وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی عێراق مافی خۆمانە وەک تورکمان خاوەنی کوتلەیەکی بەهێزی پەرلەمانی بین و ئامانج و ستراتیژمان لە دروستکردنی ئەو کوتلەیە پێداچوونەوەیە بە دۆخی ئێستای کەرکوک و لەناوبردنی ئەو هەزاران زیادەڕۆیییەی کە کراونەتە سەر موڵکی گشتیی و دیمۆگرافیای کەرکوکی پێ گۆڕاوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاردەکەین بۆ هەڵوەشاندنەوەی مادەی (١٤٠)، چونکە پێمانوایە وادەی زەمەنیی بەسەرچووەو دەبێت وەک لایەنە عێراقییەکان بیر لە بەدیلێکی نیشتمانیی بکەینەوە».

خولی ڕابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تورکمانەکان خاوەنی (٥) کورسی بوون و تەنیا یەک ئەندامیان سەر بە بەرەی تورکمانیی بوون و هۆکاری سەرەکیی بوون بۆ چەسپاندنی مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و کەرکوکیان بێبەشکرد لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ٢٠٠٩/١/٣١، دواتر بە مادەی (٦)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بارێکی تایبەتیشیان بە کەرکوک دا بۆ هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧.



# گەندەڵی و گریان بۆ کەرکوک



پشتیوان ئەحمەد

من لێرەدا نامەوێت بە وردیی لەسەر دیاردەی گەندەڵیی بدوێم، تەنیا ئەوە مەبەستمە ئاماژە بە قۆناغی ئێستای گەندەڵیی و گریان بۆ کەرکوک و کەرکوکییەکان بکەم.

ئێستا دەسەڵات، باڵی گەندەڵەکان، یان دەکرێت بە هەڵۆکانی دەسەڵات ناوزەدیان بکەین، لەبەرچاوی دونیاوە سەرقاڵی ئاودیوکردنی نەوتی هەرێمن، ئەم نەوتە چۆن دەکرێت و بە چ شێوەیەک دەفرۆشرێت و بەکێ و پارەکەی بۆ کوێ دەچێت؟، ئەمانە پرسیارگەلێکن تائێستا خەڵکی کوردستان و نوێنەرەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان بەدوای وەڵامەکانیان وێڵن، ئەم ئاودیوکردنە فەزیحەیەکە هەموو ڕۆژنامەکان و کەناڵەکانی دونیا باسی دەکەن و دوورابیەکانی شەن وکەو دەکەن، کەچی ئەم ئاودیوکردنە بەردەوامەو وەڵامەکانی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمیش بەهیچ شێوەیەک سروشتی نین و سەرلەبەری ناکۆک و دژبەیەکن، بۆ چەواشەکردنی جەماوەرو لادانی سەرنجی لەم کارە ناشارستانییە، دەبینین دەسەڵات ڕاگەیاندنەکانی دەخاتەگەڕو دەستدەکات بە گریان و شین و واوەیلا بۆ کەرکوک و کەرکوکییەکان، هانی خەڵک دەدات لە ئامادەباشیدا بن بۆ پووچەڵکردنی پیلانی عەرەبە شۆڤێنییەکان و تورکمانە تۆرانییەکان.

لەکاتێکدا ئێمە پێویستمان بە خیتابێکی نەرم و میانڕەوە لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، ئەم خیتابە توندەی دەسەڵاتی کوردی یەکێک لە هۆ سەرەکییەکان بوو، کە وایکرد کەسانی عەرەبی شۆڤێنی هەزاران دەنگی دەنگدەری عەرەب بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و تورکمان و بەرەی تورکمانی و عەرەب و دەمڕاستەکانیان لەیەک بەرەی یەکگرتووی توندڕەودا لەبەرامبەر کورد بوەستنەوەو شەش کورسی، وەکو کورد، لە کەرکوک بەدەستبهێنن.

ئەگەر دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان پابەندبێت بە دەستووری عێراق و بۆندە نەوتییەکانی دەستووریی و یاسایی بێت و دەست لە قاچاخبردنی نەوت، کە موڵکی میللەتە هەڵبگرێت و لە ڕاگەیاندنەکانیشیدا خیتابێکی میانڕەو پەیڕەوبکات و حورمەتی ئۆپۆزسیۆن و ڕۆژنامەی ئازاد بگرێت و تەنگیان پێ هەڵنەچنێت و سیاسەتی نانبڕین، کە لە کوشتن قێزەونترە، پەیڕەو نەکات، دڵنیایان دەکەم کەرکوکییەکان بە کوردو عەرەب و تورکمانەوە، دەنگ بۆ ئەوە دەدەن کەرکوک ببێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەریش، لەوانەش تورکیا دێننە سەر ئەو باوەڕە، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر دەسەڵات بەتایبەتی باڵی هەڵۆکان لە کارە نایاساییەکانی بەردەوام بوو، ئەوا هەمدیس دڵنیایان دەکەم کە کەرکوکییەکان هەڵوێستیان دەبێت، مێژووش ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە خەڵکی کەرکوک، بەتایبەتی کوردی کەرکوک وریان و ئازاو ئازادیخوازن، هەر ئەوان بوون لەساڵی (١٩٢١) بایکۆتی بەیعەی مەلیک فەیسەڵیان کردو شانازییان بە کوردبوونی خۆیانەوە کردو ملیشیان بۆ دەسەڵاتی خۆماڵیی ئەو سەردەمە نەدا.

# ـەرکوک کەمتەرخەمی هەیە



ئاگاداری ئیشوکارەکانی دەبێت، هەروەها سەرپەرشتی دامودەزگاکان دەکات، بەڵام ئێمە ئێستا وەکو پێویست ئاگاداری ئەو ئیشوکارانە نین، بەڵام نەمانکردووەتە ئاستەنگ ئەگەر دەسەڵاتمان بەشێوەی نووسراو بێت و ئەگەر بزانم دەسەڵاتم چییە داهێنان دەکەم.

**ڕۆژنامە: بۆچی لەنێوان پارێزگاو قایمقامییەتدا هەماهەنگی و پەیوەندیی نییە؟**

* ئێمە لەم ماوەیەدا کە ئیشمانکردووە بێ پارێزگار هیچمان نەکردووەو ڕاوێژمان لەگەڵ کردووە، ئەگەر پێشنیازمان هەبووبێت بەرزمانکردووەتەوە بۆ پارێزگارو ئەویش تا ڕادەیەک هاوکارمان بووە.

**ڕۆژنامە: چی دەکەن بۆ لابردنی ئەو هەموو زیادەڕۆییانەی کە لە شارەکەدا کراوەو هەروەها جوانکردنی سیمای شار؟**

* ئێمە لەو هەڵمەتەی کە ئێستا دەستمانپێکردووە، بۆ نەهێشتنی زیادەڕۆییە، لەبەر ئەوەی گرفتی زەویمان هەیە لە کەرکوک، چونکە کێشەی موڵکداریی تائێستا چارەسەر نەکراوە، بۆیە ئێمە زەویمان زۆر زۆر کەمە، ئەوەیشی کە هەیە هی شارەوانییە، یان هی دەوڵەتەو زیادەڕۆیی لەسەر کراوە، بۆیە دەکرا لەو شوێنەدا پڕۆژە ئەنجام بدەین، بۆیە ئێمە ناچاربووین ئەو زیادەڕۆییانە لاببەین، چونکە پێویستیمان بە شوێنە، هەروەها کۆبوونەوەمان لەگەڵ موختارەکان کردووەو بە نیازین ڕێکیان بخەینەوە، جگە لەمە هەوڵمانداوە کێشەی ئاژەڵی بەرەڵڵا چارەسەر بکەین.

لابردنی ئەو زیادەڕۆییانە ئەو شوێنە دەگرێتەوە، کە کەسێک خانووی هەیەو خانوویەکی کردووە بۆ کرێ، یان گەراجی کرێ، بەڵام ئەگەر ئاوارەیەک کە هاتووتەوە بۆ کەرکوک ئێمە وەکو ئیدارەی پارێزگای کەرکوک، نەمانتوانیوە خانووی بۆ دروست بکەین، ئێستا دەستکاریی ئەوە ناکەین، تا خانوویان بۆ دروستدەکرێت، جگە لەوە باخچەی زیاد دروستدەکەین و دەروازەی شار جوان دەکەین، ئەو شوێنانەی پێویستیان بە خزمەتگوزارییە، هەوڵدەدەین خزمەتگوزارییان بۆ بکەین.

**ڕۆژنامە: یەکێتی و پارتی لە چەند ساڵی ڕابردوودا زەوییەکی زۆریان بە نایاسایی دابەشکردووە چۆن چارەسەری دەکەن؟**

* ئێمە پشتگیریی لە هاتنەوەی ئاوارە دەکەین، هەر لایەنێک زەوییەکی بەسەر خێزانیکدا دابەشکردبێت و خانووی تێدا دروستکردبێت، دەستکاریی ناکەین، بەڵام ئەگەر بێتە سەر بازرگانیکردن ئەوە قبووڵ ناکەین، دواتر ئێمە کەس تاوانبار ناکەین، بڵێین: یەکێتی و پارتی و گۆڕان و یەکگرتوو، چونکە ڕەنگە کەسانێک هەبن زیادەڕۆییان کردبێت و زەوییان بە خەڵک فرۆشتبێت بە ئاشکرا، ئێمە ئەمانە قبووڵ ناکەین.

**ڕۆژنامە: دەتوانن ئەو موڵکانە وەربگرنەوە کە بەرپرسان دەستیان بەسەرداگرتووە؟**

* ئەگەر ئەو زەوییە بۆ خزمەتی ئاوارە نەبووبێت و بۆ بازرگانیکردن بوو بێت قبووڵی ناکەین، هەوڵدەدەین ئەو زەوییانە وەربگرینەوە کە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی فرۆشراون.

**ڕۆژنامە: تاچەند هەستت بەوە کردووە کە ئیدارەی کەرکوک زوڵم و ستەمی لە خەڵکی کەرکوک کردووە لە مەسەلە خزمەتگوزارییەکاندا؟**

* کەمتەرخەمیی هەیە، بەڵام وشەی «زوڵم» قورسەو ناتوانین بڵێین، زوڵم کراوە، دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کەرکوک بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد، پێویستە بۆ هەر کارێک و ئەنجامدانی هەر پڕۆژەیەک پەیوەندیی بە دەسەڵاتی ناوەندەوە بکەین، دەبێت ئەوان ڕەزامەندیی نیشانبدەن، لەبەرئەوە زۆر کارمان دوادەکەوێت.

**"نازانرێت ئێستا ئێمە لەسەر کام یاسا دەڕۆین، لەسەر یاساکەی بریمەر، یان یاسای دوای بریمەر، یان یاسای دوای هەڵبژاردن"**

داوا دەکرێت دادگای دەستووریی دابمەزرێنرێت 12

## تلانەوە



ئەگەر هەر تاکێکی کوردی کەرکوک بدوێنیت، بەدەر لە کێشە کەسییەکانی تایبەت بە خۆی، وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی، کۆمەڵێک کێشە باس دەکات کە تەنهاو تەنها تایبەتن بە خەڵکی کەرکوک کە هەموو کوردی ئەم شارە لەو کێشانەدا هاوبەشو هاوخەمنو زۆرجار ئەم خەمە گشتییانە بوونەتە خەمی تایبەتی. بەر لە (٢٠٠٣)، یەک تاک هۆکاری دروستبوونی هەموو ئەو کێشانە بوو، بەڕادەیەک مرۆڤ دەیتوانی خوێندنەوەی خۆی بۆ بکاتو بڕیاری خۆی بدات: بەگژاچوونەوە، یان تەسلیم بوون بە ئیرادەی ئەو تاکەو دوای ونبوونی ئەو تاکە، ئەم شارە کەوتووەتە نێوان چەند لایەنو گرووپێکەوە کە لە سایەیاندا کێشەکانی بەر لە (٢٠٠٣) زیادیان کردووەو ئاڵۆزتر بوون. گەورەترین گرفت لەوەدایە کە ناوەندی چارەسەری ئەم کێشانە وەک دواڕۆژی ئەم شارە ونو نادیارە، ئەمەش خەڵکی ئەم شارەی تووشی سەرئێشەیەکی درێژخایەن کردووەو بەردەوام پێوەی دەتلێنەوە.

دەردەسەری مامۆستاو خوێندکار لە نێوان هەولێرو بەغدا لە هاتوچۆدایەو خوێندنی کوردی بە دەستی سیاسەتی حیزبەوە لە پاشەکشەی بەرچاودایە.

جوتیارانی کورد، دوای حەوت ساڵ هێشتا تاپۆی زەوییەکانیان لە سەر ناوو لە باخەڵی عەرەبی هاوردەدایە، (٣٥) گوندی کاکەیی هێشتا بە داگیرکراویی ماونەتەوەو مانەوەی ئەم کێشەیە بەربەستی یاسایی زۆری دروستکردووە بۆ جوتیاری کورد. تا ئێستا بۆ بانکی کشتوکاڵی کەرکوک، دەیان ملیار دینار هاتووە بۆ کۆمەکی جوتیارانو لەبەر نەبوونی تاپۆو ئەو بەربەستە یاساییە، زۆربەی زۆری جوتیارانی کورد لەو هاوکارییە بێبەشن.

بەر لە (٢٠٠٣)، چەندین ناحیەو قەزا لە کەرکوک دابڕانو چەندینیش وێرانکرانو سیفەتی ناحیەو قەزایان لە دەستداو لە (٢٠٠٣)وە تا ئێستا، ئەم کێشەیە بەبێ چارەسەر ماوەتەوە. هەردوو ناحیەی قەرەهەنجیرو شوان لەو ناحیانەن، کە تا ئێستا لە بەغدا وەک سەربازگە تۆمارکراون، ئەمەش کێشەی نیشتەجێبوونو تاپۆکردنی زەویو خانووی دروستکردووە.

پێش (٢٠٠٣)، تۆماری نفوسی هەموو ناوچە کوردنشینەکانی کەرکوک گوازرانەوە بۆ موسڵ، دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق بەشێک لەو تۆمارانە گەڕانەوە هەولێرو بەشی زۆری ئەو تۆمارانە لە هەولێر ماونەتەوەو نە گەڕێنراونەتەوە بۆ کەرکوک، کە ئەمەش کێشەی بۆ ئاوارە گەڕاوەکان دروستکردووە، جیاوازی لە ناوو ساڵی لە دایکبوون لە نێوان تۆماری کۆنو تۆماری نوێ یەکێکە لەو کێشانە. لەم ماوەیە بە دواداچوونم کرد بۆ ئەم کیشەیەو بۆم دەرکەوت کە کەسانێکی زۆر بەم کێشەیەوە تووشی سەرئێشە هاتوونو کێشەی یاساییان بۆ دروستبووە.

ئەمانە چەند نموونەیەکی زۆر کەمن لە کێشەکانی کەرکوک کە حەوت ساڵە باس دەکرێنو چارەسەر ناکرێن، لای کێیە؟ کێ دەیکات؟ بەپێی کام یاسا؟ کێ لێی بەرپرسیارە؟ لە کۆتاییدا وەڵامی ئەمانەو دەیان پرسیاری تر، خۆیان لە جێبەجێکردنی بەندەکانی مادەی (١٤٠)دا دەبیننەوە، ئەو مادەیەی تا ئێستا نەک هیچ هەنگاوی ئەوتۆی بۆ نەنراوە، بەڵکو لەنێوان مردوویيو زیندوویيدا ماوەتەوە. لای لایەنی کوردی ئەم مادە دەستوورییە زیندووە، لای بەرامبەریش مردووەو لای هەندێکی تریش نیوە مردووە، کەرکوکیش لە تلانەوەی بەردەوامدایە، خاوەنماڵیش بە دیاریەوە دۆش داماوە!

siver575@hotmail.com

# عەرەبو تورکمان لە هەوڵی پەکخستنی سەرژمـ

ئارام جەمال- کەرکوک

لەگەڵ نزیکبوونەوەی دوایین قۆناغی سەرژمێریی گشتیی لە عێراقدا، جارێکی دیکە عەرەبو تورکمانەکانی کەرکوک دژایەتی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە دووپاتکردەوەو لە هەوڵی پەکخستنی پرۆسەکەدان لە کەرکوک.

ساڵی رابردوو قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرژمێریی گشتیی، کە خۆی لە گەمارۆدانو ژمارەلێدانی گەڕەکو شەقامو شوێنە گشتییەکاندا دەبینییەوە، لە سەرانسەری عێراقدا بەڕێوەچوو، بەڵام بەهۆی ناکۆکیی نێوان پێکهاتە سیاسییەکانی عێراقەوە، بەتایبەت لەسەر کێشەی کەرکوک، دوایین قۆناغی سەرژمێریی گشتیی بۆ مانگی (تشرینی یەکەم)ی ئەمساڵ دواخراو رۆژانی (١٨/٧-٢/٨)یش سەرلەنوێ پرۆسەی نوێکردنەوەی قۆناغەکانی ساڵی رابردوو ئەنجامدرایەوە.

عەدنان رەزا بابا، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاماری کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «قۆناغی نوێکردنەوە لە شاری کەرکوک بەسەرکەوتوویی ئەنجامدراوە بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەک دروستبێت، لە مانگی (تشرینی یەکەم)ی ئەمساڵیشدا لەگەڵ تەواوی پارێزگاکانی عێراقدا لە شاری کەرکوک گرنگترین قۆناغی سەرژمێریی، کە سەرژمێریی دانیشتووانە ئەنجامدەدرێت».

کوردەکان لەگەڵ سەرخستنی پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی عێراقدان، بە کەرکوکیشەوە، سەرەڕای ئەوەی مەترسییان لە تۆمارکردنی عەرەبە هاوردەکان لە کەرکوک هەیە، بەڵام تورکمانو عەرەبەکان لە دژی دەوەستنەوە.

ئەنجومەنی سیاسیی عەرەب، کە لە نزیکەی (١٠) لایەنو کەسایەتی عەرەبی سنووری پارێزگای کەرکوک پێکهاتووە، لە نامەیەکدا کە ئاراستەی سەرجەم دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانی عێراقو نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکانیان لە عێراق کردووە، داوادەکەن دەستبەجێ هەوڵی راوەستاندنی سەرژمێریی گشتیی بدرێت بە سەرجەم قۆناغەکانییەوە، تا ئەوکاتەی مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک جێبەجێدەکرێت.

لە نامەکەدا، کە وێنەیەکی لای رۆژنامەیە، تیایدا هاتووە: «لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)وە گۆڕانکارییەکی زۆر لە دیموگرافیای کەرکوکدا کراوە بە قازانجی نەتەوەیەکی دیاریکراو و چەندین بیناو خانوو لەسەر موڵکی گشتیی دروستکراونو خەڵکانێک هاتوونەتە شارەکە، کە خەڵکی کەرکوک نین، بۆیە تا مادەی (٢٣) جێبەجێدەکرێت پێویستە پرۆسەی سەرژمێریی لە کەرکوک ئەنجامنەدرێت».




هاوکات بۆ پەکخستن یاخود گۆڕانکاریی لە پرۆسەکەدا، تورکمان پەنا بۆ وەزارەتی پلاندانانی عێراقو دادگای باڵای عێراق دەبات.

حەسەن تۆران، ئەندامی لیستی بەرەی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەم بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «وەک نەتەوەی تورکمان هەڵوێستمان روونەو لە دژی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێرین لە کەرکوک، چونکە بە بڕوای ئێمە بەر لەساڵی (٢٠٠٣)و لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)یش گۆڕانکاریی دیمۆگرافیای گەورە لە کەرکوک لەسەر دەستی هەردوو نەتەوەی عەرەبو کورد ئەنجامدراوە، بۆیە لە دۆخێکی ئاوهاداو بەبێ جێبەجێکردنی مادەی ٢٣ی یاسای (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)، کە تایبەتە بە ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک، لە دژی ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێرین».

سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراق، کە وابڕیارە مانگی (١٠/٢٠١٠) ئەنجامبدرێت، تەنیا پێوەر تیایدا بۆ بەشداریکردنی هەر هاوڵاتییەک، بوونی ناسنامەی عێراقییەو پاشانیش ئەو ناسنامەیە هی هەر پارێزگایەک بێت بەناوی ئەو پارێزگایەوە تۆماردەکرێت.

بەهۆی سیاسەتی راگواستنو بەعەرەبکردنەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا، بە هەزاران خێزانی کورد لە شاری کەرکوک راگوێزراونو تائێستاش بەشێکی زۆری ئەو خێزانانە نەگەڕاونەتەوە بۆ شارەکەی خۆیان، لەبەرامبەریشدا بە هەزاران خێزانی عەرەبی هاوردە لە کەرکوک نیشتەجێکراون، ئەمەش ناکۆکیی دروستکردووەو پارتو لایەنە کوردستانییەکانیش کۆمیتەیەکیان بۆ چارەسەری ئەو کێشانە پێکهێناوە.

لەوبارەیەوە ئامۆزا شێرزاد،

# قایمقامی کەرکوک: ئیدارەی ک



**کامیل ساڵەیی، قایمقامی کەرکوک باس لەوە دەکات، قایمقامیەتی کەرکوک ئاگاداری ئیشوکارەکانی شارەکە نییەو تائێستا نازانن دەسەڵاتەکانیان چییەو بۆ هەر کارو پرۆژەیەک دەبێت پەیوەندیی بە دەسەڵاتی ناوەندەوە بکەن، ئەوەش کارەکان زۆر دوادەخات.**
**سەبارەت بە زەوی زیادەڕۆ لە کەرکوک دەڵێت: «هەوڵدەدەین ئەو زەوییانە وەربگرینەوە کە بۆ بازرگانیکردنو بەرژەوەندیی تایبەتی فرۆشراون».**

سازدانی: شاڵاو محەمەد
هاوڕێ عەبدوڵڵا

**رۆژنامە: باس لەوە دەکرێت، کە ئێوە وەکو قایمقامیەتی کەرکوک نازانن دەسەڵاتەکان چییە ئەمە بۆ؟**

*ئەوەی تۆ دەیڵێیت راستە، لەبەر ئەوەی کەرکوک هەڵبژاردنی تێدانەکراوە، نازانرێت ئێستا ئێمە لەسەر کام یاسا دەڕۆین، لەسەر یاساکەی بریمەر، یان یاسای دوای بریمەر، یان یاسای دوای هەڵبژاردن، کە دەسەڵاتی پارێزگاکان زۆر زیادبووەو بەشێوەی لامەرکەزیی ئیدارەی شار دەکەن، بەڵام لە شاری کەرکوکدا ئەو دەسەڵاتە نییە، ئێمە دەبێت بۆ هەر شتێک پرسیار لە دەسەڵاتی ناوەند بکەین، دیارە دەسەڵاتی قایمقامیش هەر بەو شێوەیەیە.

**رۆژنامە: نەبوونی دەسەڵات چ گرفتێکی بۆ دروستکردوون؟**

*رەنگە ئێمە بتوانین زیاتر کاربکەین، ئەو کاتە دەتوانین بچینە ناو هەموو فەرمانگەکان کە بەپێی دەستوورو ئەو بڕیارانەی دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە لە شارەکانی دیکەدا کرا، دەسەڵاتی قایمقامییەت ئێجگار زۆرە کە بەرزترین بەرپرسی یەکەی ئیدارییە لە شارداو سەلاحیەتی زۆری هەیە، کە هەموو فەرمانگەکان دێنەوە لای قایمقامییەتو

## هاوپەیمانیی شیعەکان بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەڕوات

# شەڕی مەرجی لیستەکان دەستیپێکرد




راپۆرتی: هەستیار قادر

ناکۆکیی لەسەر کاندیدی سەرۆک وەزیران، هاوپەیمانێتی شیعەکان بەرەو هەڵوشاندنەوە دەبات و لیستە سیاسییەکانیش شەڕی مەرج دەستپێدەکەن و ئەندامێکی ئیئتیلافیش دەڵێت: «ئەگەر مالیکی سووربێت لەسەر هەڵوێستی لەگەڵ کوردو عێراقییە، حکومەت پێکدەهێنین».

### شیعەکان پەرتەوازە دەبن

لەپاش ئەوەی هەردوو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی و دەوڵەتی یاسا هاوپەیمانێتییان پێکهێنا، تابتوانن وەک کوتلەی زۆرینەی پەرلەمانی حکومەت پێکبهێنن، بەهۆی سووربوونی نوری مالیکی لەسەر دووبارە خۆکاندیدکردنەوەی بۆ ئەو پۆستە، ئیئتیلافی نیشتمانیی وەک هەڵوێستێک پرۆسەی دانوستانی نێوانیانی راگرت و بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەشی مەرجی وازهێنانی مالیکیان داناوە لەو پۆستە، ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشتر لیژنەیەکی (١٤) کەسی لەنێوان هەردوو لیستدا پێکهێنرابوو وەک دەستەیەکی دادوەریی بۆ هەڵبژاردنی یەک پاڵێوراو لەو دوو لیستە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران و سەدرییەکانی نێو ئیئتیلاف لەدژی دووبارە کاندیدکردنەوەی مالکین و داوا لە لیستی دەوڵەتی یاسا دەکەن کەسێکی تر بپاڵێون، بەردەوامیی ئەم کێشەیەش ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی دوو هاوپەیمانێتییە شیعەکەی لێدەکرێت، بەوپێیەی مالیکی ئامادەنییە واز لە دووبارە خۆکاندیدکردنەوەی بهێنێت، بەڵام محەمەد بەیاتی، ئەندامی ئیئتیلافی نیشتمانیی بۆ رۆژنامەی روونکردەوە: ئەو هەنگاوە مانای هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتیی شیعەکان نییەو وتیشی: «کێشەکانمان لەسەر یەک خاڵە، کە ئەویش کاندیدکردنەوەی مالیکییە، نەک لەسەر هەموو خاڵەکانی نێوانمان، بەڵام ئەگەر مالیکیش سووربێت لەسەر هەڵوێستەکەی، لەگەڵ کوردو عێراقییە حکومەت پێکدەهێنین»، هاوکات لیستی عێراقییە بە سوودمەندترین لایەن دەبێت لە دروستبوونی کێشە لەنێوان ئیئتیلافی نیشتمانیی و دەوڵەتی یاسا، بەتایبەت کە لیستی عێراقییە خۆی بە شایتسەی دەستووری پێکهێنانی حکومەت دەزانێت، بەوپێیەی زۆترین کورسی لە هەڵبژاردندا بەدەستهێناوەو بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم ئەو هەنگاوەشی بە هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتیی شیعەکان نامێنێت، کە ئەوانیش بوونی کوتلەی زۆرینەی شیعەکان لەناو پەرلەمان و خودی نوری مالیکییە، کە داوای پۆستی سەرۆک وەزیران دەکات

لەوبارەیەشەوە محەمەد تائی، ئەندامی لیستی عێراقییە لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەدا: کە کێشەی نێوان دوو لیستە شیعەکە شتێکی نوێ نییە لەسەر پرسی سەرۆک وەزیران، بەڵام ناکۆکیی نێوان ئیئتیلافی نیشتمانیی و دەوڵەتی یاسا رێگەی بەردەم لیستی عێراقییە ئاسان دەکات بۆ پێکهێنانی حکومەت.

### دەوڵەتی یاسا بەردەوامە

وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە هەڵوێستی ئیئتیلافی نیشتمانیی سەبارەت بە راگرتنی دانوستانی لەگەڵ لیستەکەیان دوێنێ لیستی دەوڵەتی یاسا کۆبوونەوەیەکی بەپەلەیان سازداو تیایدا بڕیاریاندا بەردەوامیی بە دانوستانەکانیان بدەن لەگەڵ سەرجەم لایەنەکان».

لەوبارەیەوە عەلی عەلاق، ئەندامی لیستی دەوڵەتی یاسا، کە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەی کردبوو، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «دانوستانەکان لەسەر هەڵوێستێکی سیاسیی راناگیرێن لەو کۆبوونەوەیەشدا رێکەوتین کە درێژە بە کۆبوونەوەکانمان بدەین لەگەڵ کوردو عێراقییەو تەنانەت خودی ئیئتیلافیشداو هیچ لایەن و هێزێکیش نییە بتوانێت رێ لە رەوشی دانوستان بگرێت».

عەلاق، ئاماژەی بەوەشدا: کە پرسی پێکهێنانی حکومەت و مافی هاوپەیمانێتییە شیعەکە لە پێکهێنانی بووەتە ئەمری واقیع و ئەمەش گوشار دەخاتە سەر دوو پێکهێنەرە سەرەکییەکەی ئەو هاوپەیمانێتییە بۆ دووبارە گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ.

### شەڕی مەرج دەستی پێکرد

لەماوەی دوای پەسەندکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا، گفتوگۆی لیستە سیاسییەکان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕی، کە لە یەکترناسینەوە دەستی پێکرد تا خستنەڕووی بنەما سەرەکییەکان و لێکگەیشتنی سەرەتایی، بەبێ ئەوەی دەرەنجامێکی ئەوتۆی هەبێت و حکومەتی پێ دروستبکرێت، ئەمەش وای کردووە کە دانوستان و گفتوگۆکان بچنە قۆناغێکی هەستیارتر، کە ئەویش قۆناغی شەڕی مەرجی لیستەکانە، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ ئەو مەبەستە لیستێکی (١٦) خاڵییان ئامادەکرد، کە چەند مەرجێکی سەرەکیی تیابوو، گرنگترینیان جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بوو، کە وەک مەرجی کورد دەخرێتە بەردەم ئەو لیستەی حکومەت پێکدەهێنێت، هاوکات ئیئتیلافی نیشتمانیش مەرجی دەستبەرداربوونی مالیکی لە پۆستی سەرۆک وەزیران خستووەتە بەردەم لیستی دەوڵەتی یاسا، کە مانەوە، یان هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتیی شیعەکانی خستووەتە ژێر پرسیارەوە، هاوکات لیستی عێراقییەش کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات مەرجی خۆی راگەیاند بۆ هاوپەیمانێتیی و پێکهێنانی حکومەت، لەوبارەیەشەوە لە بەیاننامەیەکدا هانی عاشور، راوێژکاری ئەو لیستە رایگەیاند: «لیستی عێراقییە سێ مەرجی سەرەکیی هەیە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لیستە سیاسییەکاندا بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەوانیش: دانپیادانان بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن و لیستی عێراقییە وەک لیستی براوە، دانپیادانان بە مافی ئەو لیستە بۆ پێکهێنانی حکومەت، وتیشی: «ئەم مەرجانە بنەمای سەرەکیی پێکهێنانی حکومەت دەبن».

## «عێراقییەکان سەلماندیان، کە ناتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن»

# د.بوخاری عەبدوڵڵا: ناسەقامگیریی عێراق، دەستێوەردانی (UN) دروستدەکات



سازدانی: رۆژنامە

د.بورخاری عەبدوڵڵا، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق ئاماژە بە ئەگەری دەستوەردانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات لە پرسی پێکنەهێنانی حکومەتی عێراق، ئەگەر ئەو هەنگاوە ناسەقامیگریی بۆ عێراق و ناوچەکە لێبکەوێتەوە، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، کە سیاسییەکانی عێراق هێندەی لەژێر گوشاری لایەنی دەرەکیدان هێندە لە گوشاری جەماوەریی ناوخۆ ناترسن.

د.بوخاری وەک پسپۆڕێکی زانستە سیاسییەکانیش دەرچوونی عێراق لەژێر بەندی حەوتەمی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی سبەینێدا بەدوور دەزانێت، بەوپێیەی بە وتەی ناوبراو عێراقییەکان سەلماندیان کە ناتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن.

هاوکات لەگەڵ شکستی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ و دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان بڕیارە سبەینێ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی کۆبوونەوەیەکی گرنگ ئەنجامبدات بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی گرنگ و چاودێرانی سیاسیش پێیانوایە: کە بەشێکی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەتی عێراق تەرخان بکرێت، بەوپێیەی هێشتا عێراق لەژێر بەندی حەوتەمی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەرنەچووە، کە لە ساڵی (١٩٩٠)ەوە چووەتە ژێر بارییەوە، بە بڕوای د.بوخاری عەبدوڵڵا، ئەندامی پێشووی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو کۆبوونەوەیە چەند لایەنێکی هەیەو رەنگە یەکێکیان گفتوگۆکردن بێت لەسەر بارودۆخی عێراق و دەرچوونی بێت لەژێر بەندی حەوتەم و چاو بەو بڕیارەدا بخشێنرێتەوە، سەبارەت بە ئەگەری دەستوەردانی ئەنجومەنی ئاسایش لە قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەتی عێراقی، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەدووری دەبینم ئەو هەنگاوە رووبدات، چونکە عێراق خاوەنی سەروەرییەکە ئەگەر رووکەشیش بێت، هیچ لایەنێک ناتوانێت راستەوخۆ دەست لە کاروباری وەربدات و ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکانیش تەنیا پێشکەشکردنی تەوسیيەیەو تەنیا لەبارێکدا نەبێت، کە پێکنەهێنانی حکومەت ببێتە هۆی تێکچوونی بارودۆخی ئاسایشی عێراق و دروستکردنی مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی ئەوکات بەپێی بەندی حەوتەم ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت تەدەخول بکات».



ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق دەنگۆی ئەگەری دەستوەردانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پرسی پێکنەهێنانی حکومەتی عێراق بە جۆرێک لە فشار لە قەڵەمدەدات بۆ پێکهێنانی، پێشیوایە: ئەو فشارە ئەمریکای لەپشتەوەیە، چونکە «راستەوخۆ لە زۆر پرسی عێراق بەرپرسیارەو ستراتیژییەتی هەیە تیایداو دەیەوێت عێراق سەقامگیر بێت، تا بتوانێت هێزە سەربازییەکانی بکشێنێتەوە».

پاش (١٣) ساڵ لە چوونە ژێرباری بەندی حەوتدا کە رێ بەو رێکخراوە دەدات دەست لە کاروباری عێراق وەربدات لە (٢٢)ی مانگی مایۆی (٢٠٠٣) دا ئەنجومەنی ئاسایش لە غیابی رۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکاندا پڕۆژە بڕیارێکی ئەمریکاو بەریتانیای پەسەند کرد، کە رۆڵی زیاتری دا بە ئەمریکا لە عێراق و دوای چوارساڵیش ئەنجومەنی ناوبراو بڕیاری (١٧٧٠)ی پەسەند کرد، کە رۆڵی زیاتری دا بە نەتەوەیەکگرتووکان لە عێراقداو لە ئێستادا حکومەتی عێراقی لە هەوڵی دەرچووندایە لەژێر بەندی حەوتەم، بەڵام د.بوخاری عەبدوڵڵا، پێیوایە: عێراق جارێکی تر دەیسەلمێنێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی کە ناتوانێت خۆی ئیدارەی خۆی بکات، وتیشی: «ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی عێراق جارێکی تر لەژێر بەندی حەوتەمدا بمێنێتەوە».

دەستێوەردانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لە کاروباری عێراق هەمیشە ترسی لای کورد دروستکردووە، بەوپێیەی لە غیابی بوونی دەوڵەتدا مەترسیی زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی دەکات، وێڕای ئەوەی د.بوخاری ئاماژەی بە بوونی ئەو مەترسییە دا لەلای کورد، بەڵام لەبەر رۆشنایی سیستمی نوێی جیهانیدا (جیهانگیریی) ئەو مەترسییە رەتدەکاتەوەو وتی: «لەدوای دروستبوونی سیستمی نوێی جیهانیی، کە کۆمەڵێک رەگەزو بنەمای خۆی هەیەو لە ماوەی (٢٠) ساڵی رابردوودا کورد سوودی لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بینیوە، بەتایبەت بڕیاری (٩٨٨)، بەڵام مەترسیی گەورەی کورد لە وڵاتانی دەوروبەرە».

مەترسیی سەرەکییە سیاسییەکانی عێراق لە ئەگەری دەستوەردانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەتی عێراقی ئەو بیرۆکەیەی هێناوەتە کایەوە، کە سیاسییەکانی عێراق مەترسییان لە گوشاری دەرەکیی هەیە، نەک ئەو جەماوەرەی کە لە هەڵبژاردندا دەنگیان پێداوە، د.بوخاری عەبدوڵڵا، کە پسپۆڕە لە بواری زانستە سیاسییەکاندا ئەو بیرۆکەیە پشتڕاست دەکاتەوەو پێیوایە: هێشتا لەنێو سەرکردە سیاسییەکاندا کەسانێک هەن کە ئەگەرچی لە ئۆپۆزسیۆندا بوون، بڕوایان بە بەهاو ئەخلاقیاتی سیاسیی کۆن هەیەو سیستمی نوێی سیاسییان قبووڵ نییەو راشیگەیاند: «باشترین نموونەش ئەوەیە کە ئەمجارە نەیانتوانی پرەنسیپەکانی دیموکراسی لە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات جێبەجێ بکەن».

### «دەبێت هاوڵاتییان سەرکردەکان ناچار بکەن واز لە مانەوە لە دەسەڵاتی هەتاهەتایی بهێنن»

# سەرکردە سیاسییەکانی عێراق، دەستبەرداری پۆستەکانیان نابن

**راپۆرتی: کاروان عومەر**

دیـاردەی دەستبەردانەبوونی سیاسییەکانی عـێـراق لـە پۆستە بـاڵاکـان، لێکدانەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت، لەکاتێکدا کە ئەندامێکی لیستی عێراقییە بە پاڵنەرێکی سایکۆلۆژییەوە دەیبەستێتەوەو شیکارێکی سیاسیی دەڵێت: «ئەو کەسایەتییانەی لە عێراقدا پۆست وەردەگـرن، پێیانوایە ئەوان بەشێک لە توێژێکی پیرۆزنو جیاوازن لە هاوڵاتییان».

سـەرەڕای تێپەڕینی نزیکەی دوومـانـگ بـەسـەر پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردندا، حکومەتی نوێی عێراق پێکنەهاتووەو بەشێک لە چاودێرانی بارودۆخەکەش هۆکاری پێکنەهێنانی حکومەتی نوێ دەگێڕنەوە بۆ دەستبەردارنەبوونی سیاسییەکانی عێراق لە پۆستە باڵاکانو بەبێ بەها سەیرکردنی ئۆپۆزسیۆنبوون.

محەمەد عـەلاوی، سـەرکـردەی لیستی عێراقییە، کـە لیستەکەی لـە هـەوڵـی بەدەستهێنانی پۆستی سـەرۆک وەزیـرانـدایـە، هـۆکـاری دەستبەردارنەبوونی کەسایەتییە سیاسییەکان لـە پۆستەکانیان بۆ هۆکاری سایکۆلۆژیی دەگێڕێتەوەو تایبەت بە رۆژنامە رایگەیاند: «جێگەی داخە کاتێک کەسایەتییە سیاسییەکان دەسـتـبـەرداری پۆستەکانیان نابن، بەتایبەتی کاتێک نەشیاوبنو مانەوەیان لەو پۆستانە زیان بە بەرژەوەندیی گشتیی دەگەیەنێت».

هـەنـدێـکی دیـکـەش هـۆکـاری دەستبەردارنەبوونی سیاسییەکانی عـێـراق بـۆ نـەبـوونـی رۆشنبیریی دیموکراسی دەگێڕنەوە لە عێراقدا، بەوپێیەی بە درێـژایـی (٣٥) ساڵی حوکمڕانیی حیزبی بەعس کەلتووری دیکتاتۆرییەت لە عێراقدا کاری پێکراوە.



ئەمیر کینانی

> زۆربەی سەرکردەکان رێز لە دەستوورو دیموکراسییەت ناگرن

ئەمیر کینانی، سەرۆکی کوتلەی ئەحرار، کە نوێنەرایەتی سەدرییەکان دەکات، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هۆکاری ئەو دیاردەیە نەبوونی رۆشنبیریی دیموکراسییە لەناو هاوڵاتییانداو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «زۆربەی سەرکردەکان رێز لە دەستوورو دیموکراسییەت ناگرن».

رەخـنـەکـانـی هـەردوو لیستی عێراقییەو سەدرییەکان لە پرسی دەستبەردارنەبوونی سیاسییەکانی عێراق لە پۆستەکانیان ئاراستەی نوری مالیکی، سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسایە، کە لـەمـاوەی چـوار ساڵی رابـردوودا سەرۆک وەزیـران بووەو ئێستاش ئامادە نییە دەستبەرداری ئەو پۆستە ببێت.

لـەبـەرامـبـەردا لیستی دەوڵـەتی یاسا ئەوە رەتدەکاتەوە، کە کێشەی پێکنەهێنانی حکومەت پەیوەندیی هەبێت بە دەستبەردارنەبوونی سیاسییەکان لە پۆستەکانیان.

خالید ئەسەدی، سەرکردەی لیستی دەوڵەتی یاسا، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «دیاردەی دەستبەردارنەبوونی پۆستەکان لەلایەن سیاسەتمەدارەکانەوە لە عێراقدا بوونی نییە، تەنیا ئەو ئاڵۆزییەی کە هەیە لەئێستادا، لێدوانی هەندێک لایەنە». لەوبارەیەوە ئاماژەی بەوەشدا: هەندێک لە لایەنە سیاسییەکان هـەوڵـدەدەن پۆستو دەستکەوتی زیاتر وەربگرن، کە زیاترە لە رێژەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکان، وتیشی: «هەڵبژاردنەکانو دەستوور گەورەترین زامنی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەیە بۆ پۆستو دەسەلات».



محەمەد عەللاوی

> جێی داخە کەسایەتییە سیاسییەکان دەستبەرداری پۆستەکانیان نابن، بەتایبەتی کاتێک مانەوەیان زیان بە بەرژەوەندیی گشتیی دەگەیەنێت

چاودێرانی سیاسیش بوونی ئەو دیاردەیە لە عێراقدا دەبەستنەوە بە کۆمەڵێک هـۆکـارەوە، کە تایبەتە بە مێژووی عێراقو سروشتی کەسایەتییە سیاسییەکانی.

د.هـاشـم حـەسـەن، کـە شیکەرەوەیەکی سیاسیی عێراقییە، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە: دیاردەی دەسـتـبـەردارنـەبـوون لـە پۆستە سیاسییەکان، دیـاردەیـەکـی کۆنی عێراقو باوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو وڵاتە عەرەبییەکانە، وتیشی: «کاتێک ئەو کەسایەتییانە پۆست وەردەگرن، پێیانوایە ئەوان بەشێکن لە توێژێکی پـیـرۆزو جـیـاوازن لە هاوڵاتییانو باشترین جۆری مرۆڤن کە دەتوانن وڵات بەڕێوەببەنو بیپارێزن، تەنانەت ئەگەر سەرجەم هاوڵاتییان دژی ئەو کەسانەش بن».

ئەو شیکەرەوە سیاسییە ئاشکرایکرد: زۆربـەی وڵاتـە عەرەبییەکانی وەکو میسر، سـوریـا، یـەمـەنو لیبیا پەنا دەبـەن بۆ کـوڕی سـەرۆک جێگەی باوکی بگرێتەوەو ببێت بە میراتگری ناوبراو، لە پۆستی سەرۆکی وڵاتو پارتەکانیش بەهەمانشێوە کاردەکەن، پاش مردنی باوکیانو کوڕی سەرۆکی پارتەکان جێگەی دەگرێتەوە، بە وتەی د.هاشم حەسەن: ئەمەش عەقڵییەتێکی نادیموکراسییانەو دیکتاتۆرییانەیەو خراپترە لە سیستمی پاشایەتیو بوونی ئەو دیاردەیە بەڵگەیە لەسەر لاوازیی هۆشیاریی سیاسیی، بەهۆی ئەوەی ئەو هێزانەی کە هەوڵی گۆڕانکاریی دەدەن، هێشتا لاوازنو دەبێت ئەو هێزانە دووبارە عەقڵییەتی جەماوەریی گەلاڵە بکەنەوە تا هاوڵاتییان سەرکردەکان ناچار بکەن واز لە بیرۆکەی مانەوە لە دەسەڵاتی هەتاهەتایی بهێنن».

---

### سوننەکان گومان لە دادگای فیدراڵیی دەکەن

# داوا دەکرێت دادگای دەستووریی دابمەزرێنرێت

**رۆژنامە: بەغدا**

بەشێک لە پەرلەمانتارانی عێراق رەخنە لە دادگای فیدراڵیی دەگرن، بەوەی کە بە رۆڵی خۆی هەڵنەستاوەو سیاسییانە بڕیار دەدات، هاوکات داواش دەکەن کە دادگای دەستووریی لە عێراق دابمەزرێنرێت، تا کێشە دەستوورییەکان یەکلایی بکاتەوە.

دادگای فیدراڵیی عێراقی، کە لە ساڵی (٢٠٠٤) دامـەزراوە، ئەرکی شرۆڤەکردنی مادە دەستوورییەکانەو لەدوای راگەیاندنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەوە چەند شرۆڤەو بڕیارێکی داوە، کە بووەتە جێگەی نیگەرانیی سوننەکان، بەتایبەت لیستی عێراقییە، هەستیارترینیان بڕیاری کوتلەی زۆرینە کە بەوەش مافی بە هاوپەیمانێتی شیعەکان دا وەک کوتلەی خاوەن زۆرترین ئەندام پەرلەمان حکومەت پێکبهێنن لەبری عێراقییە، کە وەک لیستێک کە زۆرترین دەنگی هێناوەو بە مافی خۆی دەزانێت حکومەت پێکبهێنێت.

عالیە نسەیف جاسم، ئەندامی لیستی عێراقییە پێیوایە: دامودەزگا دادوەرییەکان لە عێراق پێویستیان بە چاکسازیی هەیە، بۆیە لیستی عێراقییە لە بەرنامەی هەڵبژاردنیدا داوای ئەوەی کردووەو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «دادگای باڵای فیدراڵیی بێلایەنی خۆی نەپاراستووەو لایەنە سیاسییەکانی دەست لە کاروباری وەردەدەن».

هاوکات (محەمەد عەلاوی) سەرکردەی لیستی عێراقییە بە گرنگی زانی دامودەزگا دادوەرییەکان سەربەخۆ بێتو دووربێت لە دەستێوەردانی حکومەتو لایەنە سیاسییەکان، وتیشی: «دامودەزگا دادوەرییەکانو دادگای فیدراڵیی سەربەخۆ نیینو لەژێر فشاری حکومەتو لایەنەکاندان».

لـە بـەرامـبـەردا، عـەدنـان سـەراج، سەرکردەی لیستی دەوڵەتی یاسا پێیوایە: دامودەزگا دادوەرییەکانو دادگای فیدراڵیی کارەکانی بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە ئەنجامدەدات بێ بوونی هیچ فشارێکی حکومییو حیزبیی لـەسـەری، وتیشی: «لەکاتی دامەزراندنی دادگای باڵای فیدراڵیدا، بڕیاری ئەوەش دراوە کە کارەکانی دادگای دەستووریی ئەنجامبدات جگە لە کارەکانی خۆی وەکو دادگایەکی باڵا لە عێراقدا».

ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆربەی لایەنەکان بە گرنگی دەزانن دادگای دەستووریی لە عێراق پێکبهێنرێت، کە دەبوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوودا بڕیار لەسەر پێکهێنانی بدرایـەو هـەردوو ئەندامەکەی لیستی عێراقییەو دەوڵـەتـی یاساش هـاوڕانو پێیانوایە: «پەرلەمانی پێشوو کەمتەرخەم بووە بە پێکهێنانی دادگای دەستووریی».

لەلای خۆیەوە (وەلید عەبود) ئەندامی بەرەی تەوافوق، کە بە یەکێک لە نوێنەری سوننەکانی عێراق لەقەڵەمدەدرێت، رەخنە لە سیستمی دادوەریی بەگشتییو دادگای باڵای فدراڵیی عێراق دەگرێت تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «رازی نین لەسەر شێوازی کارەکانی سەرجەم دامودەزگا دادوەرییەکانو دادگای فیدراڵیی باڵا لە عێراقدا سەربەخۆو بێلایەن نییە».

هاوکات پسپۆڕێکی یاسایش پێیوایە: بە بـەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری عەرەبی ناوچەکە دادگـای فیدراڵیی رۆڵـی خۆی بینیوە.

تارق حـەرب، پسپۆڕی بـواری یاسا پێیوایە: دادگای فیدراڵیی لە عێراق شێوازی کارەکانی بە سەرکەوتوویی ئەنجامداوەو باشتربووە بە بەراورد بە دادگا هاوتاکانی لە لوبنانو میسرو وڵاتانی ناوچەکەو بەشێوەیەکی دەستووریو دیموکراسیو یاساییانە کارەکانی ئەنجامداوەو بۆ رۆژنامە وتی: «گەورەترین بەڵگە لەسەر سەربەخۆیی ئـەو دادگـایـە ئـەوە بـووە، سـەرجـەم لایەنە سیاسییەکان کە نوێنەریان لەناو حکومەتدا هەبوو داوای لابردنی حەسانەی پەرلەمانییان لەسەر میسال ئالوسی کرد، بەڵام دادگای فیدراڵیی ئەو داواکارییەی بە نایاسایی لەقەڵەمداوەو لابردنی حەسانەی لەسەر ئالوسی رەتکردەوە».



دادگـای باڵای فیدراڵیی لە نۆ ئەندام پێکدێت، کە لەسەر بنەمای تەوافوقی سیاسیی تایفی دابەشکراون، بەشێوەیەک کە سێ دادوەریان کوردنو سیانی تریان شیعەنو سیانیان سوننەنو سەرۆکی دادگاکەش شیعەیەو گومان لەوەش دەکرێت کە بڕیارو شرۆڤە دەستوورییەکانی ئەو دادگایەش لەسەر بنەمای رێکەوتنی سیاسیی لەنێوان شیعەو سوننەو کورددا لەو دادگایە دەربچێت، بەڵام تارق حەرب، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کـە (٩٩٪)ی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیی بە کۆی دەنگ بووەو پشتبەستوو بووە بە دەستوورو یاسا، تەنانەت ئەگەر بە وتەی ناوبراو «ئەو بڕیارانەش دژی هەندێک پێکهاتەی عێراق بووبن».

بـەڵام ئەمیر کینانی، سـەرۆکـی قـەوارەی ئەحرار رایگەیاند: پێیوایە ئەو دادگایە سەرکەوتوو نەبووە لە زۆربەی کارەکانیدا، دەستنیشانکردنی ئەندامەکانی ئەو دادگایەش لەسەر بنەمای ئەزموونو توانا نەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای تایفیو نەتەوە بووە، وتیشی: «ئەو بڕیارانەی کە ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵیی دەریدەکەن بەشێوەیەک کە هـەوڵـدەدات سەرجەم لایەنەکان رازی بکاتو هیچ لایەنێک تورە نەکاتو بڕیارەکانی دژی نەبێت، ئەمە جگە لەوەی کە بڕیارەکانی روون نییەو یاسا پێکهێنانی ئەو دادگایەش ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو، کە ئەو دادگایە دەبێت ژمارەیەک راوێژکار لەخۆ بگرێت، کە پێکدێت لە زاناو مامۆستایانی بواری یاسا، بەڵام تائێستا ئەو دادگایە هیچ راوێژکارێکی نییە».

کەڵەکەبوونی تێکچوونەکان لە سیستمی ئاوو ئاوەڕۆدا، بوون بەهۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی پیسبوونی ژینگەو مەترسییەکانی تەندروستی، هەروەها کەمیی بڕی کارەبا کە بووەتە هۆی داخستن‌و وەستانی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزە.

ئەمەش کاریکردووەتە سەر ئەو ترۆمپایانەی کە بۆ پاکردنەوەی زێرابەکان بەکاردەهێنرێن‌و لەکارخستنی دابەشکردنی ئاوی پاک بۆ هاوڵاتییان، مێرگەکان‌و زەوییە بەراوەکان لە بەشی باکووری عێراقدا ترۆمپای یەدەگیان بۆ دابین نەکراوە بۆ دەرکردنی خوێیاو، کە زۆرجار دەوەستن بەهۆی پچڕانی تەزووی کارەباوە، بەهۆی ئەمەشەوە ئەم زەوییانە پیس دەبن بە خوێ‌و زیان لە کشتوکاڵ دەکەوێت، بۆیە پێویستە دابینکردنی وزەش بکرێتە ئامانجی لەپێشینە بۆ یارمەتیدانی بەرنامەکانی خاوێنکردنەوەو چاکسازیی.

**بەرەوپێشچوون لە چارەسەری قەیرانی ئاودا**

لـــەدوای ڕووخـــانـــی ڕژێمی ســـەدام، وڵات ئومێدی بووژاندنەوەی لێدەکرێت، لەلایەنی زەوی بەراوو زیندووبوونەوەی ڕووبارەکاندا، پێشتر ئـاو لە ڕێـــڕەوی خـۆی لادەدرا وەکو جۆرێکی سزا دژی ئەو کەسانەی بەرهەڵستی سەرۆکیان دەکرد، لەگەڵ کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سەدام، گەڕاندنەوەی ئاو بۆ زەوییە وشکەکان، کە لەئێستادا دانەوێڵە بەرهەمدەهێنن، هەروەها ئـەگـەری ماسی گرتن‌و ژیانێکی باشتریان لێدەکرێت، هیوایەکی گەڕاندووەتەوە بۆ ئەو ناوچانە. ڕێکخراوە مرۆییەکانی وەکو (یونیسێف) پێشەنگن لە هەوڵەکانیاندا بۆ دامەزراندنی وێستگەکانی ئاو بە ئامانجی دابینکردنی ئاوی پاک بۆ عێراقییەکان‌و ڕێگرتن لە بەکارهێنانی ئاوی پیس، لەگەڵ ئەو هەوڵە دڵسۆزانەی یونیسێف، تائێستاش عێراق ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە، بەهۆی ئەو تاڵانچییانەی کە بۆرییەکانی ئاو تێکدەدەن، لە ئەنجامی نەبوونی یاسا لە سەردەمی ناسەقامگیریدا.

گەیشتنی بڕێکی کەمی ئـاو بۆ شارەکان بارەکەی ئاڵۆزتر کردووە، وێڕای ئەمە، هەندێک ناوچە ڕووبـــەڕووی کێشە بوونەتەوە بەهۆی شەڕانگێزەکان‌و تاڵانچییەکانەوە، ئەوانەی وێستگەکانی پاڵاوتنی ئاو دەشکێنن‌و سەرچاوە گرنگەکانی وەکو کلۆر لەناو دەبەن، سەرەڕای تەگەرەکان، ئەو بەنداوانەی لەلایەن سەدامەوە دروستکراون بۆ وشککردنی زۆنگاوەکانی عەرەب وەکو سزایەک، بەرەڵاکراون لەلایەن هێزە ئەمریکییەکان بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی ئاو بۆ زەوییە بەراوەکان، وەکو چارەسەرێک بۆ دووبارە هێنانەوەی جوتیارەکان بۆ زۆنگاوەکان، هەرچەندە ئاوەکە پاک نییە وەکـو پێشتر، دانیشتووانی ناوچەکە ئـارەزوو دەکەن بە تێپەڕبوونی کات ژیان دووبارە لە زۆنگەکاندا دەست پێ بکاتەوەو جوتیارە ڕاگوێزراوەکان بگەڕێنەوە جێگەی پێشوویان. پسپۆڕان لە عێراقدا ڕابەری هەوڵەکانی گێڕانەوەی ئاو دەکەن لەڕێگەی ئەو هاوکارییە مادییانەی لەلایەن بەشی کاروباری دەرەکیی حکومەتی ئەمریکاوە دەبەخشرێت. لە درێژەدا، شارەزایان ئەوەیان ڕاگەیاندووە: کە ساڵانێکی دەوێت تاوەکو ئاو بگەڕێنرێتەوە زۆنگاوەکان.

**ئەنجام**

ململانێ بەردەوامەکان لە عێراقدا هەوڵەکانی حکومەت‌و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گرنگەکانی وەکو ئاوی پاک، کە شیاوبێت بۆ بەکارهێنان، لەڕێچکەی خۆی لاداوە، قەیرانی ئاو کارەساتێکی زۆر مەترسیدارە، کە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشیی جۆراوجۆر کە بەهۆی ئـاوەوە دەگـوازرێـنـەوە، عێراق لە ڕووبـەڕووبـوونـەوەی بـەردەوامـدایـە لەگەڵ وشکەساڵیی‌و کەمیی خۆراک، کە هەڕەشەن بۆ سەر ژیانی خەڵک. سەرچاوەی ئاوی پاک، سیستمی کارەبا، ڕێڕەوەکانی ئاوو ئاوەڕۆ بەشێوەیەکی بەهێز کـاریـان لێکراوە لەڕێگەی ژینگەی نالەبارو بەرزیی ئاستی برسێتی. تاڵانچییەکان‌و گێرەشێوێنەکان، هێڵەکانی گێڕانەوەو هاریکاریی ڕێکخراوە خێرخوازەکانیان کردووەتە ئامانج، کە حاڵەتەکەی خراپتر کردووە، حکومەتی عێراق‌و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان داوای گرتنەبەری ئامانجی ستراتیژیی دەکەن، کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بنیاتنانی زانیاریی بنچینەیی، کە چارەسەری کێشە درێژخایەنەکانی ئاو دەکـات‌و بنیاتنانی تواناکان کە چاودێریی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان دەکەن بۆ کاتێکی بەردەوام، هەروەها بنیاتنانی ڕێکخراوی نەتەوەیی بەهێز کە هانی نوێبوونەوە دەدەن‌و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو وەکو ئامانجی کۆتایی پاراستنی ژینگەیی.

**هێرش عەبدولڕەحمان: چاودێرێکی سیاسییەو جێگری پێشووی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لە ئەمریکا.**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە/ محەممەد بابەکر**

# شۆفێری تانکەرەکان، چیرۆکی تاڵانفرۆشکردنی نەوتی هەرێم دەگێڕنەوە

ڕاپۆرتی:
خالید مەحمود پێنجوێنی

**بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕۆژنامە) کەوتوون، نزیکەی (٩) هەزار تانکەرە نەوت لە سنوورەوە نەوت دەگوازنەوەو ژمارەی بەشێک لە ئۆتۆمبێلەکان (کاتی/دهۆک)ەو لەناویشیاندا زۆرێکیان هەڵگری ژمارەی ئێرانن**

سەرەڕای بوونی بڕیارێکی حکومەتی هەرێم بۆ ڕێگرتن لە ناردنەدەرەوەی نەوت، ئەو پرۆسەیە هەر بەردەوامەو ئەو شۆفێرانەش کە بە تانکەرەکانیان پێکهاتەکانی نـــەوت دەگـوێـزنـەوە، وردەکاریی زیاتر لەسەر ئەو پرۆسەیە دەدەن، کە چۆن نەوتی هەرێم دەبرێتە بەندەرەکانی ئێران.

پـاش دانپێدانانی بوونی هەشتا پاڵاوگەی بێ مۆڵەتی نـەوت لەلایەن وەزیـری سامانە سروشتییەکانەوە، کە لە هەرێمدا کـاردەکـەن، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لە (٧/٢٠)دا بڕیاری داخستنی ئەو پاڵاوگانە درا، کە مۆڵەتی کارکردنیان نییەو بە نایاسایی کاردەکەن، بەڵام دوو هەفتە بەسەر ئەو بڕیارەدا ڕۆیشتووەو بڕیارەکە بە هەڵواسراویی‌و کارپێنەکراویی ماوەتەوەو هەناردەکردنی نەوت بەشێوەی نایاسایی بەردەوامە، بەدرێژایی زیاتر لە (١٢) کیلۆمەتر لە مـەرزی نێودەوڵەتی باشماخەوە تا گوندی کانی مانگای سەر بە قەزای ناڵپارێز ئۆتۆمبێلی تانکەری نەوت ڕیز دەبەستن‌و کاتێکیش ئەمریکییەکان بەو نـاوەدا تێپەڕبکەن، ئۆتۆمبێلەکان لە نزیکی ناحیەی گەرمک یان لە ڕێگەی (ڕاوگـــان) خۆیان دەشـارنـەوە، ئەو شۆفێرانەش کە بە تانکەرەکانیان نەوت دەگـوێـزنـەوە، بـاس لـەوەدەکـەن، کە زۆربەی ئەو نەوتەی دەیبەن بۆ ئێران جۆری سپییە، کە ناودەبرێت بە (نەفتا)و لە ئێران چەندین مەسفای گەورەی لێیەو مادەی بەنرخی لێ بەرهەم دەهێنن.

محەمەد یوسف محەمەد، (٣١ ساڵ)، کە یەکێکە لەو شۆفێرانەی بە تانکەرەکەی نەوتی ڕەشی بیرە نەوتی (کەڵەکن)ی هەولێر باردەکات، ئاماژەی بەوەدا: ئەو جێگایانەی کە نەوتی لێدەهێنن زۆرن، زیاتر لە سلێمانی‌و کەڵەک‌و ئاڵتونکۆپری دەیهێنن، ئاماژەی بەوەشدا: نەوتی ڕەش دەهێنن‌و زۆرجاریش (نەفتا)کە بە وتەی ناوبراو ڕەنگی سپییەو بۆنی ناخۆشە، دەچنە بەندەر عەباس‌و بەندەر ئیمام‌و ئاراک، لە ڕێگەی نووسینگەوە کە لەنێوان ئەوان‌و کۆمپانیاکانن، باردەکرێن.

محەمەد یوسفی شوفێر، وتی: «ئەگەر لەناو ئێران زەرەرێـک بدەین دەبێت خۆمان چاکی بکەینەوەو حکومەت هەقی نییە بەسەریەوە، تەنانەت کەسێک لە ئێمە ئەگەر زمانی فارسی نەزانێت، تووشی گرفتی زۆر دەبین، بەتایبەت لەگەڵ پۆلیسی هاتوچۆی ئێراندا، کە بیانوومان پێدەگرن بە ئاشکراو داوای پارەمان لێدەکەن وەک بەرتیل».

ئیسماعیل قادر، تەمەن (٤٠ساڵ)، کە شۆفێرێکی تری تانکەرەکانەو نەوتی سپی (نەفتا)ی پێبوو باسی لەوەکرد، کە ئەوان لە هەولێرو لە پاڵاوگەکانی شیواشۆک‌و زاخۆو تاوگێ‌و خورماڵەوە نەوت دەهێنن، وتیشی: «نەوتە خاوەکەی ئێمە لە ئێران گازوایلی لێدەگرن (بەنزینی عادی) لە بەندەر ئیمام مەسفای گەورەیان هەیە کە لەم نەفتایە مادەی فیزابیل‌و پلاستیک‌و نایلۆن‌و ڕۆن‌و گریس‌و تێزابی لێ دەردەکرێت‌و لە سێ تانکەر دوو تانکەر دەمێنێتەوە، پاش دەرهێنانی ئەم مادانە لێی، دواتر ئەوەی دەمێنێتەوە بەنزینی موحەسەنەو دەیهێنینەوە بۆ کوردستان، کە کرێی ئەوسەری هێنانەوەی لە هەرێم وەردەگرن».

ئیسماعیل بەردەوام بوو لە وتەکانی‌و ئاشکرایکرد، کە نەوتی ڕەش بۆ ئێران نابێت، دەڕوات بۆ وڵاتانی تر، کە بۆ ئیشپێکردنی شەمەندەفەرو باخیرەی گەورەو دروستکردنی تایە بەکاردێت».

حسێن ئیبراهیم، کە شۆفێرێکی تری تەمەن (٥٠ساڵ)ی گواستنەوەی نەوتە، باسی لە گەورەیی خەزانی باخیرەکان‌و مـاوەی ڕێگەکە کـردو ڕوونیکردەوە بە (٧-٩) ڕۆژ کاروانێک بۆ بەندەر ئیمام دەکەن، بۆ تەنی (٨٠-٨٥) دۆلار وەردەگـرن‌و بۆ بەندەر عەباسیش بە (٨-١٠) ڕۆژ کاروانێک دەکەن، بۆ یەک تەن (١٠٠-١١٠) دۆلار وەردەگـرن‌و دەیبەنە سەر باخیرەو بەتاڵی دەکەن، کە هەر باخیرەو ئاڵای وڵاتەکەی لەسەرەو دەکرێتە خەزانی گەورەوە، کە هەر چاڵە خەزانێک (١٧٠٠) تانکەر دەگرێت‌و هەر تانکەرێک (٢٥) تەنە، واتە خەزانێک (٤٢) ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزار لیتر دەگرێت.

بەپێی ئـەو زانیارییانەی دەست (ڕۆژنـامـە) کـەوتـوون، نزیکەی (٩) هـەزار تانکەرە نـەوت لە سنوورەوە نەوت دەگوازنەوەو ژمـارەی بەشێک لە ئۆتۆمبێلەکان (کـاتـی/دهـۆک)ەو لەناویشیاندا زۆرێکیان هەڵگری ژمارەی ئێرانن.

شۆفێرەکان ئـەوە ڕووندەکەنەوە کۆمپانیای قەیوان، کە گومان دەکرێت هی یەکێتی بێت‌و کۆمپانیای عێراق ئۆیل، کە گومان دەکرێت هی پارتی بێت، سەرپەرشتی هەناردەکردنی ئەو نەوتە دەکـەن‌و ئەو تانکەرانەی کە هەڵگری ژمـــارەی (کـاتـی/دهـۆک)ن هـی ئەو کۆمپانیایەن‌و شۆفێریان لەسەر داناون.

حسێن ئیبراهیمی شۆفێریش وتی: «نەفتا (جـۆری سپی) هی کۆمپانیای (قەیوان)ی یەکێتییەو نەوتی ڕەشیش هی کۆمپانیای (عێراق ئۆیل)ی پارتییەو نەوتە ڕەشەکەش دەڕوات بۆ دوبەی‌و چین‌و ئەفغانستان».

ئیسماعیلی شـۆفـێـریـش باسی نرخی نەفتای کردو وتی: «پرسیارم لە مقاولێکی بچووک کرد، کە نەفتا بە چەند دەکـڕن؟ وتی: بەرمیلێک لە مەسفای ئەهلیی بە (٦٢) هەزار دەکڕن‌و ئەوانیش لە شیواشۆکی دەکڕن».

شۆفێرێکی تر زانیاریی وردتـر لەسەر جۆری نەفتا دەدرکێنێت‌و ئاماژە بە چەند وردەکارییەکی تری پرۆسەی ناردنەدەرەوەی نایاسایی نەوتی هەرێم دەکات.

غانم جـادی، شۆفێر، کە تەمەنی (٦٠ ساڵە) وتی: «نەفتا بۆنی ناخۆشەو کەمدەکات‌و لەکاتی گەرمادا تا (١٠٠) کیلۆگرام کەم بێت ڕێپێدراوە، بەڵام زیاتر لەو ڕێژەیە کەم بکات، پێمان دەبژێرن‌و بۆ تەنێک کەمکردن (٤٠٠) دۆلار غـەرامـەمـان لـێ وەردەگـرن‌و مامەڵەی کۆمپانیای قەیوانیش جیاوازە تا عێراق ئۆیل‌و قەیوان بیانوومان پێدەگرن‌و بەمەبەست لە ئێران کارمان دوادەخەن».

ئەو شۆفێرە ئاماژەی بە خراپیی ڕێگاوبانی ڕێگەی مەرز دا لەچاو ئەو هەموو پارەیەی کە تیایدا پەیدادەکرێت، وتـی: «ڕێگاکەی زۆر مەترسیدارە، بەتایبەت ئەوانەی کە نەفتایان پێیە، کە ترسی گڕگرتنی ئۆتۆمبێلەکەیان هەیە، چونکە زوو دەسووتێت، بەڵام نەوتی ڕەش باشترەو ترسی سووتان‌و گڕگرتنی نییە».

حەسەن ڕەسـوڵ، کە شۆفێرێکی ترە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەسەر حەسیرێک دانیشتبوون لە تەنیشتی تانکەرەکانیان‌و هەندێک زانیاریی دیکەی بۆ (ڕۆژنامە) درکاندو وتی: «کاتێک دەچینە سەر مەرز نێردراوی خۆمان هەیە کە وەک پـارێـزەر وایـە کاری گومرگمان بۆ جێبەجێ دەکات‌و دواتر لە خاکی ئێران پارە دەدەینە کۆمپانیای دڵنیایی، ئەمە بۆ ئەوەیە کە ئەگەر تووشی ڕووداوێک هاتین نیواونیو بۆمان دەبژێرن، کە پێش دووساڵ نەبوو بێت».

ئاشکراشیکرد، کـە ئـەوەش لە مەرزێکەوە بۆ مەرزێکی دیکە جیاوازەو لە مـەرزی باشماخ (١٨٠) دۆلارو لە مەرزی حاجی ئۆمەران (٢٣٠) دۆلارو بۆ بەندەر عەباس، کە (٢٠٠٠) کیلۆمەترە (٣٠٠) دۆلار دەدەن، تـا کیلۆمەتر زیاتر بێت پارەی زیاتر دەدەن‌و نرخی بـارکـردن بەپێی داواکـاریـیـە، ئەگەر تانکەری بەتاڵ زۆر بێت، ئەوا کرێیان کەم دەدەنێ، ئەگەر کەمیش بوو کرێی زیادیان دەدەنێ».

وتیشی: «ڕۆژانە (١٥٠-٢٠٠) تانکەر دەڕواتـە خاکی ئێران، ڕۆژیـش هەیە زیاتر بە ویستی کارمەندە ئێرانییەکان، ئەگەر زیاتر ڕێگە بدەن».

حەسەن، چیرۆکی هاوکارێکی خۆیانی بۆ (ڕۆژنامە) گێڕایەوە، کە بەر لە بوونی ئەو کۆمپانیایە تووشی کارەسات بووەو زیندانیی کـراوە، وتـی: «هاوڕێیەکمان لەشاری (ئیسلام ئاباد)ی ئێران لەگەڵ پاسێکدا پێکدادێن‌و لە ئەنجامدا هەشت قوربانیی لێدەکەوێتەوەو دواتر خوێنی چـواریـان لە ئەستۆی ئـەو دەگـرن‌و مـاوەی پێنج ساڵە لە زیندانە، داوای شەش دەفتەر دۆلاری لێدەکەن‌و ئەویش نییەتی، بۆیە بڕیاریانداوە تا ئەو پارەیە نەدات ئازاد نەکرێت».

حەسەن بەدەم هەڵکێشانی هەناسەوە وتیشی: «بەداخەوە لە ئەنجامی ئەوەی کە منداڵەکانی لە موسڵ بێ سەرپەرشت بوون‌و لە ناڕەحەتی خۆی لە زیندان، ئێستا شێت بووە!».



نموونەی نەفتا کە دەچێت بۆ ئێران
فۆتۆ: ڕۆژنامە

لە (٢) هەزار، تەنیا (١٨٠) مامۆستا بۆ سەرپەرشتیار دەرچوون 16

# قەیرانی ئاو لە عێراقدا

لێکۆڵینەوەی شیکاریی:
هێرش عەبدولڕەحمان



عێراق ڕووبەڕووی قەیرانێکی مەترسیداری ئاو بووەتەوە، کە بەشێوەیەکی سەرەتایی گۆڕاوە بۆ چەند کێشەو دۆزێک کە پەیوەندییان بە پێشینەی مێژووی کێشەکانی مرۆڤایەتی، خراپ بەڕێوەبردنو سیاسەتەوە هەیە، بەردەوامیی شەڕ لەگەڵ ئەمریکادا دەستی لەمەدا هەیە، کە لە ئەنجامدا بووەتە هۆی پیسبوونی ژینگە، کارکردن لەڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتیو ئاژەڵیی، ئەو کێشانە کاریگەریی ژینگەیی خراپیان لە عێراقدا جێهێشتووە، کە بوونەتە هۆی زیانگەیاندن بە سیستمی ئاو، ژینگەی دەوروبەرو ژیانی مرۆڤ بەجۆرێکی خێرا، مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەی قەیرانی ئاو و کورتهێنانی ئاوە، کە ڕووبەڕووی عێراق بووەتەوە لەڕووی هەڵسەنگاندنی هۆکارەکان، ئەنجامەکان، پێوانە گریمانەییەکان، ڕۆڵی حکومەتو کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ هەنگاونان بۆ کەمکردنەوەی کێشە خراپەکانی کەمیی ئاو، کە وڵات ڕووبەڕووی بووەتەوە.

## هەڵسەنگاندنی گشتیی

کاریگەرییەکانی پاشماوەی یۆرانیۆم، کە لە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ لە شەڕەکانی ڕابردووی عێراق بەجێماون، بەتەنیا کاریان نەکردووەتە سەر مرۆڤەکان، بەڵکو کاریان کردووەتە سەر ڕووەکەکانو ئاژەڵەکانیش.

لەئەنجامدا مادە کیمیاییەکان جێگەی خۆیان لە ئاوەکاندا دۆزیوەتەوەو پیسکردنی پێکهاتەکانی ئاوەکە دەبێتەهۆی مردنی زیندەوەرە ئاوییەکانو وێرانکردنی سەرچاوەکانی ئاو، بەتایبەتی ڕووبارەکانی دیجلەو فورات، کە وڵات پشتیان پێ دەبەستێت بۆ ئاودانی دەشتە فراوانەکانو زۆنگاوەکانو هەروەها ئەم دوو ڕووبارە ڕووبەڕووی مەترسییەکی جدیی بوونەتەوە بەهۆی دروستکردنی بەنداو لەلایەن وڵاتە دراسێکانەوە، ئەمەش بووەتە هۆی کەمکردنەوەی تەوژمی ڕووبارەکانی دیجلەو فورات بەشێوەیەکی کاریگەر، لە ئەنجامدا دەشتە بەپیتەکانی وڵات دەگۆڕێت بۆ بیابان، دەرئەنجامەکانی ئەم بەنداوانە لەسەر فورات، تێکڕای تەوژمی ئەو ئاوەی دێتە ناو عێراقەوە، کەمکردووەتەوە بۆ (٥٠٪)، کە

**قەیرانی ئاو لەعێراقدا هۆکارێکە بۆ خراپیی بەرهەمی دانەوێڵە، سووتانی زەوی، خۆڵبارین**

لەلایەن تورکیاوە بۆ ئاودان بەکاردەهێنرێت، پڕۆژەکانی سەر دیجلە تەوژمی ئاوەکەیان کەمکردووەتەوە بۆ (١٠٪) بەهۆی ئەو یەکانەی کە بۆ بەرهەمهێنانی وزە لەسەری بنیات نراون، لێرەوە تایبەتمەندیی ئاوەکە دابەزیوە بەهۆی مێشکۆژەکان، گلدانەوەو کەمیی ماسیو قوڕ، کە ئەمانە وەکو پەیین کاردەکەن، ئەم بەنداوانە دەستێکی زیاتریان بە تورکیا داوە لە سەرچاوەکانی ئاودا لە بەرامبەر عێراقو سوریا.

شەڕی کەنداو و پێکدادانی ساڵی (٢٠٠٣) هۆکارێک بووە بۆ کێشەو کەمیی سەرچاوەکانی ئاو لە عێراقدا. سەرچاوەی سەرەکیی ئاو لە عێراقدا بریتییە لە: هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات، زۆر بەشی وڵات پێکدێت لە ژینگە، لە بەرئەوە داخوازیی هاوڵاتییان زیاد بووە لە سەر ئاو، بۆئەوەی لەو بارودۆخە ڕزگاریان ببێت، هەروەها ئابلۆقەی ئابووریی‌و جەنگە یەک لەدوا یەکەکان زۆر لە خەڵکی ناچار کردووە لەگەڵ وشکەساڵیدا بژین، بە بڕێکی کەمی ئاو کە ئەویش ئاوێکی پاک نەبووە، لەماوەی شەڕی کەنداوی ساڵی (١٩٩١)، زۆرێک لە بۆمباکان ئامانجی جیاوازیان کردبووە نیشانە، کە بووە هۆی تێکشکاندنی کارۆئاوییەکانی وزە، ئاوباری، پیشەسازیی، عەمبارەکانی ئاوی شار، کۆنترۆڵی لافاو، وێرانکارییەکان لە سیستمی ئاو و گوێزەرەوەکانی پاشماوە مرۆڤییەکان (زێـــراب) بوونەتە هۆی کاولکاریی، کاتێک پاشماوەکان ڕژاونەتە ناو ڕووباری دیجلەوە.

زۆربەی ئامێرەکانی پاڵاوتنی ئاو لە عێراقدا ناتەواون، سەرئەنجام ئەمە بووەتە هۆی زیادبوونی ئەو نەخۆشییانەی بەهۆی ئاوەوە دەگوێزرێنەوە، وەکو: نەخۆشیی دیزانتری (زەحیریی)، کە دەبێتە هۆی سک ئێشەو سکچوون، تیفۆ (گرانەتا)، هەڵئاوسانی جگەرو نەخۆشیی کولێرا، ئەمە خراپتر بووە بەهۆی ئابلۆقە ئابوورییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە خرابوونە سەر عێراقو لەمەش خراپتر، نەبوونی مادەی کیمیایی سەرەتایی پێویستی خۆماڵیی کە یارمەتیدەرن بۆ پاکردنەوەی، ئاو زیاتر باری عێراقی قورس کردووەو بووەتە هۆی زیادبوونی ئەو نەخۆشییانەی پەیوەندییان بە ئاوەوە هەیە، زۆرێک لە عێراقییەکان ناچار بوون ئاوی ئەو ڕووبارانە بخۆنەوە کە تێکەڵ بە ئاوی زێرابەکان بوون، بەهۆی کەمیی ئاو، هەربۆیە گەلێک لە منداڵانی عێراق تووشی نەخۆشیی سکچوون هاتوون، ڕێـژەی منداڵانی توشبوو بە نەخۆشیی سکچوون بەرزبووەتەوە بۆ ڕێژەی (٧٠٪) لە پارێزگای ئەنبار لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٦)ەوە، (٤٠٪)ی زیادبووان لە پیاوانو هەرزەکاراندایە، (٩٥٪) هۆکاری تووشبوون دەگەڕێتەوە بۆ ئاوی پیس، سەرچاوەکان هۆشدارییان داوە لە تەشەنەسەندنی کولێرا لەگەڵ پەتای ڕیخۆڵەیی ترسناک. هەلومەرجەکان لەباربوون بۆ تەنینەوەو بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گواستراوەکانی وەکو: نەخۆشیی دیزانتری (زەحیری)، تیفۆ (گرانەتا)، هەڵئاوسانی جگەر، نەخۆشیی کولێرا، ئابلۆقەی سـەر کلۆر کە زۆر گرنگە بۆ پاکردنەوەی ئاو، ئاریشەکەی ئاڵۆزتر کـردووە، کە لە ئەنجامدا بووەتە هـۆی تەشەنەسەندنی نەخۆشییەکانو پیسبوونی دەوروبەر، خەوشی سەرەکیی ململانێکانی کەمیی ئاو لە عێراقدا، کەمیی ئاوە بۆ خەڵکی عێراق لەگەڵ تەقینەوەکاندا، هاوڵاتییان ڕووبەڕووی کەمیی ئاو بوونەوە بۆ ئامادەکردنی خـۆراک، خواردنەوەو خۆپاکردنەوە، کە ئەمەش ناچاری کردوون ڕیز ببەستن بۆ ئەو ئاوەی کە لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئەمریکاو هەندێک ڕێکخراوی تری خێرخوازەوە پێیان دەدرێت.

## قەیرانی ئاو لە عێراقدا

لەگەڵ بەردەوامیی کاولکردنی گوندو شارەکان بەهۆی تەقینەوەکان، پسپۆڕانی بواری ژینگەییو بەرپرسەکان ئاماژەیان بـەو کـاردانـەوە خراپانە کـردووە، کە پێویستیان بە چارەسەری خێرا هەیە کە لەئێستادا بە «شـەڕی ئـاو» ناودەبرێت، ئەو ڕووبـەرە سەوزانەی کە کەوتوونە باشووری بەغدا لەئێستادا وشـک، بێ پیتو بێ بەرهەم بوون لەگەڵ زیادبوونی خۆڵبارین، ئەگەر هەڕەشەکانو نیشانەکانی کەمیی ئاو چارەسەر نەکرێن، لەوانەیە کارەساتی مرۆیی لێ بکەوێتەوە، دابەزینی ئاستی ئاوی چەمو ڕووبارەکان بووە بە وێرانکاریی بۆ سیستمی زێرابەکان، لەهەمان کاتدا یارمەتیدەر بووە بۆ ژەهراویبوونی ئاوو نەگونجانی بۆ بەکارهێنانی مرۆییو ئـاژەڵـیی، تەشەنەسەندن لـە قەیرانی ژینگەیی عێراقدا کە بەرەو خراپتر دەچێت، بووەتە هۆی زیادبوونی خێرا لە ڕێژەی مردنی منداڵانداو بڵاوبوونەوەی خێرای هەژاریی بەهۆی کەمیی خۆراک، تێکچوون لە بارودۆخی ژینگەدا زیاتر لە کێشەی ئاودا دەرکەوتووەو لەو سەرچاوانەدا کە بەکاردەهێنرێن بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراقدا.

قەیرانی ئاو لە عێراقدا هۆکارێکە بۆ خراپیی بەرهەمی دانەوێڵە، سووتانی زەوی، خۆڵبارین، بارودۆخەکە خراپتر بووە بەهۆی نەبارینی بارانی وەرزیی، کە سەرئەنجام بووەتە هـۆی وشکبوونی دانـەوێڵـە لە سەرانسەری وڵاتدا، زیادبوونی خۆڵبارین بەشێوەیەکی نائاسایی زیادیکردووە لە ئەنجامی وشکبوونەوەی زەوی، گلدانەوەو دروستکردنی بەنداو لەلایەن سوریاو تورکیاوە بارودۆخەکەی خراپترکردووە، کە بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی دیجلەو فورات بەڕێژەی (٦٠٪) بەدرێژایی ئەم دوو سەدەیەی ڕابردوو. هەرچەندە حکومەتی عـێـراق لەڕێگەی وەزیـری سەرچاوە ئاوییەکانەوە بەڵێنی داوە بە چارەسەرکردنی قەیرانی ئـاو، بـەڵام تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی جدیی نەنراوە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، قورسترین شت لە عێراقدا لە هەمەجۆریی کێشەکاندا، جوتیارانن، کە زۆربەی کاروبارە کشتوکاڵییەکانیان بەجێهێشتووە بـەهـۆی وشکبوونی ڕووبارەکانو نەمانی گلدەرەوەکانی ئاو، زەوییە کشتووکاڵییەکان لە پارێزگای دیالە، کە ناوچەیەکی دەوڵەمەندن لە بەرهەمی کشتوکاڵیدا لەئێستادا بەرەو نەمان دەچن، ئاژەڵداریی بەرەو کزیی دەچێت بەهۆی کەمیی ئاو و تینوێتی ئاژەڵەکان.

بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا وەستاوە لە ئەمجامی داخرانی زۆربەی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بەهۆی کەمیی ئاوەوە، زیاد لەوە، لەگەڵ کەمیی وزەی پێویست، کارگەکانی پاکردنەوەی ئاو، ئاو دەڕێژنە سـەرزەوی، لەبەرئەوەی پێویستیان بە کارەبایە بۆ ئیشکردن، ئەمەش بووەتە هۆی لەدەستچوونی سامانێکی گرانبەها، بڕی ئاوی دیجلەو فورات زۆر بەخێرایی لە دابەزیندایە، لەگەڵ کەمبوونی ئاوی ڕووبارەکان کاری کردووەتە سەر ناوچە کشتوکاڵییە بەپیتەکانی وڵات، بڕی ئاوی ژێرزەوی بەرەو دابەزین دەچێت بەبێ هیچ ئاماژەیەکی بەرەو باشتر چوون، لەبەر هەمان هۆ وشکەساڵیی بووەتە دۆزێکی نەتەوەیی بۆ عێراق، کە ناتوانێت چارەسەر بۆ هاوڵاتییانی بدۆزێتەوەو ئەمە ئاڵۆزتر بووە بەهۆی کێشمەکێشمی سیاسیی، کە تائێستاش حکومەت لە ململانێدایە لەگەڵیدا.

عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ قەیرانێکی توندی ئاو کە هاوڵاتییانی ناچار کـردووە ئـاوی ڕووبـارەکـان بخۆنەوە، پێویستییەکانی خۆشتنو پاککردنەوەی لێ دابین بکەن، ئەو ڕێژە مەترسیدارە خەڵکی ناچارکردووە کە ئاوی پیس بەکار بهێنن، کە ئەمەش دەرئەنجامەکەی بریتییە لە تووشبوونی هاوڵاتییان بەو نەخۆشییانەی کە بەهۆی ئاوەوە دەگوازرێنەوە. باردۆخی ئەمنیی ڕێگرە لـەبـەردەم گەیاندنی ئاو لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییەکان بۆ ئەو خەڵکانەی کە پێویستییەکی زۆریـان بە ئـاوە، گەیەنەرانی هاوکاریی ئەرکێکی قورسیان هەیە بۆ ئـەوەی بگەن بەو شوێنانەی کە پێویستیان بە هاوکاریی هەیە، لەبەرئەوەی لەلایەن گرووپە یاخییەکانەوە کراون بە ئامانج، ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕووبەڕووی کێشەی جدیی بوونەتەوە لە هەوڵدان بۆ هاوکاریکردنی بەردەوامی ئەو خێزانانەی کە پێویستیان بە ئاوی خاوێن هەیە، کە بگونجێت بۆ بەکارهێنان بەهۆی ناسەقامگیریی‌و نائارامیی، بۆیە ئەمە بووەتە کارتێکەری سەرەکیی لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون بە نەخۆشیی کولێرا بۆ ڕێژەی (٧٠٪) لەنێوان منداڵانداو ڕێژەی (٤٠٪) لەنێوان نەوجەواناندا، ئەمەش خەڵکی ناچارکردووە کە بیر لە بەکارهێنانی ئاوی پیسی ڕووبارەکان بکەنەوە بۆ ڕزگاربوون لەو مەترسییە، کەمیی هاوکاریی حکومەت

**عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ قەیرانێکی توندی ئاو**

بـارودۆخـەکـەی شـوومـتـر کـردووە، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییانی عێراق لەگەڵ سیستمی ئاوەڕۆکاندا دەژین، کە ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە لە تەشەنەسەندنی خێرای نەخۆشییە درمەکان، هاوکاریی ڕێکخراوە مرۆییەکان پێویستی بەشێکی زۆر لە هاوڵاتییان پڕدەکاتەوە بە گواستنەوەی ئاو بۆ ناوچە دوورەدەستەکان، چونکە بەشێکی زۆر لەو ناوچانە دەکەونە بیابان، بەشێکی زۆری تۆڕەکانی ئاو کە بوونیان هەیە لەئێستادا خراپبوون بەهۆی درێژیی تەمەنیان، یاخود تێکشکاون لە ئەنجامی شـەڕە بـەردەوامـەکـان، هەلومەرجەکە ئاڵۆزتر بووە بەهۆی ڕاگواستنی هاوڵاتییان لە نـاوخـۆی وڵاتـدا، کە بەشێوەیەکی سەرەکیی پشت بە ئـاوی ڕووبـارەکـان دەبەستن، چاودێران وای بۆ دەچن، بەبێ بەرەوپێشچوونی ئەمنییەت هیچ هیوایەک نییە بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە، گەر بێتو هیچ هەنگاوێک نەنرێت، ڕیکخراوەکان ڕەخنە لە کەمتەرخەمیی حکومەت دەگرن لە بەرامبەر چێک نەکردنەوەی سیستمەکانی ئـاوەڕۆو هـەوڵ نـەدان بۆ پاراستنی ئەو ڕێکخراوانە لە دەستی گرووپە یاخییەکان، وەزارەتـی شارەوانیی عێراق ئاماژەی بە ئەوە داوە: کە نائارامییو گەندەڵیی دوو ڕێگری سەرەکین لەبەردەم خێرا چاک نەکردنەوەی ژێرخانی وڵات، بەرزیی ئاستی توندوتیژیی لە دەوروبـەری پایەتەخت ئەرکی گەیاندنی هاوکاریی قورس کردووە، لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە، وەکو ڕێکخراوی مانگی سوور.

لـە بـڵاوکـراوەیـەکـدا کـە لـەلایـەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بڵاوکرایەوە، لە سـەرەتـای ساڵی (٢٠٠٣)دا، ئاماژە بـەوە دەکـات: کە عـێـراق ڕووبـەڕووی بارێکی نالەبار بووەتەوە لە بنیاتنانەوەو بەرەوپێشبردنی سیستمی ئـاوەڕۆ، پاکردنەوەو کارەبا بەهۆی کەمیی ئاوەوە، چاودێرەکان ئەوەیان ڕوونکردووەتەوە: کە ئەو ئاوەی بەکاردەهێنرێت مەترسییەکانی تووشبوون بە نەخۆشیی زۆر بەخێرایی بەرز کردووەتەوە، کە پێویستی بە کردەیەکی دەستبەجێ هەیە بۆ هێورکردنەوەی کێشەکە.

کـردە خێراکە پێویستە بەرەوپێش ببرێت، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی کاریگەر پێشکەش بکاتو چوارچێوەیەکیش بۆ قەیرانی ئاو دابنێت لە عێراقدا، کە پاراستنی ژینگە وەکو ئەرکێکی مرۆیی سەیر بکرێت. بوون بە بەشێک لە مەترسیی ژینگەیی بە تەنیا کارناکاتە سەر ژیانی مرۆڤو ئەوانی تر، بەڵکو دەبێتە ئاستەنگیش لەبەردەم هاریکاریی تری مرۆیی لە وڵاتێکی بەشەڕ کاولبوودا، ئامانجی سەرەکیی حکومەت پێویستە بریتی بێت لە: دیاریکردنی لیستی چاکردنەوەی ئامرازەکانی ئاو، سیستمی ئاوەڕۆ، خاوێنکردنەوەی ناوچە پیسەکان، پاکردنەوەی ئەو شوێنانەی دەبنە هۆکاریی پیسکردن، وەکو ستراتیژیی ژمارە یەک بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانو قەیرانی ژینگەیی لەپێناو ئامانجی دابەزاندنی ئاستی مەترسیی نەخۆشییە درمەکان، بەهۆی کۆبوونەوەی پاشماوە پزیشکییەکانو شارەوانییەکان.

گلەییو گازندەکان نابێت پانتاییەکی گەورەی کێشەی ژینگەیی بگرێتەوە، بەڵام حکومەتی عێراق پێویستە بە هاوکاریی ڕێکخراوە مرۆییەکان ڕێگەو ئاراستەی ستراتیژیی بەکاربهێنێت، کە سەرچاوەکانی ئاو دەپارێزێت لەگەڵ بەکارهێنانی پلانی گونجاوی پاراستنی ئاو، قەیرانی ئاو گرنگە بڕیاری لەسەر بدرێت بە زووترین کات بۆ هێورکردنەوەی کاردانەوە خێراکانی ژینگە لە پلانی بەپەلەی پاکردنەوە، حکومەت پێویستە ژینگە بکات بە یەکێک لە بەرنامەکانی ئاوەدانکردنەوە بۆ بنیاتنانەوەیەکی بەهێز، ئامانجەکان لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا پێویستە هاوتەریب بێت لەگەڵ دووبارە چاکردنەوەی تۆڕەکانی ئاو، ئاوەڕۆ، وزە، ئاسایشی خۆراک.

## هەشت مانگە سەرۆکی حکومەت بەڵێنی پێکهێنانی داوە

# چارەنووسی ئەنجومەنی خانمان نادیارە



ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

**هەشت مانگ لەمەوبەر، سەرۆکی حکومەت پێکهێنانی ئەنجومەنێکی تایبەت بە خانمانی ڕاگەیاند، بەڵام تائێستا چارەنووسی ئەو ئەنجومەنە دیار نییە. ژنە پەرلەمانتارێکیش ئاماژە بەوە دەکات: کە ئەو لێدوانە تەنیا دروشم بووە بۆ تێپەڕاندنی قۆناغێک.**

دوای ئەوەی کە پۆستی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان لە پێکهێنانی کابینەی شەشەمدا هەڵوەشایەوە، لە دوایەمین مانگی ساڵی (٢٠٠٩)داو لە لێدوانێکدا د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم مژدەی ئەوەی دا بە ژنان، کە ئەنجومەنێکی تایبەتیان بۆ پێکدەهێنێت بەناوی «ئەنجومەنی خانمان»، بەڵام تائێستا ئەنجومەنەکە پێکنەهاتووەو کەسیش بۆ سەرۆکایەتیکردنی ڕانەسپێردراوە، ئەمە جگە لەوەی کە نە پەرلەمانو نە چالاکوانانو نە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان ئاگاداری چۆنێتی پێکهێنانی ئەنجومەنەکە نین.

ژنە پەرلەمانتارێکی لیژنەی داکۆکیی لە مافەکانی ژنان، ئاماژە بەوە دەکات: کە تائێستا هیچ هەنگاوێکی جدیی نەنراوە بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکە، لەکاتێکدا ڕێژەی توندوتیژییەکان بەرامبەر بە ژنان ڕۆژ بەڕۆژ لە هەڵکشاندان.

ئاشتی عەزیز، وتی: «هەر ئەو کاتەی کە تێبینیی ئەوەمان کرد، کە بودجە بۆ ئەو ئەنجومەنە لە ساڵی دارایی (٢٠١٠)دا دیاری نەکراوە، گومانی ئەوەمان لادروست بوو، کە حکومەت جدیی نییە لە پێکهێنانی ئەنجومەنەکەدا، چونکە بودجە بریتییە لە تەرجومەکردنی هەموو پلانەکانی حکومەت بۆ چۆنێتی جێبەجێکردن، تەنیا لەڕێگەی بودجەوە دەزانرێت کە نیەتی حکومەت چییە، ئایا دەیەوێت کارێک بکات یان نا؟».

دروستکردنی ئەنجومەنێکی گەورە کە خزمەت بە توێژی ژنان بکات، بە بڕوای پەرلەمانتارەکەی گۆڕان پێویستی بەوە هەیە کە بودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانبکرێتو کات بۆ پێکهێنانی دیاریی بکرێتو شێوازی کارکردنو بەشەکانی کارکردن جیابکرێنەوە، «بەڵام ئەمانە تائێستا زانیاریی ناڕوونن».

لە سەرەتاکانی پێکهێنانی حکومەتدا، لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان پێداگرییان کرد لەسەر ئەوەی کە وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری ژنان لەکابینەی شەشەمدا هەبێت، تا کەموکوڕییەکانی ژیانی ژنان پڕ بکاتەوەو داکۆکیکارێکی فیعلی بێت لە مافەکانیان، بەڵام لیستی دەسەڵات دژایەتی ئەو داواکاریەیان کردو ئەو وەزارەتەیان بەپێویست نەزانی، هەربۆیە لەئێستادا کەلێنێکی گەورە بۆ ژنان دروست بووە، بەهۆی ئەوەی هیچ لایەنێکی ڕەسمیی جگە لە لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان نییە، کە ئاوڕ لە کێشەکانی ژنان بداتەوەو بەتەنگ داخوازییەکانیانەوە بێت، هەربۆیە ڕێکخراوی ئاسوودە لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوودا نووسراوێکیان ئاراستەی سەرۆکی حکومەت کردو تێیدا داوایان لێکرد، کە پەلە بکات لە پێکهێنانی ئەنجومەنی خانمان، بەڵام تائێستا وەڵامنەدراونەتەوە.

خانم ڕەحیم، بەرپرسی ڕیکخراوی ئاسودە بۆ داڵدەدانی ژنان لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان تائێستاش یەکلایی نەبووینەتەوە لەوەی کە ئایا ئەو ئەنجومەنە حکومییە، یان جۆرێک دەبێت لە ئەنجومەنێکی بێلایەنی سەربەخۆو حکومەت پاڵپشتی دەکات، تائێستا نازانین هەیکەلی دروستبوونی چۆنە، لەگەڵ ئەمانەشدا پێموایە: کە هەرچۆنێک بێت دەبێت پێکبێت، چونکە کەلێنێکی گەورە دروست بووە بۆ مەسەلەی ژنان، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی کە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان نەماوە، بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکی حکومەتمان ئاگادارکردەوە، بەڵام تائێستا وەڵام نەدراوینەتەوە».

چالاکوانێکی تری بواری مافەکانی ژنان تێبینی هەیە لەناوی ئەنجومەنەکە(ئەنجومەنی خانمان) بەوەی کە لەناوەکەیەوە دەشێ ئەو ئەنجومەنە بۆ چینێکی ئەرەستۆقراتی کۆمەڵگەی کوردستان بێت.

مهاباد قەرەداغی، وتی: «پێویستە ئەو ئەنجومەنە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئافرەتان، ناوێکی بێلایەنی لێ بنرێت بۆ نموونە «ئەنجومێک بۆ کاروباری یەکسانیی»و دەسەڵاتیشی هەبێت بەسەر دامودەزگاکانی تردا، واتە ئەو ئەنجومەنە باڵایە بتوانێت لیژنەی لە هەموو دامودەزگاکانی تردا هەبێتو چاودێرییەکی بێلایەنانەی مەسەلەی یەکسانییو مەسەلە جێندەرییەکان بکات لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتو دامودەزگاکانی تریشدا».

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە تائێستا لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوکراونەتەوە، ئەنجومەنەکە لە (٧) کەس پێکدێتو خودی سەرۆکی حکومەت سەرۆکایەتی دەکات، بەڵام بە وتەی قەرەداغی «ئەمە بۆ کەس ڕوون نییە، لەکاتێکدا مەسەلەیەکی وا گرنگ پێویستە لە پەرلەمانەوە یاسای بۆ دەربچێتو بەپێی ئەو یاسایە ئەرکو مافەکانی دیاریکرابێتو ستراتیژییەتی ئەنجومەنەکە ئاشکرا بکرێتو ئەو ستراتیژەش لەناو سیاسەتی حکومەتی هەرێمدا ڕەنگبداتەوە، بەڵام بەداخەوە کە تائێستا ئەمانە نەکراون».

هەر لەدوای لێدوانەکەی سەرۆکی حکومەتەوە تایبەت بەپێکهێنانی ئەنجومەنی خانمان، چەند کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانو چالاکوانانی مافی مرۆڤو چەند پەرلەمانتارێک سازکرا، بەڵام ئەنجامی کۆبوونەوەکان ئاشکرا نەکران.

خانم ڕەحیم، وتی: «لەو کۆبوونەوانەی کە تایبەت بەو پرسە بەشداریمان پێکرا، پرسە گورگانەبوو، چونکە ئەوان خۆیان کێیان بوێت دایدەنێنو چ بەرنامەیەکیان بوێت بۆ ئەنجومەنەکە جێبەجێی دەکەن، من لە کۆبوونەوەی یەکەمو دووەمدا ئامادەبووم، بەڵام کە تێبینیم کرد تەنیا جۆرێک لە ئاسنی ساردکوتین، هیچی تر نەبوو، هەربۆیە ئامادە نەبووم بچمە کۆبوونەوەکانەوە».

دیاری نەکردنی بودجەی تایبەت بە ئەنجومەنی خانمان لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠) دا، گومانی ئەوەی دروستکردووە، کە ئەوە تەنیا هۆکارێک بێت بۆ دواکەوتنی پێکهێنانی ئەنجومەنەکە، بەو هۆیەشەوە ئاشتی عەزیز، ئاماژە بەوەدەکات: هەر شتێک لەناو بودجەدا جێگەی بۆ نەکرابێتەوە ئیمکانی جێبەجێکردنی زۆر کەمە، وتیشی: «ئەوەی لەناو بودجەدا نەبێت هەر لە چواچێوەی دروشمدا دەمێنێتەوەو بۆ بەڕێکردنی قۆناغێک بووە، چونکە تەنیا پارەیە کە نییەتە ڕاستەکانی حکومەت ئاشکرا دەکات».

# پارتی لە سلێمانی، زەوییەکی گەشتیاریی دەکاتە بینای مەکتەبی سیاسیی

ڕاپۆرتی: سیروان عەول

**بەمەبەستی دروستکردنی بینایەک بۆ لقی سلێمانی مەکتەبی سیاسییەکەی، پارتی دیموکراتی کوردستان (٥) دۆنم زەوی گەشتیاریی لە هاوڵاتییەکی شاری سلێمانی کڕیوە، لەکاتێکدا ئەو زەوییە بۆ پڕۆژەیەکی گەشتیاریی تەرخانکراوەو قەرزیشی لەسەر وەرگیراوە.**

وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی لە فەرمانێکیدا، کە ژمارە (٩٠٦٠)ی لەسەرەو لە بەرواری ٢٠٠٨/١/٢١دا دەریکردووە، بڕیاریداوە بە پێدانی قەرزێک بە بڕی (٩٠٠,٠٠٠,٠٠٠) نۆسەد ملیۆن دینار بۆ (سەباح ئەحمەد عەبدوڵڵا) بە مەبەستی تەواوکردنی پڕۆژەی گوندی گەشتوگوزاریی لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٦٢/٩) کەرتی (٩) قلیاسانی ژووروو بۆ ماوەی دوو ساڵ.

بەڕێوەبەرێتی گەشتوگوزاری سلێمانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەم پارچە زەوییە بەپێی ماستەرپلانی سلێمانی دەکەوێتە ناوچەی (سەوزایی) گەشتوگوزارییەوەو پێویستە خاوەنەکەی (سەباح ئەحمەد) ئەم خزمەتگوزارییانەی تێدا دروستبکات: بینایەکی ئوتێل (٤) نهۆمیی، (١٢) شوقەی فندقی، (١) ڕیستۆرانت، (١٠) خانووی (٢) نهۆمیی شوقەی سیاحی، مەلەوانگە، هۆڵی ئاهەنگ.

ئەم پارچە زەوییە، کە دەکەوێتە تەنیشت زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانیو ڕووبەرەکەی (٥) دۆنمە، پێشتر موڵکی کەسێک بووە بەناوی (فوئادی شێخ حەسەن)، پاشان (سەباح ئەحمەد) لێی کڕیووە، بەڵام وەک لە سکاڵا نامەیەکدا (سەباح ئەحمەد) ئاماژەی پێدەکات، ناحیەی بەکرەجۆ نزیکەی (٢) ساڵە پڕۆژەکەی ڕاگرتووە، ئەگەرچی خاوەنەکەشی ڕەزامەندیی بەڕێوەبەرێتی گەشتوگوزاری سلێمانیشی بۆ تەواوکردنی وەرگرتووە.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە لە کۆی ئەو (٦) خزمەتگوزارییەی کە بڕیاربووە لەسەر ئەم پارچە زەوییە دروست بکرێت، تەنیا بینای ئوتێلەکە دروستکراوە، ئەگەرچی خاوەنەکەی لە سکاڵاکەیدا نووسیویەتی: «(٩٩٪)ی پڕۆژەکەم تەواوبووە»، بەڵام هیچ ئاماژەیەک دیار نییە بۆ تەواوکردنی پڕۆژەکە بەوشێوەیەی مۆڵەتی پێدراوە.

سەرچاوەیەکی حکومیی ئاگادار لەو پڕۆژەیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پێویستە بەڕێوەبەرێتی گەشتوگوزار نەخشەی پەسەندکراوی پڕۆژەکە لەلایەنی جێبەجێکار وەربگرێت، بۆ ئەوەی بەپێی نەخشەکە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام ئەم نەخشەیە بۆ ئەم پڕۆژەیە نەکراوە».

سەرچاوەیەک لە مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، ئەوەی پێڕاگەیاندین: «ئەم شوێنە کە ڕووبەرەکەی (٥) دۆنمە، کڕدراوە بۆ بارەگای پارتی دیموکراتی کودستانو تائێستا بڕیار نەدراوە لەسەر ئەوەی دەکرێت بەچی، چونکە لە ئێستادا هیچ ناوێک، یان تابلۆیەک بەدی ناکرێت لەو بینایەدا، بەڵام پێدەچێت بکرێت بە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان».

هەروەها، وتیشی: ئەم جێگەیە بەبڕی زیاتر لە (٢٠٠) دەفتەر دۆلار کڕدراوەتەوە لە (سەباح ئەحمەد عەبدوڵڵا)، نزیکەی (١٥٠) دەفتەر دۆلاریشی بە زیادە وەرگیراوە لەبری ئەو باڵەخانە پێنج نهۆمییەی کە پێشتر تیایدا دروستکراوە.

لایەنە پەیوەندیدارەکان هەر لەبارەی ئەم زەوییەوە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پێویستە سیاجی ئەم پڕۆژەیە (٧٥)م لە جەزرە وەسەتییەوە دووربێت، بەڵام لە ئێستادا ئەم زەوییە پێویستە (٢٥) مەتری تر بچێتە دواوە، بۆ ئەوەی ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت.



کەسوکاری بارزانییە ئەنفالکراوەکانیش بێبەشکراون 18



### سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان:

# نابێت بەو بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆیە کاربکەین کە ١٨ ساڵە دانراوە

ئا: لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن

**م. سیروان نوری، سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، بارودۆخی عێراق‌و هەرێم بە هۆکاری سەرەکیی دواخستنی هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان دەزانێت‌و بە پێویستیشی دەزانێت، لە کۆنگرەدا پەیڕەوێکی نوێ بۆ یەکێتییەکە دابنرێت، هەروەک دەڵێت: «نابێت بەو بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆیە کاربکەین کە لە ساڵی (١٩٩٢)وە دانراوە».**



م. سیروان نوری

**ڕۆژنــامــە: بەهۆی ململانێی نێوان یەکێتی‌و پارتییەوە، یەکێتیی مامۆستایان (١٨)ساڵــە کۆنگرەی نەبەستووە، ئەمە ڕاستە؟**

* یەکێتیی مامۆستایان لە ساڵی (١٩٩٢) کۆنگرەیەکی یەکگرتووی بەست، دوای ئەو کۆنگرەیە بڕیاربوو هەموو چوار ساڵێک کۆنگرە ببەسترێت، پێش ئەو وادەیــە شــەڕی ناوخۆ بەرپابوو، ئەو شەڕە چۆن حکومەت‌و پەرلەمانی دابەشکرد، یەکێتیی مامۆستایانیشی کرد بە دوو بەشەوە، بەڵام سەرەڕای بوونی دوو یەکێتیی مامۆستایان، هەردوولا یەک ئارم‌و یەک پەیڕەوی ناوخۆمان هەبوو، ئێمە لە سنووری سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٢)دا کۆنگرەی دەیەممان بەست، دوای ئەوە یەکێتیی مامۆستایانی هەولێر کۆنفرانسێکی بەست کە ناونرا کۆنگرەی یانزە، دەبووایە کۆنگرەی ترمان ببەستایە، بەڵام بارودۆخی عێراق‌و یەکگرتنەوەی هەردوو یەکێتیی مامۆستایان بووە هۆی دواخستنی کۆنگرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەڵبژاردن‌و کۆنگرە سازبکرێت.

**ڕۆژنامە: دەوترێت، پەیڕەوی یەکێتیی مامۆستایان بۆ ئێستا ناگونجێت، تاچەند لەگەڵ ئەوەدایت؟**

* پێویستە لەم کۆنگرەیەدا پەیڕەوێکی نوێ دابنرێت، چونکە ناکرێت‌و نابێت بەو بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆیە کاربکەین کە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە دانراوە، ئێمە لە کۆنگرەی دەیەمی یەکێتیی مامۆستایان (سلێمانی)دا چەند گۆڕانکارییەکمان بەسەردا هێنا، جگەلەوە دەبێت لە ئێستاوە مامۆستایان بە سەربەخۆیی خۆیان ببنە ئەندامی یەکێتیی مامۆستایان‌و ناکرێت بەو شێوەیەی ئێستا وەکو لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، هەر کەسێک کە دەبێتە مامۆستا، ڕاستەوخۆ دەبێتە ئەندامی یەکێتیی مامۆستایان، ئەمە بۆ ئەو کاتە پێویستبوو، بەڵام ئەو بارودۆخە پێویستی بە گۆڕانکاریی هەیەو گرنگی ئەم هەڵبژاردنەش بۆ گۆڕینی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی مامۆستایان دەگەڕێتەوە، کە یەکێک لە خاڵەکانی، ئازاکردنی مامۆستایە لە ئەندامبوون لە یەکێتیی مامۆستایان.

**ڕۆژنــامــە: بۆچی ڕێکخراوەکانی مامۆستایانی دەرەوەی یەکێتی‌و پارتی، ئێوە بە تاکڕەویی تۆمەتباردەکەن‌و پێیانوایە، بڕیارەکان لە بەرژەوەندیی ئێوەدان؟**

> **"دەبێت لە ئێستاوە مامۆستایان بە سەربەخۆیی خۆیان ببنە ئەندامی یەکێتیی مامۆستایان"**

* ئەو لایەنانە، نوێنەریان لە مەکتەبی سکرتاریەت‌و تەنفیزیی‌و لیژنەی باڵادا هەیەو بەشداریی یەکگرتنەوەی یەکێتیی مامۆستایانیان کــردووەو ئەندامی یەکگرتنەوەکەبوون‌و لە کاتی دانانی بڕیارو میکانیزمەکانی هەڵبژاردندا، ئامادەبوون‌و لە هەموو کۆبوونەوەکاندا ئامادەبوون، زۆرینە دەنگیان بەو بڕیارانە داوە، ناکرێت بەو شێوەیە ڕەخنە بگرن.

**ڕۆژنامە: بەڵام ئەو لایەنانە، گۆڕینی چەند میکانیزمێکی هەڵبژاردنیان کــردووەتــە مەرجی بەشداریکردن‌و تەنانەت هەڕەشەی بەشداریی نەکردن دەکەن، تۆ لەگەڵیاندایت؟**

* دەیانــەوێت هەموو کوردستان بکرێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن، لە هیچ هەڵبژاردنێکدا بەو شێوەیە نەبووەو من فرەبازنەییم پێ باشترە، بەشێوەیەک لە سنووری یەکێتیی مامۆستایاندا، (١٢) لق هەیەو ئەو لقانە دەبنە (١٢)بازنەی هەڵبژاردن، هەروەها میکانیزمی دانانی کۆمەڵێک لە ئەندامانی لە کۆنگرە بەبێ هەڵبژاردن لە پەیڕەوی ناوخۆدا هەیەو ئــەوەش شتێکی ئاساییەو لیژنەی باڵا دوابڕیاری لەسەر داوەو ئەو لایەنانەش ئاگاداری بوون، ئەگەر ئەو ڕێکخراوانە بیانەوێت هەڵوێست وەربگرن‌و بەشداریی هــەڵــبــژاردن‌و کۆنگرە نــەکــەن، لەو بڕوایەدام، هەڵبژاردن دەکرێت‌و کۆنگرە بە سەرکەوتوویی کۆتاییدێت، ئامانجەکانیش دێنەدی‌و بە دڵی مامۆستایان دەبێت.

**ڕۆژنامە: باسی ئەوە دەکرێت، کۆنگرە گۆڕانکاریی ناهێنێتەکایەوەو هەمان دەموچاوەکانی پێشووتر دادەنرێنەوە، ئەمە وایە؟**

* هێشتا هەڵبژاردن نەکراوە، ئەوەی وا بیردەکاتەوە، لەبیری تەسکی خۆیدا قسەدەکات، لەو بڕوایەدام گۆڕانکاریی ڕوودەدات‌و خەڵکی تازەش دێتە پێشەوە، ئەوە گرنگە کە ئەو کەسەی دێتە کۆنگرەوە، خــەمــخــۆرو داکــۆکــیــکــاری مافەکانی مامۆستایان بێت، ئەو مامۆستایانەی لە ڕاگەیاندنەکاندا ڕەخنە دەگــرن‌و پێشنیازدەکەن، با بێن لە ناو کۆنگرەیەدا بەرنامەو پەیڕەو بگۆڕن‌و خۆیان بپاڵێون، بۆئەوەی ئەوان نوێنەرایەتیی مامۆستایان بکەن.

# لە(٢) هەزار تەنیا (١٨٠) مامۆستا بۆ سەرپەرشتیار دەرچوون

## بەهۆی ئەنجامی تاقیکردنەوەی سەرپەرشتیارانەوە، وەزارەتی پەروەردە پێداچوونەوە بە ئاستی مامۆستایاندا دەکات

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**لە کۆی (٢) هەزار مامۆستا کە بەشداریی تاقیکردنەوەی بەرایی‌و کۆتایی مامۆستایانی پاڵێوراویان بۆ پلەی سەرپەرشتیاری بنەڕەتی‌و ئامادەیی کردووە، تەنیا (١٨٠) مامۆستا دەرچوون، هەروەک بەڕێوەبەری گشتیی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ئەوە دەخاتەڕوو، وەزارەتی پەروەردە پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندن بە ئاستی مامۆستایان‌و سەرپەرشتیاران دەکات.**



تاقیکردنەوەی مامۆستایانی پاڵێوراو بۆ پلەی سەرپەرشتیاری    فۆتۆ: سایتی و. پەروەردە

بە مەبەستی بوون بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە هەردوو قۆناغی ئامادەیی‌و بنەڕەتی، ئەمساڵ (٢) هەزار مامۆستا بەشداریی تاقیکردنەوەی بەراییان کردو لەو ڕێژەیە تەنیا (٤١٨) مامۆستا دەرچوون، هەروەک ڕۆژی (١٨-٢٠١٠/٧/٢٠) تاقیکردنەوەی مامۆستایانی پاڵێوراو بۆ پلەی سەرپەرشتیاری بنەڕەتی‌و ئامادەیی، کە ژمارەیان (٤١٨) مامۆستا بوو لە بوارە پسپۆڕییەکانیان بەڕێوەچوو، لە قۆناغی بنەڕەتی لە کۆی (٢٣٤) بەشداربوو (١٠٩) مامۆستا دەرچوون، بەوپێیە ڕێژەی دەرچوون دەگاتە (٤٦٪)، لە قۆناغی ئامادەییش لەکۆی (١٨٤) بەشداربوو (٧١) مامۆستا دەرچوون، ڕێژەی دەرچوون دەگاتە (٣٧٪)، لە پسپۆڕی کۆمەڵایەتی‌و پــەروەردەی تایبەت ڕێژەی دەرچوون (٠٪) ، بەوپێیە ڕێژەی دەرچوون لە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی‌و ئامادەیی (٤٣٪) بووە.

سەفین دزەیــی، وەزیــری پــەروەردەی هەرێمی کوردستان، سەردانی تاقیکردنەوەکانی کردو ئەوەی خستەڕوو، کە سەرپەرشتیاریی پرۆسەیەکی گرنگە بۆ ئاراستەکردنی ڕاست‌و دروستیی ڕەوشی پەروەردەو سەرخستنی سیستمی نوێی خوێندن، بۆیە وەزارەتــی پــەروەردە لە ڕووانــگــەی سیستمی نوێی خوێندن بایەخێکی بەرچاو بە بەرزکردنەوەی ئاستی سەرپەرشتیاران دەدات‌و ئەوانەشی کە دەبنە سەرپەرشتیار پێویستە لەئاستی پێویستدا بن.

بە وتەی بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە، هۆکاری دەرنەچوونی پاڵێوراوان بۆ نزمیی ئاستی مامۆستایان‌و کــەم شارەزاییان دەگەڕێتەوە.

بــورهــان عــەبــدوڵــڵا، بــەڕێــوەبــەری گشتیی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە وەزارەتــی پــەروەردە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئــەو ئەنجامانە نزمیی ئاستی مامۆستایان دەردەخــەن‌و شارەزانەبوون‌و نەخوێندنەوەی مامۆستایان یەکێکە لە کێشەکان، تاقیکردنەوەکان لە بواری پسپۆڕیی خۆیاندا بووەو پرسیارەکان لە کتێبەکانەوە دەرهێنراون‌و جگە لەوەش مامۆستایان کاتی زۆریان هەبووە، خوێندکارێکی زیرەکی قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی دەتوانێت لەو تاقیکردنەوەیەدا دەربچێت، پرسیارەکان قــورس نەبوون، بەڵام چاوەڕواننەکراوبوو، ئێمە چاوەڕوانی ئەوەبووین کە مامۆستایان نمرەی زۆر بەرز بەدەستبهێنن، بەڵام بەداخەوە بەپێچەوانەوە بوو.

لــە ئــێــســتــادا شــێــوازی بــوون بە سەرپەرشتیاریی جیاوازە لە ساڵانی ڕابردوو، بەوپێیەی ئەمساڵ تاقیکردنەوەی بەرایی هاتووەتەکایەوەو هەروەها تاقیکردنەوەکان بە شەفافی بەڕێوەدەچێت، جگە لەوەش شێوازی پرسیارەکانی گۆڕدراوە.

ئەو بەرپرسەی وەزارەتــی پــەروەردە ئەوەشی خستەڕوو، هەوڵمانداوە پێوەرەکانی دانانی سەرپەرشتیار بەهێزبکەین‌و ئەو کەلتوورەش دابهێنین خەڵک بیر لەوە نەکاتەوە، کە شایستەی سەرپەرشتیار نەبێت‌و داوای ئەو پلەیە بکات، تاکە پێوەر کەفائەت‌و لێهاتوویی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت ببنە سەرپەرشتیار، لێرەوە سنوورێکمان بۆ ئەو مەسەلەیە داناوە.

وتیشی: «ئەمساڵ لە ساڵانی پێشووتر جیاوازەو بواری ئەوەمان نەهێشتووەتەوە خەڵک گومان بکات‌و هەلی بەشداریکردن بۆ هەموو کەسێک ڕەخساوە، بەڵام پێوەرەکانی بــوون بە سەرپەرشتیار گــۆڕاون‌و ساڵی داهاتووش بەهێزتری دەکەین، بۆ نموونە ئەمساڵ تاقیکردنەوەی بەرایی هەبوو، کە پێشووتر نەبوو، کە زیاتر لە هەزارو (٥٠٠) مامۆستا لەو تاقکیردنەوەیەدا دەرنەچوون.

بەپێی شێوازە نوێیەکان، ئەو پاڵێوراوانەی کە دەرچوون تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزیی‌و ئایتی ئــەنــجــامــدەدەن‌و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت، دواتر خولی شیاندنیان بۆ دەکرێتەوە.

م.بــورهــان ڕاشیگەیاند: ئەوانەی لەو تاقیکردنەوەیەدا دەرچــــوون، نەبوونەتە سەرپەرشتیار، بەڵکو هێشتا فلتەریان لە پێشدا ماوە.

نزمیی ڕێژەی دەرچوونی مامۆستایان، وەزارەتــی پــەروەردەی گەیاندووەتە ئەو باوەڕەی کە پێداچوونەوە بکات.

هەروەک بەڕێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی وتی: «ئەو ئەنجامانە نیشانەی ئەوەیە کە ئاستی مامۆستایان پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی جدیی هەیەو پێویستی بە ڕاهێنانی زیاترو پێگەیاندنی زیاتر هەیە، لەسەر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانە وەزارەتی پەروەردە پێداچوونەوەی جدیی دەکــات، جگە لەوە ئەوانەی پێشووتر بوونەتە سەرپەرشتیارو ئەو پێوەرە بەهێزانەی ئێستایان نەبڕیوە، ئێمە بەنیازین زیاتر هەوڵیان لەگەڵدا بدەین بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانیان‌و لە بەشدارییپێکردنیان لە خولەکاندا، بەڵام واقیعێک هەیە کە خەڵکانێک لە سەردەمانێکدا بوونەتە سەرپەرشتیار، ڕەنگە دەرکردن‌و گۆڕینیان ئاسان نەبێت، بەڵام ئێمە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەین‌و ئەگەر پلەی باش بەدەستنەهێنن، ڕەنگە ڕاژەکانیشیان لێ بسەنرێتەوە».

شارەزایانی بواری پەروەردە ڕەخنە لە سیستمی وەرگرتنی سەرپەرشتیار دەگرن‌و داوای بــەرزکــردنــەوەی ئاستی زانستیی سەرپەرشتیاران دەکەن.

فــایــەق سەعید، شـــارەزا لــە بـــواری پەروەردە، پێیوایە: بەشێوەیەکی گشتیی ئەم سیستمەی ئێمە لە بواری سەرپەرشتیاریدا هەمانە، هاوچەرخ نییەو تاوەکو ئێستاش وەزارەتی پەروەردە نازانن چۆن بیگۆڕن، «ئێمە پێویستمان بە سوپایەکی سەرپەرشتیار نییە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، بەڵکو پێویستمان بەوەیە جۆری کارەکانیان‌و ئاستی زانستییان بەرزبکەینەوە، هەموو سەرپەرشتیارەکان دەبێت لەناو پۆلەکاندا دەست بەخوێندن بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن کاری باش بکەن، ئەمەش کارێکی سەخت نییەو تەنیا پێویستی بە پلانە».

هاوکات بەشێک لە مامۆستایان نزمیی ڕێژەی دەرچوون دەبەستنەوە بە شێوازی تاقیکردنەوەکان‌و کارئاسانیی نەکردن بۆ مامۆستایان.

م.عەتا حەمە ساڵح، سەرپەرشتیاری پسپۆڕی کــوردی، هــۆکــاری سەرەکی دەرنــەچــوونــی مامۆستایانی بۆ زۆریــی بابەتەکان گــەڕانــدەوە، وتــی: «ڕێــژەی دەرنەچوون بەتایبەتی لە کۆمەڵایەتی، (١٣) کتێب داخڵ بوو بۆ تاقیکردنەوە، هەروەها نەدانی زانیاریی لەسەر تاقیکردنەوەکان بە مامۆستایان هۆکارێکی دیکەی ڕێژەی دەرنەچوون بوو».

هەروەک عەبدولوەهاب ئەحمەد، یەکێکە لە مامۆستا دەرنەچووەکانی تاقیکردنەوەکە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: من زۆر بە باشی خۆم بۆ تاقیکردنەوەکە ئامادەکردبوو، بەڵام پرسیارەکان زۆربــوون‌و کاتی کەمیان بۆ دانابوو، هۆکاری دەرنەچوونی زۆربەی مامۆستایانیش بۆئەوە دەگەڕێتەوە.

# لە هەولێر چارەنووسی زیاتر لە (٥٠) خوێندکار نادیارە

**کۆسار جەلال**

زیاتر لە (٥٠) خوێندکار کە لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٩-٢٠١٠) پۆلی پێنجەم و شەشەمی بنەڕەتییان تەواوکردووە، بێبەشدەکرێن لە خوێندن و ڕێگرییان لێدەکرێت بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن.

تریفە غالب، تەمەن (٣٠) ساڵ یەکێکە لەو قوتابییانەو لەوبارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات: ئێمە زیاتر لە (٥٠) قوتابین و زیاتر لە (٢٥) کەسمان کچی گەورە تەمەنن، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر هەر یەکێک لە ئێمە بەهۆی گرفتێکەوە لە خوێندن دابڕاوەو ئێستا دەمانەوێت دەست بە خوێندن بکەینەوەو زۆربەمان ئارەزووی خوێندنی کۆلێژمان هەیە.

بەڵام بە وتەی ئەو کچە خوێندکارە «ئەمساڵ دوای تەواوکردنی پۆلی پێنجەم و شەشەمی بنەڕەتی، بۆ دەستپێکردنی خوێندنی ناوەندیی چووین و پرسیارمان لە چەند قوتابخانەیەکی ناوەندیی کرد، بەڕێوەبەری یەکێک لە قوتابخانەکان لە سەردانی یەکەمدا پێیوتین کە (٥٠٪) وەرماندەگرێت، بەڵام لە سەردانی دووەمدا ئەو هیوایەشی بۆ نەهێشتین، گوایە یاسای قوتابخانەکە ئەوەیە کە هەرکەسێک بۆ چەند ساڵێک دابڕابێت لە خوێندن و دوایی ڕاستەوخۆ بچێتە ئەو قوتابخانەیە، ئینجا وەردەگیرێت».

ئەم خوێندکارە باس لەوەشدەکات، کە ئەوان سەردانی پەروەردەی گشتیی هەولێر بەشی تایبەت بە خوێندنی خێرایان کردووەو پێیان وتراوە کە هەوڵدەدەن چارەسەری کێشەکەیان بکەن، بەڵام ناتوانن بەڵێنی هیچ شتێکمان پێبدەن، چونکە وەزیری پەروەردە گۆڕاوەو هیچ زانیاریی و بڕیارێکی نوێ لەسەر ئەو بابەتە نییە.

لە پەیوەندییەکیشدا بۆ رۆژنامە پاکیزە تەلعەت، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر، داوایکرد، کە ئەو خوێندکارانە نوێنەرێکیان سەردانی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان.

لە (١٠) ساڵی پێش پرۆسەی ئازادیی عێراق بەهۆی هەژاریی و شەڕی ناوخۆو خراپیی گوزەرانی خەڵک و نەبوونی خوێندنگەوە، بەشێکی زۆر لە خەڵکی وازیان لە خوێندن هێناوە، بەڵام لە ئێستاشدا بەهۆی زۆریی تەمەنیانەوە ئەو ئاواتەیان ناهێنرێتەدی، کە خوێندن تەواوبکەن.

دیلمان محەمەد، تەمەن (٣٤) ساڵ، یەکێک لەو کچانەیە کە قۆناغی بنەڕەتی خوێندنی خێرای تەواوکردووە، دەڵێت: «هەست بە کەمیی دەکەم، کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە کە ناتوانم خوێندن تەواوبکەم لەبەرئەوەی تەمەنم گەورەیەو ناتوانم لەگەڵ کچێکی تەمەن هەرزەکار لە پۆلێکدا بخوێنم».

بەوتەی ئەم خوێندکارانە لەمانگی (تەمموز)ی ساڵی ڕابردووەوە سەردانی پەروەردەی گشتیی هەولێریان کردووەو داوایانکرد چاویان بکەوێت بە بەڕێوەبەری پەروەردەی گشتیی، هەرچەندە نووسراوی بۆ کردوون بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەیان، بەڵام تائێستا هەروەک خۆی ماوەتەوە.

ئەم خوێندکارانە لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە داوا لە حکومەت دەکەن کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەن، بەپێچەوانەوە هەڵوێست وەردەگرن و حکومەتیش بە بەرپرسیار دەزانن.

# داواکاریی گەڕەکی زەرگەتە

**بۆ بەڕێز: وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**بۆ بەڕێز: بە ڕێوەبەری گشتیی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی**

**بابەت: داواکاریی**

ئێمە وەک بەشێک لە دانیشتووانی گەڕەکی زەرگەتەی کۆن لە سلێمانی، لەوپەڕی بێزاریی و دڵتەنگیمانەوە وەبیرتان دەخەینەوە، کە ڕۆژێک بووە ئێوەو حیزبەکانتان بەڵێنتان بەئێمەی هاوڵاتییان داوە، کە کارەبامان بۆ دابین بکەن و کێشەکانمان بۆ چارەسەر بکەن، بەڵام ئەم بەڵێنانەتان جێبەجێ نەکردووەو بەم گەرمای هاوینە بە پاساوی کێشەی تەکنیکی بێ کارەباتان کردووین، وەک چۆن لە زستانیشدا بەپاساوی باران و ڕەشەباوە بێ کارەبامان دەکەن.

بەڕێزان ئێمە هەست بەو مافەمان دەکەین و باش دەزانین، کە ئەرکی ئێوەیە لەو بودجەیەی ساڵانە بۆ بواری کارەبا وەرتانگرتووە، کێشەکانی ئێمە چارەسەر بکەن، دڵنیاش بن قبووڵی ناکەین ئەو مافەمان بەردەوام پێشێل بکرێت، هەر بۆیە دەمانەوێت لەرێگەی میدیاکانەوەو بەشێوەیەکی دیموکراسییانە داواتان لێبکەین، کە بە زووترین کات کێشەی بێ کارەبایی گەڕەکەکەمان چارەسەر بکەن، چونکە هیچ پاساوێک ناتوانێت ڕازیمان بکات بەوەی ئێمە لەبەر گەرمای هاوین بسووتێین و بەرپرسانیش لەبەر سپلیت لەم گەرمای هاوینەدا سەرمایان ببێت.

لەگەڵ ڕێزدا...

**بەشێک لە دانیشتووانی**
**گەڕەکی زەرگەتەی کۆن**
**٢٠١٠/٧/٢٩ سلێمانی**

# چیرۆکی دامەزراندن

**شەپۆل پشدەریی**

دوای شانزە ساڵ خوێندن، ئەمساڵ توانیم زانکۆ بە سەرکەوتوویی تەواوبکەم، بەڵام ترسی دانەمەزراندنی سەدان لەو خاوەن بڕوانامانەی لە گۆشەی ماڵەکانیاندا کەوتوونەتەوە بێکاریی و دووچاری چەندین گرفتی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی کردوون و ڕۆژانە چاوەڕێی باوکە بەساڵاچووەکانیانن تیکەیەک نانیان بۆ پەیدابکات و بیخاتە گەروویانەوە، وایلێکردم لە ساتەوەختی وەرگرتنەوەی نمرەکانی دواقۆناغی خوێندنمەوە بکەومە پەلەکردن بۆ دامەزراندن بۆ ئەوەی وەک برا گەورەکەم سێ ساڵ بە چاوەڕوانیی دامەزراندنەوە ساتەکانی ژیانم بەرێنەکەم، لەژێر ڕۆشنایی یەکێک لە بەڵێنەکانی دکتۆر بەرهەمیشدا، کە خۆم گوێبیستی بووم، وتی: «ئەمساڵ دامەزراندن شێوازێکی تازەیەو لە خوارەوە بۆ سەرەوەو بەپێی پێویستی فەرمانگەکانە»، سەردانی چەند فەرمانگەو وەزارەتێکی جیاوازم کردو بەرپرسانی ئەو دەزگایانەش دڵنیایان دەکردمەوە لەوەی، کە پێویستیان بە بڕوانامەکەمەو لەو بوارەدا (فەراغ)ی میلاکاتیان هەیەو پێچەوانەی وتەکانی سەرۆکی حکومەت، دوو لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان پێیانوتم «ئەگەر واستەت هەیە بڕۆ بۆلای دکتۆر بەرهەم لێرە خۆت هیلاک مەکە، بێسوودە».


پاش بێئاکامبوونی هەوڵەکانم بۆ دامەزراندن لە فەرمانگەکاندا، تەواو لە دامەزراندنم لەمساڵدا بێهیوا بووم، چونکە گەیشتنی کوڕە هەژارێکی وەکو من بۆلای سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم خەونی باڵندە بوو.

دواتر لە ئاهەنگی دەرچووانی زانکۆی سلێمانیدا پرسیارم لە یەکێک لە هاوڕێ کچەکانم کرد، کە باوکی ئەندامی پارتییە لەبارەی ئەو هەوڵانەی داویەتی بۆ دامەزراندن، وتی: «من کێشەی دامەزراندنم نییەو هیچ هەوڵێکی بۆ نادەم»، وتم: چۆن؟، وتی:» باوکم لەڕێی دۆستێکی خۆیەوە ناوی منی بۆ سەرەوە بەرزکردووەتەوەو ئەو دۆستەی باوکم، کە بەرپرسیارێتی حزبیی هەیەو بەڵێنی پێدراوە سی کەسی بۆ دابمەزرێنرێت»، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو بەلامەوە ئەو کچە وتی بە باوکم وتراوە با بە ئارەزووی خۆی کچەکەت ئەو فەرمانگەیە هەڵبژێرێت کە دەیەوێت لێی دابمەزرێت....!!!

لەهەمانکاتدا یەکێکی دیکە لە هاوڕێکانم، کە وەکو من چەندین هەوڵی بێئاکامی بۆ دامەزراندن دابوو، بۆی باسکردم، کە فلان کەسی هاوڕێمان هیچ هەوڵێکی دامەزراندنی نەداوەو وتوویەتی: «من کیتابی کاک نێچیر دێنم و ڕەتکردنەوەی نییە».

دوابەدوای بیستن و بینینی هەموو ئەو حاڵەتانەی سەرەوە، بەردەوام ئەو وتانە لە هزرمدا دەهات و دەچوو، تاوەکو بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بانگهێشتی یەکێک لە بۆنەکان کرام، کە کۆمەڵێک بەرپرسی حیزبیی و حکومیی باڵا تیایدا بەشداربوون، لە سەرووی هەمووشیانەوە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، لەبەرئەوە هەرچۆنێک بێت داواکارییەکم بۆ دامەزراندنم نووسی و بەپەلە خۆم گەیاندە سەرۆکی هەرێم، چونکە لەژیانمدا بەبیرما نەهاتبوو منێکی کوڕە هەژار وا بە ئاسانیی بگەم بە بەرپرسێکی باڵا، سڵاوم لێکردو سەرەتا زۆر ڕووخۆشبوو لەگەڵم، بەڵام کاتێک داواکارییەکەم خستە بەردەمی تاوەکو ئیمزای لەسەر بکات، نازانم چۆن لە ناوچاوما خوێندییەوە کە من کەسێکم ئاشنایەتیم نییە لەگەڵ ئەو زەردەیەی، دەمەو ئێواران لەکاتی خۆرئاوابووندا بەشێکی ئاسمان لە سەرووی بەرزایی چیاکانەوە دادەپۆشێت، دەستی نا بەڕوومەوەو پێی وتم ناتوانم بۆت ئیمزا بکەم، دامەزراندن نییە..!!

ئیتر منی دڵشکاو زۆر بەلامەوە سەیربوو سەرۆک دەسەڵاتی دامەزراندنی منی نەبێت، لەکاتێکدا زۆر لە خوارووی دەسەڵاتی ئەوەوە بۆ کەسانێک کە مەبەستیان بێت هەیەو زۆریشە... چیتر لێکدانەوەکانی مێشکم توانای بەرگەگرتنی نەبوو بەرامبەر بەو خەوەی بە سەرۆکی هەرێمەوە بینیم، کە تیایدا دڵم شکا، لەبەرئەوە بەخەبەرهاتم.




# دەرکەوتنی گۆڕان

**دوای بەشداریکردنی بە لیستێکی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یەک ساڵ لەمەوبەرو لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ بزووتنەوەی گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی سیاسیی دەرکەوت، لەو بەروارەوە تائێستا گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمانی کوردستاندا کاردەکات.**

**بەڕای تۆ: ١- ساڵێک لە تەمەنی گۆڕان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ٢- لە خۆ ڕاگەیاندنییەوە تائێستا هەڵەو کەموکورییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان چی بوون؟ ٣- کارکردنی بزووتنەوەی گۆڕان لە بوارەکانی، سیاسیی، ڕاگەیاندن، کۆمەڵایەتی، ئۆپۆزسیۆنبوون، پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، لە ڕابردوودا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ٤- گۆڕان لەداهاتوودا چی بکات؟**

**کاردۆ هەورامی**

ئەگەر گۆڕان بیەوێت لە شاری هەولێر دەنگبهێنێت، دەبێت هەندێک پرۆژەی خۆشگوزەرانیی بۆ ئەم شارە بکات.

**هاشم**

نوێنەرانی گۆڕان توانییان خەڵک هوشیار بکەنەوە لە چۆنێتی کاری پەرلەمان و ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە کەموکورییەکانی بودجەو دەسەڵات.

**گۆڕانخوازێک**

داوا دەکەم زیاتر لە پەرلەمان تەنگ بە دەسەڵات هەڵچنن و شەرمن نەبن. تەنیا لە KNN قسەو گوتار نەدەن.

**حاجی لە سلێمانی**

هاوڕێیەکم لە فەیسبوک نووسیویەتی: یەک ساڵی ڕێکە مێشوولەیەکی ناوقەد کورتی پێ درێژ، خەوی لە پارتی و یەکێتی تێکداوە.. منیش هەر ئەوە دەڵێم.

**ئەیوب نهێلی**

ئێک سال ژ خەباتەکا بێ بەرامبەر ل هەمی گۆڕان خازا پیروزبیت.

**ئاکۆ هەورامی**

بزووتنەوەی گۆڕان بوومەلەرزەیەکی سیاسیی بوو لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ دەسەڵاتی نادادپەروەریی هەژاندو بتەکانی شکاند.

**کەمال- هەولێر**

بەڕێزان دەبێت هەڵوێستی ئێوە بزانین سەبارەت دەوڵەتبوونی کوردستان؟! هەڵوێستی ئێوە بەرامبەر مادەی (١٤٠). بە ڕای من گۆڕان نەیتوانی ببێتە ئۆپۆزسیۆن، چونکە تەنیا دژایەتیکردنی ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر دەکات.

**دلێری بەکری خاتە**

هیوادارم لیستی گۆڕان لیستێکی سەرکەوتوو بێت. هیوادارم لیستی گۆڕان وەک چۆن وەعدو بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان دابوو پێش هەڵبژاردنەکان، هەروا بمێنێتەوە.

**هاوتا**

سەرەڕای کەموکورتییەکان پێویست بوو گۆڕان دروست بێت (قودسیەتی سەرکردەی بە مانا کلاسیکییەکەی نەهێشت) لە ڕاگەیاندن کەموکورتی ئەوەبوو شەڕی یەکلایەنەی کرد لەگەڵ یەکێتی، کە دەبوو لەگەڵ هەردوو پارتەکە بیکات.

**بۆ ژمارەی داهاتوو:**

**بەپێی ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتی دەبیچت هەردوو حیزب لەسەر ئاستی سەندیکاو ریچکخراوەکانیش بەتەوافوق بەشداری هەڵبژاردن بکەن، لەم ماوەیەدا کۆنگرەی یەکێتی نوسەرانی کوردو کۆنگرەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان. ئەنجام درا، چاوەڕێش دەکرێت سەندیکای کارمەندانی تەندروستیو یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کۆنگرە ئەنجامبدەن.**

**یەکەم و دوەمیان بە لیستی داخراو و بە تەوافوق بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کرد، دووەم و سێچیەمیشیان هەوڵی بۆ دەدرێت:**

**بەڕای تۆ:**

**١ - ئەو سەندیکا و ڕێکخراوانەی لە کوردستاندا هەن چ ڕۆڵکیان هەیە؟**

**٢- ئەو سەندیکا و ڕێکخراوانەی لە کوردستاندا بونیان هەیە سەربەخۆن یان وەک ئۆرگانی یەکێتی و پارتی وان و جیاوازییان نییە؟**

**٣- پارتی و یەکێتی بۆ دەیانەوێت ئەم ڕێکخراوانە بە دەستەمۆیی بهێڵنەوە؟**

**٤- ئەم ڕێکخراو و سەندیکایانە چی بکەن بۆئەوەی لە کۆتی حیزب ڕزگاریان بێت و بچنە چوارچێوەیی سروشتی خۆیانەوە؟.**

**راو بۆچوونەکانتان لەڕێی ئەم ناونیشانانەوە بە ڕۆژنامە دەگات:**
**١. دوانگەی سبەی** (www.sbeiy.com)
**٢. ئیمەیلی:** nawxo.rozhnama@yahoo.com

# پرۆسەی زانستخوازیی وانابێت!

**نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێزان:**

**- سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

**- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

**- لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان.**

**- وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.**

**- لیژنەی باڵای پرۆگرامی تواناسازیی لەبواری خوێندنی باڵا.**

بەڕێزان.. لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم و بانگەشەی حکومەت بۆ تەرخانکردنی (١٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ ناردنەدەرەوەی قوتابییان و خوێندکاران بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا، یەکێک بوو لە کارە باشەکان و ئێمەش بەتاسەوە لەکاتی پەسەندکردنی بودجەدا چاوەڕێمان دەکرد، شوکر بۆ خودا پەرلەمان لەمادەی پانزەیەمی بودجەدا پەسەندی کردو سەرباری تێبینییەکانی ئۆپۆزسیۆن، بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش بودجەکەی پەسەند کرد، لەماوەی پەسەندکردنی بودجەوە تادەگات بەئێستا، ئێمە چاوەڕوانی بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکانی دەستپێکردنی ئەو پرۆسەیەین، گەشبینیش بووین کە وەزیری خوێندنی باڵاو دامودەزگاکانی وەزارەتەکەی جیاواز لە وەزارەت و دەزگاکانی دیکە بەزوویی و بە ڕێکوپێکی دەستپێکی پرۆژەکە ڕادەگەیەنن، ئەگەرچی لە سەرەتادا فۆرمێکیان لە سایتی وەزارەت و دواتر لە سایتێکی تایبەت و پاشانیش ڕێنماییەکانیان بڵاوکردەوە، کە ڕێنمایی گونجاو و دادپەروەرانە بوون، بەڵام بەداخەوە هیچی لێ سەوز نەبوو، لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا دووجاریش ڕێنماییەکانیان گۆڕی، ماوەی دوو هەفتەشە بە هەمانشێوەی پێشوو فۆرمی داواکارییان لەسەر ماڵپەری فەرمیی وەزارەت بڵاوکردووەتەوە، بەڵام بەداخەوە نازانین چۆن و کەی و کێ لە وەرگرتنەوەی داواکارییەکان بەرپرسیارە، سەرباری ئەوەش دەچیتە وەزارەت لەهەر شوێنێک پرسیار دەکەیت، وەڵامەکانیان جیاوازەو نائومێدت دەکەن.

ماوەی چەند ڕۆژێکە کە ئێمە بەتەواویی خۆمان ئامادەکردووە بۆ ئەوەی داواکارییەکانمان پێشکەش بکەین و خەرجییەکی زۆریشمان لە مامەڵەکان و حیجزکردنی کورسی خوێندن کردووە، کەچی دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەتەوە گوایە حکومەت لەباتی هەلی یەکسان بۆ هەموو هاوڵاتییانی کوردستان (بە ڕەچاوکردنی مەرجەکان)، گوایە تەنیا یەکەم و دووەم و سێیەمی ئاستی کۆلێژەکان بۆ ئەمساڵ خوێندن دەنێردرێنە دەرەوە، ئەمەش سەد دەرسەد پێچەوانەی پرەنسیپەکانی پرۆژەکەو خودی ئەو بیرو بۆچوونانەی بەڕێز وەزیری خوێندی باڵا (د.دلاوەر عەلائەدین)ە، لەسەر چۆنێتی خوێندن لە کوردستان و ئایندەی پرۆسەی زانستخوازیی.

بەڕێزان... ئێمە بەهۆی خۆئامادەکردن بۆ ئەو پرۆژەیە بە ڕەچاوکردنی سەرجەم ڕێنماییەکان و دڵنیاییمان لە سەرۆکی حکومەت و وەزیری خوێندنی باڵا، (چونکە چەندجارێک جەختیان لەسەر کردووەتەوە) بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە هەلی خوێندنمان (ماستەر) بۆ ئەمساڵ لە زانکۆکانی کوردستان لەدەستداو چاوەڕوانی پێشکەشکردنی داواکارییەکانمان بووین، ساڵێکیش دواکەوتن لە زانست و زانیاریی چەند ساڵێک پێشکەوتنە لە دواکەوتوویی، بۆیە داوا لە بەڕێزان سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، کە (پرۆژەکە بەمجۆرە لە مادەی پانزەیەمدا نەهاتووە)، سەرۆکایەتی حکومەت و لیژنەی باڵاو وەزیری خوێندنی باڵا دەکەین.

تکایە هەلی یەکسان بە هەمووان بدرێت بە ڕەچاوکردنی مەرجەکان، نەوەک تەنیا پێوەری نمرە بەرزیی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆلێژەکان.

لەگەڵ ڕێزدا

**کۆمەڵێک قوتابیی و خوێندکار**
**٢٠١٠/٧/٢٥**

یاریگا بچووکەکانیش بە نرخێکی گران بە کرێ دەدرێن 20

# کەسوکاری بارزانییە ئەنفالکراوەکانیش بێبەشکراون



ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٣١ یەکێک لە کەسوکاری ئەنفالکراوان لە بارزان فۆتۆ: ئاوارە

بارزان: ئاوارە حەمید

دوای (٢٧)ساڵ لە جینۆسایدکردنی بارزانییەکان، کەسوکاریان داوای زەویو گەڕانەوەی ڕوفاتی قوربانییانی جینۆساید دەکەن بۆ هەرێمی کوردستان.

کچێکی ڕەشپۆشی ڕەنگئەسمەر کە (١٩) ساڵە، یادی جینۆسایدکردنی کەسوکارەکەی دەکاتەوەو لە (٢٧)ەمین ساڵیادی ئەو کارەساتەدا، بە مەرجی نەدرکاندنی ناوی خۆی، وتی: «ئێمە کە نەوەی قوربانییانی ئەنفالکراوەکانین، تا ئێستا کێشەمان هەیەو پێویستە هاوکاریمان بکرێتو ناکرێت دوای (٢٧)ساڵ کەسوکاری قوربانییان کێشەیان هەبێتو داوای خزمەتگوزاریی بکەن».

ئەو کچە، باسی لەوەشکرد: تا ئێستا قوتابخانەمان نییەو لە (٢٠٠٩)وە نەخۆشخانەیەک لە بلێ دروستکرا، بەڵام تا ئێستا نەخۆشی نەبینیوە، میللەتی کورد گەلێک ناخۆشیی بینیوەو پێویستە حکومەتی هەرێم ڕێز لە میللەتی خۆی بگرێتو داواکارییەکانیان جێبەجێبکات.

ڕژێمی بەعس، لە (٣١)ی تەمموزی ساڵی (١٩٨٣)دا، (٨)هەزار بارزانی وەک بەشێک لە تاوانی جینۆساید بەرامبەر گەلی کورد ئەنفالکرد، بەم هۆیەشەوە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو (٢٠١٠/٧/٣١) ئەم ڕۆژە بەرز ڕاگیرا.

زوهریە عیسا محەمەد، کە خاوەنی (٩)قوربانیی بوو، لەو مەراسیمەدا کە لە بارزان بۆ ئەو یادە بەڕێوەچوو، بۆ ڕۆژنامە باسی لەوەکرد: بەهاتنەوەی ڕوفاتی قوربانییەکانیان، کەمێک لە خەمەکانیان کەمی کردووە، بەڵام وتیشی: «تا ئێستا حکومەتی عێراق قەرەبووی نەکردوونەتەوەو قەرەبووشمان ناکاتەوە».

ئەو کەسوکارەی ئەنفالکراوەکان، وتیشی: «تا ئێستاش حکومەتی هەرێم پارچە زەوییەکی نەداوە بە ئێمەو نەخۆشخانەشمان نییە، پاشماوەی ئەو ئەنفالکراوانە داوودەرمان لەسەر گیرفانی خۆیان دەکرن».

ئەو دایکی ئەنفالکراوانە، درێژەی بە نارەزاییەکانی خۆی داو باسی لە دروستکردنی خانوو دەکردو دەیوت: تائێستا خانوویەک بە ناوی ئەنفالکراوەکان دروست نەکراوە، ئێمە لەناو ئەو خانووە قوڕینانەدا دەژین کە هی کاتی ئەنفالەکەنو نەمانتوانیوە خانوویەک بۆ خۆمان دروست بکەینو حکومەتیش هیچ هاوکارمان نەبووە.

کەسوکاری قوربانییانی جینۆسایدی بارزانییەکان، لە مەراسیمی (٢٧)ەمین ساڵیادی کارەساتەکەدا، لە یاداشتێکیاندا، داوای زەمانەت دەکەن لە دوای کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق، بۆ ئەوەی چیتر ئەنفالو جینۆساید بەسەر گەلی کورددا نەیەتەوە.

هەر لەو یاداشتەیاندا کەسوکاری ئەفالکراوەکان، داوای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و دابینکردنی زەمالەی خوێندن بۆ کوڕو کچانی شەهید دەکەنو باس لەوەش دەکەن، ئەو پارچە زەوییانەی کە تەرخانکراون بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە دەوروبەری شاری هەولێر، کە هەر شوێنی جینۆسایدی خۆیانە، پێیان بدرێت.

لە بەشێکی تری ئەو یاداشتەیاندا، داوای دابینکردنی بیمەی تەندروستیو کۆمەڵایەتی بۆ کەسوکاری شەهیدان، دەوڵەمەندکردنی یاسای ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان، زەمینەسازیی لە ڕێگەی ئاسانکارییو ئمتیازانی تایبەت بۆ کەسوکاری شەهیدانو دەستبەکاربوونەوە لەسەر کەیسی بارزانییەکان، لەلایەن دادگای باڵای تاوەنەکانەوە دەکەن.

وەکو قۆناغی ڕاگواستنو شێواندنی ژینگەو بواری کۆمەڵایەتیو ئابوورییان، دواتر قۆناغی جینۆسایدکردنیان لە (١٩٨٣/٧/٣١) لە ئۆردوگاکانی قودسو قادسیە لە ناحیەی قوشتەپە، هەروەها لە (٨/١٠)ی هەمان ساڵدا لە ئۆردوگاکانی بەحرکە، حەریر، دیاناو دەوروبەری هەولێر، (٨٠٠٠) بارزانی ئەنفالکران.

# دەستەی وەبەرهێنان بە نایاسایی مۆڵەت بە پڕۆژەکان دەدات

نووسینگەی هەولێر

تەلارسازێکی هەڵسەنگاندنی پڕۆژەکانو مۆڵەتپێدان لە دەستەی وەبەرهێنان ئاشکرای دەکات: لە دەستەکەیان مۆڵەتی پڕۆژەکان بە نایاسایی دەدرێتو بڕوانامەی تەزویر قبووڵ دەکرێتو کارەکان بەپێی پسپۆڕیی نییە.

دارا هادی، تەلارسازی شارەزا لە هەڵسەنگاندنی پڕۆژەکان لە بواری ئەندازیارییو ئابووریی مۆڵەتپێدان لە دەستەی وەبەرهێنان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند:«لەبەڕێوەبەرێتی هەڵسەنگاندنو مۆڵەت لە دەستەی وەبەرهێنان گرنگ نییە ئەو کارەی کە پێترادەسپێردرێت بیزانیت، بەڵکو بە مەزاجە».

وتیشی: «لای بەڕێوەبەری گشتیی بێ ئەوەی هیچ پسپۆڕیی تێدا ڕەچاو بکرێت کارەکان بە گوێرەی مەزاجی خۆی ڕادەسپێرێت، لە پێناوی ئەوەی کە سەرۆکی دەستە ڕێگەی پێداون بۆ هەر کارێک ئەنجامی بدەن، ئەو دەست لە کارەکانیان وەرنەدات».

دارا ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: سەرۆکی دەستە داوای کردووە لەوانەی کە مۆڵەت ئامادە دەکەن هیچ مۆڵەتێک نادرێتو تێپەڕنابێت، هەتا تەلارسازەکان نەیبینن، منیش دیاریکراوم کە مۆڵەتدان ببینمو هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، بە پێچەوانەوە کارەکە نایاسایی هەژمار دەکرێت، بەڵام لە ئێستادا ئێمە هیچ مۆڵەتدانێک نابینینو ناشزانین چۆن مۆڵەت دەدرێت.

هاوکات، هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بە ڕۆژنامەی وت: ڕێنمایمان هەیە کە هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان خۆیان بەرپرسن لە ئامادەکردنو مۆڵەت پێدان، کاتێک کە مۆڵەت دێتە بەردەستی من بە واژۆی بەڕێوەبەرە گشتییەکەوە دێت.

دارا هادی، تەلارساز لە هەڵسەنگاندنی پڕۆژەکانو لە بواری ئەندازیارییو ئابووریی‌و مۆڵەتپێدان، باسی لەوەکرد: لەناو دەستەی دامەزراندن بڕوانامەی تەزویر هەیە نموونەی بە کەسێک هێنایەوە وتی: ئافرەتێک لە دەستە بوو لە ئێستادا گواستیانەوە بۆ وەزارەتی پلاندانان، کە بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ی تەزویریان بۆ قبووڵکردبوو کە لە بنەڕەتدا بڕوانامەی دبلۆمی هەبوو لە (پەیمانگەی بەڕێوەبردن) (معهد ادارە).

ئەو تەلارسازە بۆ ڕۆژنامە درێژەی بە لێدوانەکەی داو باسی لەوەشکرد: لە ناو دۆسییەی پڕۆژەکان دەردەکەوێت هەر مۆڵەتێک بە پێوەرێک دراوە، وەزارەتی شارەوانی هیچ بڕوای بە ڕووبەری ئەو زەوییانە نەماوە، کە لە دەستەوە دەردەچێت، چونکە وا دیارە بە شێوەیەکی ئەندازەیی نییە.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وتی: ئەگەر کێشەی وا هەبێت دەبێت بە منیان وتبایە، نەک لە ڕێگەی میدیاکانەوە باسی بکەن.

# ڕێنماییە تایبەتەکانی حکومەت، ڕێگریی لە جێبەجێکردنی یاساکان دەکەن

هەولێر: ئاوارە حەمید

یاساناسان پێیانوایە، زۆرجار حکومەت لە ڕێگەی ئەو ڕێنماییانەی کە دەریان دەکات، پڕۆژەیاساکان پشتگوێدەخاتو یاسا پێشێل دەکاتو ئەندامێکی پەرلەمانیش بەپێویستی دەزانێت، پەرلەمان دەسەڵاتی خۆی جێبەجێ بکاتو ڕێگربێت لەم پێشێلکردنە.

لە کۆتایی یاساکانی پەسەندکراو لەلایەن پەرلەمانەوە، بڕگەیەکە کە تێیدا دەڵێت، وەزیر بۆی هەیە بەپێی یاسا ڕێنمایی تایبەت دەربکات بۆ کارئاسانیی جێبەجێکردنی یاساکان، کە بە بڕوای یاساناسان، زۆرجار ئەم ڕێنماییانەی کە حکومەت دەریان دەکات، دەبنە پێچەوانەی پڕۆژەیاساکەو لەمپەر لە بەردەم جێبەجێکردنیدا.

پارێزەر، حوسامەدین سەرداری ئاماژە بەوەدەکات: هەر یاسایەک لە پەرلەمان دەردەچێت، دەبێت دوای ئەو ماوەیەی بۆی دیاریکراوە، بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوەو پێویست ناکات پشتگوێ بخرێت، بە ڕۆژنامەشی ڕاگەیاند: «لە کۆتایی پڕۆژە یاساکاندا هاتووە، وەزیر، یان حکومەت بۆی هەیە بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردن، ڕێنمایی تایبەت دەربکات، زۆرجار ئەم ڕێنماییانە دەبنە لەمپەر لەبەردەم یاساکاندا»، ئەو پارێزەرە، نموونە بۆ ئەو بارە دەهێنێتەوەو دەڵێت: یاسای بەکرێدانی خانووبەرە کە بڕیار بوو لە (٧/١٥)وە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، حکومەت لە ڕێگای ڕێنماییەوە ئەم یاسایەی دواخست کە لەسەر زاری سکرتێری ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی وەزیران هاتبوو، کە چاوەڕێی ڕێنمایی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت، «ئەم دواخستنەش پێچەوانەی یاساکانەو بە هیچ جۆرێک نابێت ڕێنمایی، یاسا ڕابگرێت».

د. ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، باس لەوە دەکات: نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەو ڕێنماییانەی کە لە لایەن حکومەتەوە دەردەچن، پێچەوانەی پڕۆژەیاساکان بن، ئەمە تەنیا بۆ ئاسانکارییەو لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنە کە ئاسانکاریی بکات، نەک ڕێگریی بکات لە جێبەجێکردنی پڕۆژەیاساکان.

بۆ ڕۆژنامە، وتی: «گرفتێک هەیە کە یاساکان جێبەجێ ناکرێن، یان بە سستی جێبەجێدەکرێن، بۆیە هەندێک لە وەزیرەکان پەنا دەبە بەر ڕێنمایی تایبەت لەبری ئەوەی یاساکە وەک خۆی جێبەجێ بکەن».

بەپێویستیشی زانی، پەرلەمان بەدواداچوون بکات بۆ ئەو حاڵەتە، بۆئەوەی بزانێت کە تاچەند یاساکان جێبەجێکراونو ڕێنمایی دەرکراوە لەلایەن وەزیرەکانەوە بۆ ڕێگریکردن لە پڕۆژەیاساکان.

# لە کوردستان، تووشبوون بە نەخۆشیی سیل لە زیادبووندایە

هەولێر: هێمن محەمەد

ئامارەکانی تەندروستی ئەوە دەردەخەن، کە نەخۆشیی (سیل) لە کوردستانو عێراقدا ڕوو لە هەڵکشانەو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش ڕایدەگەیەنێت، ڕێژەی تووشبوون بەو نەخۆشییە لەعێراقدا ڕوو لە زیادبوونە.

نەخۆشیی (سیل) یەکێکە لە نەخۆشییە گوێزراوەکانو ترسناکەکان، کە (بەکترییە)و تووشی کۆئەندامی هەناسە دەبێت، هەروەها لە ڕێگەی کۆکەو پژمینو بەکارهێنانی کەلوپەلی کەسی تووشبوو لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی دیکە.

بەپێی توێژینەوەیەکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی سەبارەت بە نەخۆشییە گوێزراوەکان لە عێراق، دەرکەوتووە کە نەخۆشیی (سیل) یەکێکە لەو نەخۆشییە ترسناکانەی کە ڕێژەکەی زیادیکردووە، بەپێی توێژینەوەکە لە هەر (١٠٠) هەزار کەسێک لە عێراقدا (٥٦) کەس تووشی ئەم نەخۆشییە بوون، لە توێژینەوەکەدا هاتووە، کە لەساڵی (٢٠٠٩) ڕێژەکە (٩٦٨٨) تووشبوو بووە، بەڵام لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٠) ڕێژەکە گەیشتووەتە (٢٥٥٣) حاڵەت.

بەپێ ئامارێکی بەشی نەخۆشییە گوێزراوەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٠٩)، نەخۆشیی (سیل) لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم (٦٧٦) تووشبوو هەبووە، بەجۆرێک لە سلێمانی (١٨٤)، لە هەولێر (٣١٣)و لە دهۆک (١٧٩) حاڵەت بووە.

سەبارەت بە نەخۆشییەکەو ئامارەکانو دەنگۆی زیادبوونی نەخۆشییەکە، د.خالس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «حاڵەتەکانی نەخۆشیی سیل زیاد نەبووە، بەڵکو دەستنیشانکردنی جۆری نەخۆشییەکە زیادبووە، هەروەک زۆر نەخۆش هەیە سەردانی نەخۆشخانەکان ناکات، ئامارەکانیش تەنیا لە نەخۆشخانەکانەوە دەستدەکەون».

تووشبووانی نەخۆشییەکە تووشی کۆکەیەکی بەردەوام دەبن بۆ ماوەی سێ هەفتە، دابەزینی کێشو نەمانی ئارەزووی خواردنو ئازاری سنگ، لە نیشانە دیارەکانیەتی.

د.خالس، وتی: «بەرنامەو پرۆگرامێکی تایبەت هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیی سیل لەسەر ئاستی هەموو عێراق، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پرۆگرامەکە ئەوەیە، کە دەستنیشانکردنو چارەسەرکردنی نەخۆشییەکە زیاتر بکرێت، مەترسیی نەخۆشییەکە لەوەدایە کە نەخۆشییەکە میکرۆبەو دەگوازرێتەوە، هەروەها دەرمان کەمتر دەتوانێت کاریگەریی هەبێتو بەرگریی لەش کەمدەکاتەوە».



# وڵاتێک لە دووڕوویی

**ئاکۆ حەمەکەریم***

وا نزیکەی پێنج مانگ بەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا تێپەڕیو هێشتا حکومەت پێکنەهاتووە، ڕەنگە ئەگەر شیکردنەوەیەکی سەرپێیی بۆ بکەین، بڵێن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکنەکەوتنی شیعەکان لەسەر دیاریکردنی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، یاخود بڵێن، دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی نێوان لیستەکەی مالیکیو عەلاوی، یان زیاتر بڕۆینو بڵین، دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری دەرەکیو دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ، بەڵام هەموو ئەم شیکردنەوانە بیانووئامێزو ڕوکەشینو پێمان ناڵێن، بۆچی شیعەو کوردو سوننەکان لەسەرهیچ شتێک ڕێکناکەونویەکتریان قبووڵ نییەو دژایەتی یەکتر دەکەن، یان پێمان ناڵێن، بۆچی وڵاتانی دراوسێ دەست لەکاروباری عێراق وەردەدەن، بەڵکو شیکردنەوەی قوڵ ئەوەیە کە کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ بنیادی کۆمەڵگەی عێراقو پێکهاتەی سۆسیۆلۆجیو سایکۆلۆژی تاکی عێراقی. بەدرێژایی مێژوو وڵاتی عێراق، هەر لەو کاتەی کە پێوتراوە میزوپۆتامیا تا سەردەمی عەباسیو عوسمانییەکانو دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی نوێ لە (١٩٢١)و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بنیادێکی Structure لاوازو سستو پرکەلێنو سەرلێشێواوی هەبووەو بەردەوام خاکی ناکۆکیو ئاژاوەو خوێنڕشتنو ململانێ بووە، عێراقییەکان نەیانتوانیوە چەمکی هاوڵاتیبوونو یەکسانیو ڕێزگرتنی بەرامبەرو پێکەوەژیان قبووڵ بکەن، تەنیا بەزەبری هێزو هەڕەشە نەبێتو ئەم مێژووو بارودۆخە پڕئاژاوەیە، لەو ڕەوشە سروشتییە (پێش دروستبوونی دەوڵەت) دەچێت کە تۆماس هۆبز لەکتێبی لیڤیاسان Leviathan باسی دەکات. هۆبز پێیوایە، مرۆڤ بەسروشتی خۆی درەندەو شەڕەنگێزەو ئەنانیو بەرژەوەندیخوازە، بەردەوام لەجەنگدایە دژی ئەوانی تر(مرۆڤ گورگە بۆ براکەی)، لەم دۆخەدا ململانێو ناکۆکیو ئاژاوە زاڵەو مانەوەش بۆ بەهێزترینە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئاسایشو متمانەو دڵنیایی لەنێوان تاکەکاندا، هەروەها نەبوونی دەسەڵاتێکی باڵای بەهێز کە ڕەفتاری تاکەکان ڕێکبخات.

ئەو بێمتمانەییو ئاژاوەیەی کە هۆبز ئاماژەی پێدەدات، هەمان ڕەوشە کە ئێستا لەناو هێزە عێراقییەکاندا هەیە کە هیچ لایەک متمانەی بە بەرامبەر نییەو بە ویستو هێزی خۆی کاردەکاتو هەوڵی خۆسەپاندنو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانو دەستگرتنی دەوڵەتانی دراوسێ دەداتو ئەگەر بۆشی بکرێت تەسفییەی بەرامبەر دەکات.

عێراقییەکان لەناوخۆیاندا (بێجگە لەجەنگی دەرەکی) بەردەوام لەناکۆکیو ململانێو جەنگدان، ئەگەر وردبینەوە، دەبینین کە دەیان ململانێو ناکۆکیو زۆرجاریش جەنگ هەیە، بۆ نموونە: ململانێی شیعەو شیعە، شیعەو سوننە، شیعەو کورد هەیە، هەروەها ململانێو ناکۆکیی سوننەو سوننە، سوننەو کورد، سوننەو شیعە هەیە، هەروەک چۆن ململانێ وناکۆکیی کوردو کورد، کوردو عەرەب، کوردو سوننە، کوردو تورکمانو کوردو شیعە هەیە، لێرەدا کێشە لە بوونی ململانێو ناکۆکی نییە کە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە، بەڵکو کێشەکە لەشێوازی چارەسەرکردنو ئیدارەدانی ئەو ناکۆکییانەدایە کە زۆرجار بەشێوازی نادیموکراسییانە چارەسەردەکرێنو ئاژاوەیان لێدەکەوێتەوە.

د. عەلی وەردی، زانای سۆسیۆلوجی عێراق، هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی تاکەی عێراقی کە سروشتێکی دووڕووی (الازدواجیە) هەیە، واتا دووکەسایەتی هەیە، بە مانا بازارییەکەی، مونافیقەو بە وتەی وەردی، تاکی عێراقی، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، دووڕووە، لەلایەکەوە لەقسەکردندا وا خۆی نیشاندەدات کە خاوەنی بنەماو بەهایەو پابەندە بەیاساوە، کەچی پاش ماوەیەکی تر هەرخۆی بنەماو بەهاکان دەشکێنێتو یاسا پێشێل دەکات، تاکی عێراقی کە باسی نیشتمان دەکات، وا خۆی نیشاندەدا کە لەهەموو کەس زیاتر نیشتمانپەروەرو دڵسۆزی گەلە، بەڵام ئەگەر دۆخێک بێتەپێشەوە، خیانەت دەکاتو نیشتمان دەفرۆشێت، یان پشتی لێدەکات، تاکی عێراقی کە دێتە سەر ئاین، لەهەموو کەس زیاتر ئیماندارو مولتەزیمە، بەڵام لەواقیعدا لەهەموو کەس زیاتر بنەما ئاینییەکان پشتگوێ دەخات.

هۆکاری ئەم دووڕووییەش زۆرن، بەشێکیان شارستانینو بەشێکیان کۆمەڵایەتینو ئەوانەی تر پەیوەندییان بە سایکۆلۆژیای تاکی عێراقییەوە هەیە کە لەم بابەتە کورتەدا ناتوانیین باسی بکەین.

ئەم دووڕووییە کۆمەڵایەتییەش گوازراوەتەوە بۆ کایەی سیاسیی، ئێستا پیاوە سیاسییەکانو بەرپرسە حکومییو حیزبییەکانوسەرۆکی گرووپوڕێکخراوەکان، لەهەموو کەس زیاتر دووڕوون، ئەم سیاسییە نەخۆشانە لەکاتی قسەو گوتارو کۆبوونەوەو بۆنەکاندا لەهەموو کەس زیاتر باس لە یەکریزییو سەروەرییو بەرژەوەندیی باڵای عێراق دەکەنو ئاماژە بەتوندوتۆڵی پەیوەندییەکانیانو هاوکاریو دۆستایەتی یەکتر دەکەنو باس لە نیشتمانپەروەرییو دیموکراسیو ئازادییو مافی هاوڵاتیی عێراقی دەکەن، کەچی وەک ئەوەی ئاگایان لەخۆیانو قسەکانیان نەبێت، ژێربەژێر وەک دوژمن دژایەتی یەکتر دەکەنو پیلانو موئامەرە لەدژی یەکتر دەگێڕنو دەستی وڵاتانی دراوسێ دەگرن، دەستوورو ئازادییو مافە یاساییەکان پێشێل دەکەن.


دووڕوویی بووەتە بەشێک لەسیاسەتو گوتاری نەتەوەییو تائیفیو مەزهەبی پێکهاتەکانی عێراق کە بەداخەوە کوردیش بەشێک لەو دووڕوویییەی بەرکەوتووە. ئەگەر لە گوتاری پێکهاتەکان وردبینەوە زیاتر لە ڕوویەکو زیاتر لەسیاسەتێک دەبینین، بۆ نموونە: دووڕوویی سوننە لەوەدایە کە سوننەکان لەلایەکەوە خۆیان وەک هێزێکی سیاسیی میانڕەوی دیموکراسی پابەند بەدەستوورەوە پیشاندەدەن، لەلایەکی تریشەوە وەک هێزێکی سوننی مەزهەبی عەرەبخوازی توندڕەو کە باوەڕی بەدەوڵەتێکی سەنتەریالیزمی بەهێز هەیەو ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێت، نەتەوەو پێکهاتەکانی تر دەکاتە ژێردەستەی خۆی، بەهەمان شێوە شیعەکانیش، لەلایەکەوە وەک هێزێکی عێراقی نیشتمانی خۆیان نیشاندەدەنو لەلایەکی تریشەوە هەوڵی بەشیعەکردنی عێراقو نزیکبوونەوە لە ئێرانو تۆڵەکردنەوە لە سوننەکان دەدەن، هەروەها کوردیش، لەلایەکەوە باس لە فیدراڵیو پێکەوەژیانو دیموکراسی دەکات، لەلایەکی ترەوە هەندێکجار وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ڕەفتاردەکاتو لافی سەربەخۆیی لێدەدات، لەسەر ئاستی ناوخۆش، دیموکراسیو ئازادیی هاوڵاتییان پێشێل دەکاتو ئەم دووڕووییە سیاسییەش، فاکتەری سەرەکی نەبوونی متمانەیە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقداو وایکردووە کە نەتوانن بەڕاستگۆیی لەگەڵ یەک گفتوگۆ بکەنو پێکبێن.

یەکێک لەکێشە سەرەکییەکانی ستراکچەرو بنیاد لەعێراقدا، ئەوەیە کە کۆمەڵگەی عێراقی بەشێوەیەکی ناسروشتی گەشەی کردووە، واتە گۆڕانەکان دەرهاویشتەی واقیعی کۆمەڵگە نینو دەوڵەتی عێراق هەر لەسەرتاوە بەهۆی هێزی دەرەکیو بەزۆر سێ پێکهاتەی جیاواز بەیەکەوە لکێنراون، یاخود گۆڕانەکان بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی یەک لەدوایەکیداو لەئەنجامی گۆڕانی فاکتەرە ئابووریو سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست نەبوون، بەڵکو لە ڕێگەی جەنگو توندوتیژییو بەزەبری دەرەکی هاتوونەتە ئاراوە، بەواتایەکی تر، بەردەوام توندوتیژیی ئامادەگی هەبووە لەگۆڕانەکاندا، ئەو دیموکراسییەی ئەمڕۆ لەعێراقدا هەیە، لە ڕێگەی هێزی دەرەکییەوە سەپێنراوە، ئەمەش جارێکی تر دووڕوویی سیاسیی بەرهەمدەهێنێت کە عێراقییەکان لەپاڵ دیموکراسیدا باوەڕیان بەهێزو توندوتیژییو خۆسەپاندن هەیە.

بەواتایەکی تر، هەرچەندە ئەمڕۆ عێراق بەدەستوور، دەوڵەتێکی دیموکراسییە، بەڵام لە واقیعدا بەهای خێڵایەتیو دەوارنشینو دەمارگیرییو هێز پەیڕەو دەکرێت، کە بووەتە بەشێک لەبنیادی کۆمەڵگەی عێراقی، بۆیە لەدۆخێکی ئاوادا، پێکهێنانی حکومەت کارێکی قورسە، چونکە هیچ لایەنێک بە ڕاستی دیموکراسیی هەزم نەکردووەو دۆڕانو سەرنەکەوتنی قبووڵ نییەو ئامادە نییە دەستبەرداری پۆستو پلەکانی بێت، یاخود ئەوانەی تر بکاتە شەریکی ڕاستەقینە لەدەسەڵاتەدا، یاخود ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسییو چاودێریی دەسەڵات بکات، چونکە لەبنەمادا لەجیاتی متمانەو دڵنیایی، گومانو ترس هەیەو تاکو حیزبو پێکهاتەکان جۆرێک لە ڕەفتاری دووڕووییانە دەنوێنن کە سەرچاوەی ململانێو دوورکەوتنەوەن، هەروەک چۆن کەلتوورێکی دیموکراسی ڕاستەقینەو یەکتر قبوولکردن نییە، بەڵکو کەلتووری هێزو یەکترڕەتکردنەوەو توندوتیژیی هەیە، ئەمەش زەمینەی خۆشکردووە بۆ دەستوەردانی دەرەکیو قووڵکردنەوەی قەیرانەکانی ناوخۆی عێراق.

ئەگەر لەداهاتوودا حکومەتیش پێکبێت، ئەوا حکومەتێکی سستو لاواز دەبێتو ڕووبەڕووی دنیایەک ئاستەنگو تەحەدی دەبێتەوە کە زاڵبوون بەسەریاندا قورسە، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، دەبێت لەبنیادی کۆمەڵگەوە دەستپێبکاتو پێویستی بە چارەسەری کۆمەڵایەتیو کەلتووریو سیاسییو ئابووریو یاساییو ڕیشەیی قووڵ هەیە کە کاتو ئیشکردنی زۆرو جدیی دەوێت.

*** مامۆستای زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سلێمانی**



# دەسەڵاتی کوردیو ڕێکخراوە پیشەییەکان

**داهێن هاشم-هەولێر**

دارمانی پەیوەندیی نێوان سەندیکا پیشەییەکان لەگەڵ چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی چوارچێوەی پیشەیی هەریەک لەو گرووپانە، بەهۆی نەمانی متمانەو سووانی قسەو بەڵێنی بەرپرسو کاربەدەستانیان (پارتیو یەکێتی) ناچارکردووە لە ڕێگەی دەستوەردانی ئاشکراوە بەر بە هەرەسی گرووپە ڕۆبۆتییەکانیان بگرنو لەبەردەم ترس لە هەڵبژاردنی ئازادو دیموکراسیدا هێزەکانیان لە لیستی داخراوی هەڵبژاردەی حیزبدا کۆبکەنەوە.

ئەوان لەبەردەم ڕەوتی دیموکراسیو فرەییو کرانەوەدا، دەرگای دامەزراوە بەناو سەربەخۆکانیان توندتر لە هەموو کاتێک دادەخەن، جگە لە داردەستو گوێڕایەڵەکانی حیزبی دەسەڵات، دەرفەت بۆ هیچ کەسێکی سەربەخۆو ئازاد ناهێڵنەوە، کە بەڕاستی نوێنەرایەتی چینو توێژەکانی خۆیان بکەن، ترس لە کەسانی نەیار بە سیاسەتی دەسەڵاتداران بەشداریی لە ژیانی ڕێکخراوەییو سەندیکای بەرتەسک کردووەتەوە، تەنیا بۆ ئەو دەستەو تاقمانە نەبێت کە بەدڵی حیزب وەک ڕۆبۆت هەنگاودەنێن.

ئەگەرچی بە ڕووکەش دوو حیزبی سیاسیی جیاوازن، بەڵام ئێستا لەناواخنیاندا هەڵگری یەک بەرنامەن بەبێ جیاوازی، هیچ بوارێکی ژیانی ئەم هەرێمە نەماوە یەکێتیو پارتی لەسەر کۆنترۆڵکردنی کۆکو هاوبەش نەبن، بەم ڕەفتارەشیان کۆمەڵگەو سیستمی سیاسیی کوردستان بەرەو دەسەڵاتی تاکحیزبیی ڕەها کێش دەکەن.

دابەشکردنو بە ڕۆبۆتکردنی سەندیکا پیشەییەکان لە ڕێگەی سەپاندنی لیستی داخراوی ڕەها لە هەڵبژاردنەکانیاندا، پارێزەران، نووسەران، مامۆستایانو هەموو ئەو ڕێکخراو و سەندیکایانەی کە لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ بوون بە دوو بەشی یەکێتیو پارتی، جگە لە هەڵچنینی دیوارێکی بەرزتر لەنێوان خەڵکو دەسەڵات، پاشەکشەکردنە لە دیموکراسیو بە پیرۆزکردنی هەموو ئەو ڕێگەو ئامرازانەیە کە ڕێگە لە کرانەوەو گەڕانەوەی ئیرادەی خەڵک دەگرن، تۆخکردنەوەی هەژموونی حیزبیشە بەسەر تەواوی ژیانی کۆمەڵگەدا.

فرەیی، جیاوازی بۆچوونەکان، ململانێی نێوان میتۆدە جیاوازەکان، ڕەخساندنی دەرفەتی بەشدارپێکردنی هەمەلایەنو سەربەخۆیی میدیاو سەندیکا پیشەییەکان، لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسیو کۆمەڵی مەدەنیو حوکمداریتیی مۆدێرنو تەندروستە، بەڵام ئەگەر ئێمە لەم هەرێمەی خۆماندا هیوامان بە دەسەڵاتدارانی بێت، کە ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیمان گەشەپێبدەن، ئەوەش ڕەفتاری سیاسیی ئەوان بێتو ئامادەی هیچ گۆڕانێکی ڕیشەیی لە دەسەڵاتی حیزبیی بەسەر ژیانی خەڵکەوە نەبن، کارێکی پڕ زەحمەتە هەنگاوەکانی ڕووەو ئایندەیەکی باشتر بڕواتە پێشەوە.

ئەم دەسەڵاتە لە پەرلەماندا ڕێگەی لە گواستنەوەی ڕووداو و گفتوگۆکانی پەرلەمانتاران لە میدیاکان گرتو بە بێدەنگی بۆیان چووەسەر، ئەم دەسەڵاتە گوێی لە نارەزاییەکانی خەڵک ناگرێتو بە تەقە وەڵامی داواکاریی هاوڵاتییەکانی داوەتەوە، (هەفتەی پێشوو لە گەڕەکی حەساڕۆکانی هەولێر چەندین هاوڵاتی بریندارکران)، بەر لە ماوەیەک لەناو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەولێر نارەزایەتی گرووپێکی بچووک لە خوێندکاران بە تەقەلێکردن کۆتاییهات...هتد.

ئەم دەسەڵاتە سامانی سروشتیی وڵات بە قاچاخ هەرزانفرۆش دەکات، کە خەڵکی وەک مافێکی سروشتی خۆیان لەبارەی داهاتەکەیەوە پرسیار دەکەن، پێمان دەڵێن لە بانکی تایبەتدایە، بەڵام ئەمە چ بانکێکە، نەک هەر پەرلەمان، بەڵکو وەزیری خەزێنەی دەوڵەتیش نازانێت لە کوێیە؟!، تۆماری هەموو ئەم کێشەو گرفتانە بە بچووکو گەورەیانەوە هی ئەوەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنیو سەندیکاکانی نوێنەری خەڵک لە بارەیانەوە قسەی هەبێتو هەڵوێستی لەسەر دەرببڕن، ئەرێ نووسەرو پارێزەری چ میللەتێک هێندەی ئەوانەی ئێمە حیزبێنراون، لە دونیادا گرووپی هاوشێوەی ئەوان حکومەت لە عەرشی دەسەڵاتەوە لە شەو و ڕۆژێکدا دەگۆڕن، بەڵام حیزباندنی ئەوانە بێدەنگیی بەرهەمهێناوە، ئەمەش سەرەتای هەوڵێکە بۆ کۆتاییهێنان بەو نیمچە ئازادییەی کە هەمووان قوربانییان بۆ دابوو.

سەرەنجام تا لیستەکان داخراوتر بن، تا تاریکاندنی ڕاستییەکان بەردەوام بێت، تا دەرگاکان قایمتر دابخرێن، بەهێزتر دەکرێنەوە.



22 سەرۆکی هەرێم تۆ لەکوێیت؟



## سکرتێری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان:

# بەهۆی ململانێی سیاسییەوە ڕێگەمان پێنەدراوە لە سلێمانی یاریگا دروست بکەین

سازدانی: هەنگاو هاشم
هەولێر



**ئومێد خۆشناو، سکرتێری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات، کە بۆشایی حکومەتیان پڕکردووەتەوەو لەبری وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و لاوانی حکومەت، فۆڕمی مۆڵەتدان بە تیپەکان دەدەن، هاوکات باس لە ڕێگریی سەرۆکایەتی شارەوانیی سلێمانی دەکات، لەڕێگەنەدانیان بە دروستکردنی یاریگا، هۆکارەکەشی بۆ ململانێ سیاسییەکان دەگێڕێتەوە.**

**ڕۆژنامە: ئەو زەوییانەی کە لەلایەن یەکێتیی لاوانەوە دەکرێت بە یاریگا موڵکی کێن، دواتر لەسەر کێ تاپۆ دەکرێن؟**

– بەپێی نەخشەی بنەڕەتی شارەکان بەشی زۆری ئەو زەوییانەی کە دەیکەین بە یاریگا، بۆ یاریگا دانراون، هەروەها بەشێکیان پێشتر یاریگای خۆڵ بوون، واتە موڵکی شارەوانیی‌و حکومەت بووە، بەڵام کە پڕۆژەیەکی وای لەسەر دروست دەکەین کە دروستکردنی یاریگایە، دواتر زەوییەکان بەناوی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە دەکرێت، واتە لەسەر یەکێتیی لاوان تاپۆ دەکرێت.

**ڕۆژنامە: ژمارەی یاریگاکانی یەکێتیی لاوان لە سەرجەم هەرێمی کوردستان چەندە؟**

– هەوڵدەدەین بەپێی ئەو پڕۆژانەی هەمانە ژمارەی یاریگاکانمان زیاد بکەین، لەئێستادا لە بەشێکی هەرێمی کوردستان‌و بەشێکی کەرکوک‌و خانەقین یاریگامان هەیە، کۆی گشتییان دەگاتە (١٠٠) یاریگا، زیاتر کە یاریگای (٦) یاریزانیین، هەروەها (١٠) یاریگای (١١) یاریزانیشمان هەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا ژمارەیەک یاریگای خۆڵیشمان هەیە، زۆربەی یاریگاکانیش لە سنووری پارێزگای هەولێرو دهۆکن، لە پارێزگای سلێمانی هیچ یاریگایەکمان نییە.

> **"کاری وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و لاوانە مۆڵەت بدات بە تیپ، ئەو بۆشاییەی کە لە حکومەتدا هەیە، یەکێتیی لاوان توانیویەتی پڕی بکاتەوە"**

**ڕۆژنامە: هۆکاری چییە یاریگاتان لە شاری سلێمانی نییە؟**

– زۆر بەڕاشکاوی دەڵێم: بەپێی ئەو واقیعەو ململانێ سیاسییەکانی چەند ساڵ لەمەوبەر هەبووە، ئێستاش کاریگەریی ماوە، بەجۆرێک نەمانتوانیوە یاریگا لە شاری سلێمانی دروست بکەین، لەوانەیە پاساوی شوێنی شیاو بۆ یاریگاکانمان هەبێت، بەڵام دەکرێت ئێمە خوێندنەوەی ترمان بۆی هەبێت، شارەوانیی سلێمانی ڕێگەی پێ نەداوین بەپێدانی زەوی بۆ دروستکردنی یاریگاکان، لەگەڵ ئەوەی لە ڕۆژی (٥/٨)ی ئەمساڵەوە بودجەو ڕەزامەندیی دروستکردنی (٢٠) یاریگامان لە پارێزگای سلێمانی‌و گەرمیان وەرگرتووە، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانمان بێ ئەنجام بوون، هەروەها ئەو نرخەی کە لە وەرزشوانانی وەردەگرین بەرامبەر بە یاریگاکان (٥) هەزار دینارە، لە یاریگاکانی سلێمانی (٢٥ بۆ ٥٠) هەزار دینارە، ئەوی لە سنووری هەولێرو دهۆکدا دەتوانین بیکەین، لە سنووری سلێمانی نەتوانراوە هاوکاریمان بکرێت.

**ڕۆژنامە: پێدانی فۆڕمی مۆڵەت وەرگرتن بۆ تیپە وەرزشییەکان بۆچی لەلایەن یەکێتیی لاوانەوە دەدرێت، لەکاتێک وەزارەتێک هەیە بەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و لاوان، پێتانوانییە، ئەمە کاری ئەم وەزارەتە بێت؟**

– بەڵێ، کاری وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و لاوانە مۆڵەت بدات بە تیپ، ئەو بۆشاییەی کە لە حکومەت هەیە یەکێتیی لاوان توانیویەتی پڕی بکاتەوە، دەکرێت ئەم پرسیارە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی‌و لاوانی حکومەتی هەرێم بکرێت، بۆچی کار بۆ تیپە میللییەکان ناکەن، ئەوبارە قورسەی لەسەر شانی حکومەتە ئێمە گرتوومانەتە ئەستۆ، لەدوای ڕاپەڕینەوە ئێمە تاکە ڕێکخراو بووین هەوڵمان داوە زۆرترین تیپ لەخۆمان کۆبکەینەوە، کارئاسانییان بۆ بکەین‌و مۆڵەتیان پێبدەین.

**ڕۆژنامە: کێشەکانی گەنجان لە چیدا دەبیننەوە، چ هاوکارییەکی گەنجانتان کردووە لەڕووی پێشینەی هاوسەرگیریی‌و نیشتەجێبوون؟**

– گەورەترین کێشەی گەنج بێکاریی‌و دانەمەزراندن‌و پێکهێنانی خێزان‌و کۆچکردنی لاوانیش تاوەکو ئێستا ماوە لە هەرێمی کوردستاندا، هەوڵمانداوە لەڕێگەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکرێت‌و بەسەر خەڵکیدا دابەشی بکەین، هەوڵمانداوە ئەم خەڵکانە زیاتر لاو بن، هەروەها ئێمە یەکەم ڕێکخراو بووین لە چوارچێوەی چەند پڕۆسەیەکی هاوسەرگیریی، بەشێوەی هاوسەرگیریی بەکۆمەڵ، ئەنجامانداوەو هیچ مەرجێکیشمان لەبەرچاو نەگرتووە بۆ ئەم مەبەستە، پێشمانوایە: ئەو بڕە پارەیەی لەلایەن حکومەتەوە دەدرێت بۆ پێشینەی هاوسەرگیریی، کە بڕەکەی (١) ملیۆن، زۆر کەمە، بۆ ئەم مەبەستەش پڕۆژەیەکمان لەبەردەستدایە پێشکەشی حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستانی دەکەین، بۆ ئەوەی بڕەکە زیاد بکرێت‌و تەنیا فەرمانبەرانی حکومیش نەگرێتەوە.

---

## «سەعاتێک یاریی (٥) هەزار دینار دەکەوێت»

# یاریگا بچووکەکانیش بە نرخێکی گران بە کرێ دەدرێن

ڕاپۆرتی: ئاریان حەسەن
لاڤە بەشارەت

گرانیی‌و جیاوازییەکی زۆر لە نرخی یاریگا بچووکەکاندا هەیەو وەرزشکارانیش ئاماژە بەوە دەکەن: بێسەرو بەرییەکی زۆر لە بەکرێدانی ئەو یاریگایانەدا هەیە.

هەڵمەت عەلی، وەرزشکارێکی گەڕەکی زەرگەتەیە، بۆ یاریکردن دەچێت بۆ گەڕەکی سەرچنار، باسی لەوە دەکرد: کە یاریکردن لەو یاریگا بچووکانەدا زۆر گران دەکەوێت لەسەریان، ئەمەش بووەتە هۆکاری دوورخستنەوەی وەرزشکارە گەنج‌و هەژارەکان لە یاریگاکان‌و وتی: «بڕی کرێی یاریگاکان‌و کرێی هاتوچۆکەی (٥) هەزار لەسەر هەر کەسێک دەکەوێت، ئەمەش وایکردووە گەنجێکی زۆر لە یاریگاکان دووربکەونەوە».

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لەلایەن کەرتی تایبەت‌و شارەوانیی‌و ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە ژمارەیەک یاریگای داخراوی بچووک (٦یاریزانی تۆپی پێ)، لە گەڕەکەکاندا دروستکران‌و بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا دراوە بەخەڵکی‌و وەرزشکاران‌و تیپە میللییەکانیش بەکرێ لەو یاریگایانەدا یاریی دەکەن.

بابان بەکر، گەنجێکی گەڕەکی خەباتەو لە یاریگاکانی چیا وەرزش دەکات، پێیوایە: کەمیی یاریگا بچووکەکان‌و زۆریی تیپە وەرزشییەکان وای لە خاوەن یاریگاکان کردووە کە بتوانن بەئارەزووی خۆیان نرخی یاریگاکان بەرز بکەنەوە، وتیشی: «لەئێستادا نرخی (١) سەعات کرێی یاریگاکان بە (٥٠) هەزار دینارە، کە ئەمە نرخێکی زۆر گرانە، بەڵام سەرەڕای ئەو نرخە زۆرەی کە هەیانە، کەچی لەساڵێکدا (١) سەعات چۆڵنابێت‌و بەبەردەوامیی یاریی تێدایە».

سەرەڕای زۆریی کرێی یاریگاکان جیاوازییەکی زۆر لەنێوان نرخەکانیاندا هەیە، بەجۆرێک هەر یاریگایەو بەکرێیەکی جیاواز دەدرێت بە وەرزشکارەکان.

بابان، دەڵێت: «بێسەرەوبەرەیی‌و جیاوازیی لە نرخەکانی یاریگاکاندا بەهۆی لیژنەی ئۆڵۆمپییەوەیە، کە ناتوانێت فشار بخاتە سەر خاوەن یاریگاکان».

لە بەرامبەردا هاوڕێ کەریم، خاوەنی یەکێک لە یاریگا بچووکەکانی گەڕەکی سەرچنارە، ئاماژە بەوە دەکات: کە ئەوان یاریگاکانیان لە زیادکردنێکی نهێنیی لیژنەی ئۆڵۆمپیدا بۆ دەرچووە بەنرخێکی زۆر، ئەوان ناتوانن بەنرخێکی هەرزان‌و گونجاو لەگەڵ ئێستادا بیدەن بەکرێ بە وەرزشکاران «ئێمەش دەزانین (١) سەعات بە (٣٥) هەزار دینار زۆرە».

سەرەڕای ئەوەی چەندین تیپی میللی لە شارەکاندا هەیەو لیژنەی تیپە میللییەکانیش لە لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان سەرپەرشتییان دەکات، بەڵام لەبەر کەمیی یاریگا بچووکەکان ئەو تیپانە ناچارن کە بەکرێیەکی زۆرو لە یاریگاکانی کەرتی تایبەتدا یاریی بکەن.

جەلال محەمەد، خاوەنی یاریگایەکی گەڕەکی ئازادییەو خۆی دروستیکردووە، دەڵێت: «لیژنەی ئۆڵۆمپی نرخێکی دیاریکراوی داناوە بۆ هەموو یاریگاکان، بەڵام ئەو نرخە زۆر کەمە لەچاو تێچوونی دروستکردنی یاریگاکان‌و ئەو باجە زۆرەی کە لەلایەن حکومەتەوە لێمان دەسەندرێت، کێشەی کەمیی کارەباشمان هەیە بۆ ڕووناککردنەوەی یاریگاکان لە شەواندا، حکومەتیش هیچ پارچە زەوییەکی پێمانندەداوە تا یاریگای لەسەر دروست بکەین، ئێمە خۆمان زەوییەکانیشمان کڕیوە، ئەگەر حکومەت کارئاسانیمان بۆبکات، ئەوا ئێمەش ڕازین بەو بڕیارانەی کە لیژنەی ئۆڵۆمپی دەریدەکات، بەڵام ئەگەر لەئێستادا لەسەر ئەو بەرنامەیەی لیژنەی ئۆڵۆمپی بڕۆین بۆ نرخی یاریگاکان، ئەوا هەربەشی گازی مۆلیدەکان‌و باجی حکومەت دەکات، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەگەر یاریگایەک دروستبکەیت بە کوالێتییەکی زۆر نزم‌و سادەش نزیکەی (٥٠) هەزار دۆلاری تێدەچێت، بێجگە لە نرخی پارچە زەوییەکە».

خەسرەو گورون محەمەد، سەرۆکی لیژنەی تیپە میللییەکانی سەر بە لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان بە ڕۆژنامەی وت: کە پڕۆژەیەکیان خستووەتە بەردەستی قایمقامی مەرکەزی سلێمانی، بۆ دیاریکردنی نرخی یاریگاکان، بەجۆرێک لەڕۆژدا (١) سەعات کرێی یاریگاکان بە (١٥) هەزار دینارو شەوانیش بە (٣٠) هەزار دینار.

دوای پەسەندکردنی پڕۆژەکە لەلایەن قایمقامیەت‌و پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت‌و بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەکان بەسەر یاریگاکاندا، بەڵام بڕیارەکان جێبەجێ نەکران‌و نرخی یاریگاکانیش هەر گران‌و جیاوازییش هەیە لە نرخەکانیاندا.

خەسرەو گورون، ئاماژەی بەوەکرد: «خاوەن یاریگاکان ئەم بڕیارەیان ڕەتکردەوە، چونکە هەندێک لە یاریگاکان کەرتی تایبەت دروستیکردووەو هەندێکیان یانەکانی شاری سلێمانی‌و ژمارەیەکیشی لەلایەن شارەوانییەوە دروستکراون‌و دراوەتە دەستی لیژنەی ئۆڵۆمپی، بۆیە ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ نەکراو ئێستا هەر یاریگایەو بەنرخێکی جیاواز دەدرێت بەکرێ، کە هەندێکیان بەنرخێکی گران دەدرێن بەکرێ‌و پێویستە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت».

سەرەڕای ئەو یاریگایانەی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دروستکراون، لیژنەی ئۆڵۆمپییش سەرپەرشتی چەند یاریگایەک دەکات، بەڵام بەهۆی کەمیی یاریگاکان‌و زۆریی تیپە میللییەکانەوە وەرزشکاران وەک پێویست سوودی لێنابینن.

سەرۆکی لیژنەی تیپە میللییەکان لەوبارەیەوە وتی: «هەندێک یاریگامان هەیە کە لیژنەی ئۆڵۆمپی سەرپەرشتی دەکات‌و بەنرخێکی زۆر گونجاو دەدرێت بەکرێ، کە (١٠) هەزارە بۆ (١) سەعات، هەوڵدەدەین چەند یاریگایەکی لەو شێوەیە دروستبکەین، بەتایبەت لە گەڕەکە هەژارنشینەکاندا، کە وەرزشکاری بەتوانایان تێدایە».



# چاکسازییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەنێوان گەندەڵیی زانکۆکانو هەڵوێستی حکومەتدا



**سیروان قادر ئەحمەد***

ئەگەر چاوێک بخشێنین بە مێژووی دروستبوونی زانکۆکانی جیهانو قۆناغەکانی پێشکەوتنیان لە رووی زانستیو شارستانییەوە، دەبینین ساڵ بە ساڵ ئەم زانکۆیانە لە گەشەکردندا بوون، تا گەیشتوونەتە ئەم دۆخەی ئێستایان، کە لە ئەوپەڕی پێشکەوتندان، بە واتایەکی دیکە ئەو زانکۆ پێشکەوتووانەی جیهانیش بەشێوەیەک لە شێوەکان بە قۆناغی دواکەوتوویيو گەندەڵیدا تێپەڕیون، بەڵام هۆکاری ئەو قۆناغەی ئەوانی پێدا تێپەڕبوون خودی گەندەڵیی سیستمەکەیان نەبوو، بەڵکو زیاتر پەیوەندیی بە رەوشی ئەوکاتەی جیهانەوە هەبووە، کە وەکو ئەمرۆ هۆکارەکانی پێشکەوتن فەراهەم نەکرابوو، دەبینین لە زانکۆکانی بەریتانیاو فەرەنساو ئەلمانیاو زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا سیستمی خوێندنو وەرگرتن لە خوێندنی باڵا تا رادەیەک نزیک بووە لەم سیستمەی ئێستای زانکۆکانی کوردستان (وەکو سیستەم، واتە جگە لەو بارە قێزەونەی کە لە زانکۆکانی کوردستاندا بڵاوبووەتەوە).

## سەرەتای کێشەی زانکۆکانی کوردستان

پاش راپەڕینی (١٩٩١)و ئازادبوونی کوردستانو پێکهێنانی حکومەتی فیفتی بە فیفتی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستانو بڕیاردانی دووبارە کردنەوەی زانکۆی سلێمانیو هەروەها کردنەوەی زانکۆی دهۆک لەساڵی (١٩٩٢)، ئالێرەوە کێشەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان سەریهەڵدا، ئەویش هەولدان بوو بۆ کردنی زانکۆکان بە شوێنی حیزبایەتیو پێدانی بەرپرسیارێتیو رکابەرییەکی نارەوای حیزبیی لەنێوان هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان، پاشان رووداوەکان بەرەو خراپتر رۆیشتن، ئەویش هەڵگیرسانی شەڕی نێوان پارتیو یەکێتی بوو، کە ئەم شەڕە بەشێوەیەکی گشتیی گەلەکەمان تیایدا زەرەرمەند بوو، بەڵام زانکۆکانی هەرێم بەشێوەیەکی زۆر زیاتر زەرەرمەند بوون، کە تائێستاش پێوەی دەناڵێنن، کە ئەویش خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە هەردوو پارتەکە زانکۆکانیان بەتەواوەتی پشتگوێخستو خەڵکانێکی حیزبییان کرد بە دەسەڵاتدار لە زانکۆکاندا، کە مەبەستیان تەنیا موونافەسەی حیزبیی بوو دوور لە هەموو توانایەکی زانستیو رۆشنبیرییو داهێنانو فێرکردنو شارستانی، پاشان دوای ئەوەی لەساڵی (١٩٩٨)دا شەڕی نێوانیان وەستا، بەڵام کێشەیەکی دیکە سەریهەڵدا، کە ئەویش دووئیدارەیی بوو لەنێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتداردا، کە ئەمەش دووبارە زانکۆکان تیایدا زەرەرێکی گەورەیان لێدرا، ئەویش بەوەی کە زانکۆکان خۆیان تازە بوونو پێویستی زۆریان بە پێگەیاندنی مامۆستای پسپۆڕ بوو بۆ کۆلێژە جیاوازەکانی زانکۆکان، لەبەرئەوە زانکۆکانی هەرێم هەستان بە راگەیاندنی کردنەوەی خوێندنی باڵا (ماجستێرو دکتۆرا) لە زانکۆکاندا، بەڵام کێشەی سەرەکی لێرەوە سەرهەڵدەدات، ئەویش بەوەی ئەوانەی وەردەگیران لە خوێندنی باڵا زۆربەی زۆریان کە دەتوانین لە هەندێک کۆلێژدا کە زۆر لە بارەیانەوە وتراوە، بڵێین (٧٥٪)ی ئەوانەی وەردەگیران لە خوێندنی باڵا لە هەر سێ زانکۆکەی هەرێمدا، شیاوی ئەوە نەبوون کە وەربگیرێنو پێداویستی زانکۆیان پێ پڕبکرێتەوە، چونکە تەنیا خاڵی بەهێزی ئەوانەی وەریاندەگرتن تەنیا حیزبیبوونیان یاخود نزیکیو واسیتە بوو بۆ راگرایەتیو بەشەکانی کۆلێژەکان یاخود میزاجی راگرایەتیو بەشەکان لەگەڵ کەسێکی بەتوانای موستەحەقدا نەبوو، چونکە خۆیان بەوشێوەیە هاتبوون نەیاندەویست کەسی بەتوانا پێبگات، لەوانەیە ئێستا یەکێک پرسیار بکاتو بڵێت: خۆ زانکۆکانی کوردستان بۆ چەند ساڵێک دەچێت وەرگرتن لە خوێندنی باڵا چاکسازیی تێداکراوە، بەشێوەیەک ئەنجامەکان رادەگەیەنرێت بە نمرەوە، لێرەدا پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارەش بدەینەوە، ئەویش بەوەی راستە لە سەرەوە وا دەردەکەوێت کە شەفافیەت پەیدابووە لە وەرگرتن لە خوێندنی باڵادا، بەڵام لە راستیدا بارەکە هەروەکو خۆی ماوەتەوە، ئەویش بەوەی لە هەندێک لە کۆلێژەکاندا لە هەموو زانکۆکانی کوردستاندا ئەو کەسانەی کە مەقبول بوون لەلایەن حیزبو راگرایەتیو بەشەوە کار گەیشتبووە ئەوەی کە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانیان دەدانێ، تاقیکردنەوەش وەکو مەهزەلەیەک وابوو بۆ ئەوانە، بەشێوەیەک ئێستا زانکۆکانی هەرێم پڕبووە لە مامۆستاو دکتۆر، کە بەو شێوازانە وەرگیراون لە خوێندنی باڵاو تیایاندایە پلەی زۆر بەرزی هەیە لە زانکۆکاندا، ئەگەرچی لە رووە راستەقینەکەی مامۆستای زانکۆوە سفرە لە کەسێتیو زانستو رۆشنبیرییو دادپەروەرییو راستی.

## ئەنجامەکانی ئەو بارودۆخە

دیارە کە هەموو زانکۆیەک بە مامۆستاو خوێندکارەکانییەوە پێیدەگوترێت زانکۆ، بەواتایەکی دیکە زانکۆ بەس ئەوە نییە کە بیناکەی جیاواز بێت لە بینای ناوەندییو ئامادەییەکانو ژمارەیەکی زیاتری مامۆستاو قوتابی تێدابێت، بەڵکو رووی راستەقینەی زانکۆ ئەوەیە، کە مامۆستاو قوتابییەکانی لە چ ئاستێکی زانستیو رۆشنبیرییو شارستانێتیدانو سیستمی خوێندنو فێربوون تیایدا لەکوێی جیهانی تەکنۆلۆژیای ئەمرۆدایە، بەداخەوە لەبەر ئەو بارودۆخە مێژووییەی کە ئاماژەمان پێدا، زانکۆکانی کوردستان هیچیان زیاتر نییە لە ئامادەییەکان (مانای ئەوە نییە سیستمی ئامادەییەکان کێشەی تێدا نییە)، لە زۆر رووەوە ئامادەییەکان باشترن، چونکە دەستی گەندەڵیی پێنەگەیشتووە بەوشێوەیە، ئەویش لەبەرئەوەی نەویستراوە دەستی تێبخرێت، چونکە ئیمتیازاتی کەسیان تێدا نەبینیوەتەوە بەشێوەی زانکۆکان.

زانکۆیەک مامۆستاکەی هەموو هەمێکی پێویست بوو زانستو زانیارییو رۆشنبیریی بێت، بەڵکو لە سەرەتای هەوڵدانی بۆ بوون بە مامۆستای زانکۆ بە نایاسایی خۆی دەکات بە مامۆستا، دەبێت چی فێری نەوەکانی ئەم کوردستانە بکات، زانکۆیەک سەرۆکو یاریدەدەرەکانیو راگرەکانیو سەرۆکی بەشە زانستییەکانیو دکتۆرو مامۆستاکانی بەو بارودۆخەی سەرەوەدا تێپەڕبووبێتن، دەبێت چاوەڕوانی چییان لێبکرێت بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردەواریمان، لەبەرئەوەشە کە نابینین زانکۆکانی هەرێم رۆڵیان لەسەر کۆمەڵگە دەرکەوتبێت لە رووی شارستانیو زانستیو ئاستی تاکەکانو توانای رۆشنبیرییەوە، بەپێچەوانەوە هەرچی بیروباوەڕی هەڵەو دواکەوتوویيو رۆشنبیرییو نزمیی ئاستی کۆمەڵگە هەیە لە زانکۆکانی هەرێمدا جێگەی خۆی کردووەتەوەو بەئاسانی هەستی پێدەکرێت، کە ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە چەند لەدوای کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانەوەیە لەو بوارانەی ئاماژەمان پێدان.

## سەرەتایەکی باشی ریفۆرمی گشتیی زانکۆکانی هەرێم

دوابەدوای پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمو وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەلایەن پرۆفیسۆر دکتۆر دلاوەر عەلائەدین، کە جێگەی خۆیەتی باسی دڵسۆزیی ئەم کەسایەتییەی گەلەکەمان بکرێت، کە ئەوانەی ئاگادارین ئەم پیاوە لەپێش وەرگرتنی ئەم پۆستەشدا هەر لەبەرەی دڵسۆزیی بۆ خاکو گەلی کوردستاندا بووە، ئەویش لە نووسینەکانیدا بە روونی دەردەکەوت کە لە رۆژنامەکاندا بڵاوی دەکردەوە، لێرەدا بە پێویستیشی دەزانم ئەوەش بخەمەڕوو کە سەرۆکی حکومەتیش زۆر بە زیرەکانە هەستا بە دەستنیشانکردنی ئەم کەسایەتییە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، بەهەرحاڵ لەم ماوە کەمەی دەستبەکاربوونی وەزارەتی خوێندنی باڵا بە هیمەتی دکتۆر دلاوەرو ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا، توانرا وەکو رێنماییو هەنگاوانو بڕیاردان سەرلەبەری گەندەڵییو دواکەوتوویی زانکۆکانی کوردستان بەرەو چاکسازییو پێشکەوتن بگوازرێتەوە، ئەویش بە بڕیاردان بە دەستکاریکردنی سیستمی زانکۆکان لە خوێندنو فێربوونو هەروەها بڕیاردان بە گۆڕینی سەرجەمی لێپرسراوی زانکۆو یاریدەدەرو راگری کۆلێژو سەرۆک بەشەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا، کە ئەمانە ساڵەهای ساڵە ئەگەر لێپرسراویش نەبن لەو بارەی زانکۆکانی تێکەوتووە، ئەوا نەیانتوانیوە زانکۆکان بەرەوپێش ببەن، پاشان گۆڕینی سیستمی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا بەشێوەیەک کە زامنی گەشەو گۆڕانکاریی تێدا بەدیبهێنرێت، هەروەها بڕیاردان بە چۆنێتی وانەوتنەوەو هەڵسەنگاندنی مامۆستا بۆ خوێندکارو خوێندکار بۆ مامۆستا، پاشان راگەیاندنی پرۆژەی تواناسازیی کوردستان، کە چاوەڕواندەکرێت لە رێگەی ئەم پرۆژەیەوە هەزاران رۆڵەی ئەم کۆمەڵگەیە بنێردرێنە زانکۆ بەناوبانگو پێشکەوتووەکانی جیهان بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا، کە ئەمەش لە ئەنجامدا زانکۆکان بە ئاقارێکی باشی پێشکەوتندا دەبات.

## پێکدادانی چاکسازییە بڕیارلێدراوەکان لەگەڵ مێژووی گەندەڵیی زانکۆکانی هەرێمدا

ئاشکرایەو ناشاردرێتەوە، کە ئەم چاکسازییانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا پێویستییەکی رۆحیە بۆ زانکۆکانی هەرێم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانکۆکان کە بەو ئاقارە خراپەی گەندەڵیدا تێپەڕیبن، ئەوا پێکدادان لەنێوان دوو چەمکدا روودەدات، کە ئەوانیش چاکسازییەکی تازە لەدایکبووە لەگەڵ گەندەڵییەکی بەهێزی مێژوویی، لەبەرئەوە دەبینینو دەبیستین لە هەموو زانکۆکانی هەرێمدا دەنگی نارەزاییان لێ بەرزبووەتەوە بەرامبەر ئەم هەنگاوانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەویش تەنیا لەبەر بەردەوامبوونی ئەم رەوشە قێزەونە دواکەوتووە لە زانکۆکانی هەرێمدا بۆ بەرژەوەندیی کەسی، وا خۆیان نیشاندەدەن کە وەزارەت هەڵە بکاتو ئەمان دڵسۆزی وڵاتو خەڵکو خوێندنو فێربوون بن، چونکە زۆرینەی مامۆستاو دکتۆرەکانی زانکۆکانی ئەم هەرێمە بەوشێوەیەی سەرەوە جێگەی خۆیان کردووەتەوە لە زانکۆکانی هەرێمداو دەبینین لەپێناوی بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی زیاترو بەبێ هیلاکبوونو سەرئێشە لەگەڵ ئەوەدان ئەم بارودۆخە وەکو خۆی بمێنێتەوەو دژی ئەم چاکسازییانەی وەزارەتی خوێندنی باڵان، ئیتر ئاستی زانستیو پێشکەوتنو شارستانیو رۆشنبیریی وڵاتو کۆمەڵگە کێشەی ئەوان نییە.

## ئەرکی پێویستو بەپەلەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

دیارە وەکو ئاماژەمان پێدا گەندەڵەکانی زانکۆکانی هەرێم بەهێزن لە دژایەتی ئەم چاکسازییانەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا، لەبەرئەوە لە هەموو لایەکەوەو لە هەموو زانکۆکاندا کەوتوونەتە خۆیان بۆ راگرتنی ئەو چاکسازییانەو هەموو هێزیان بەکاردەهێنن بۆ راگرتنی، بەڵام ئەوەی کە دەتوانێت رەوشەکە جێگیر بکاتو نەهێڵێت زانکۆکانی کوردستان دواکەوتووتربنو گەشە بکەن، سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە پێویستە بەهیچ شێوەیەک گوێ بۆ ئەو داواکارییانەیان رانەگرێتو پشتگیریی تەواو و بەهێزی وەزارەتی خوێندنی باڵا بکات لە چاکسازییەکانیدا بۆئەوەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا زانکۆکانی ئێمەش ببنە نموونەی زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهانی دەوروبەرمان، کە بەدڵنیاییەوە لە پرۆژەو بڕیارەکانی وەزارەتدا ئەم ئاواتانە دێنە دی.

*** مامۆستای کۆلێژی زانستی مرۆڤایەتی**

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: ئازاد چالاک
بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com – هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com
دابەشکردن: کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١ ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سەرەکیی: سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر: شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ ٧٥٠١١٨٢٣٨٣

# دەسەڵاتێکی نەخوێندەوار



**پشکۆ ناکام**

نەخوێندەوار بەمانا کلاسیکییەکەی بەو کەسە دەوترێت، کە نە دەزانێت بنووسێتو نە دەشزانێت بخوێنێتەوە، بەڵام بەمانا سیاسییەکەی بەو کەسە دەوترێت، کە ئاگای لە دونیا نەبێتو بیرکردنەوەی لەگەڵ (ئەمڕۆ)دا نەگونجێت، بەهەمان شێوە کە دەسەڵاتێکیش ئاگاداری دەوروپشتی خۆیو گۆڕانکارییەکانی سەردەم نەبوو، ئەو سیفەتە ئەویش دەگرێتەوە.

دەسـەڵاتـی کـوردی، بەتایبەتی لەدوای راپەڕینو دواتر لەدوای لابردنی سەدام لەسەر حوکم، بەجۆرێک مامەلە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکو رووداوەکانی دەوروپشت دەکات، کە شیاوە پێی بڵێین: هێندە نەخوێندەوارە کە بەرچاوی خۆی نابینێتو ئێستاش وا دەزانێت (کەباب بە دەیە)و هەڵسوکەوتی لەگەڵ رووداوەکان مایەی سەرسوورمانو گومانیشە.

وڵاتـانو میللەتانی دیکەی دونیا لە سایەی پێشکەوتنی ئابووریی‌و زانستیو تەکنۆلۆژیا خەریکن واز لە مانگ دەهێنن‌و روویـان کردووەتە کەوکەبەکانی دیکە، کەچی لای ئێمە لە دە ساڵ تێپەڕین بەسەر سەدەی بیستو یەکدا، تازە بەتازە دەیان خەتـی سوورمان بۆ دانـراوەو هێندەی نەماوە تاکی کورد ببێتە (رۆبۆت)ێکو ئەوەی بۆی پرۆگرام کراوە هەر ئەوە بکاتو هەر ئەو قسە بکاتو هەر ئەو جۆرە بیر بکاتەوە، دەنا دەکەوێتە لیستـی (رەش)ەوەو چارەنووسیشی هەر رەشە... لە سەردەمی سەتەلایتو ئینتەرنێتو تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ، بە بەرچاوی خەڵکو دونیاوە، رۆژانە نەوتی هەرێم ئاودیو دەکرێت، کەچی دەسەڵاتی سیاسیی دەڵێت، وانییە، دەسەڵات هێندە نەخوێندەوارە پێیوایە: ئێستاش زەمانی شاخە بە (هۆکی تۆکی) هەواڵەکان دەڕوات!! کە دەسەڵات خۆپیشاندانی خەڵک بە فەوزا لەقەڵەم دەداو پێیوایە، (هەرێم) لەکەدار دەکات، پێمان نالێن ئەی بەقاچاخ فرۆشتنی نەوتی هەرێم، هەرێم لەکەدار ناکاتو سومعەی نەک هەر نازڕێنێت، بەڵکو گومانیشی لەسەر دانانێت؟!

لە زۆربەی وڵاتانی بەتەنگەوەهاتووی خەڵک، بەشێکی زۆری بودجە بۆ خوێندنی بـاڵاو پێگەیشتنی کـادیـری عیلمـیو دابینکردنی ماتریالـی پێویست لەو بوارەدا دادەنـرێت، لای ئێمەش، لای دەسەڵاتی هـەرێـم، تـازە (نەسریەی دیـوەخـان بۆ سەرەک هۆزو عەشیرەتەکان دەبڕێتەوە)، ئەمە نەخوێندەوارییە، یان بە (نەخوێندەوار حسابکردنی) خەڵک؟!

هـێـزەکـانـی سـەر بـەدەسـەڵات لە حەویجەو دیالە گومانلێکراو دەگرن، کەچی لە هەولێر، لە پایتەخت لە دیوەخانـی دەسەڵات، رۆژنامەنووس تیرۆر دەکرێتو گومانلێکراوەکان دەبن بە (جنۆکە)و لە (وجـود)دا نابینرێن، ئەمە کێ بـاوەڕی پێدەکاتو چ مەسخەرەیەکە خەڵکی هەرێم دووچاری بووە؟! دەبێت هەمووش باوەڕ بە وتەکانی دەسەڵات بکەین‌و گەر قسەی (قورئان) نەبـێت، لێـی کەمتر نییە!

دەسـەڵاتی هەرێم، دەیەوێت هەرچی مێژووی دەیان ساڵەیە لەبیر خۆمانـی بکەین‌و مێژوومان لەو رۆژەوە بنووسرێتەوە، کە ئەو بوو بە (حاکم)ی رەسمیی کوردستانو هەرچی کراوەو نەکراوە بە (لێبووردن)ێک لەبیرمان بچـێتو قوربانییەکانی شەڕی دەسـەڵات بەچەپلە لێدان بۆ (ئەزموونی هەرێم) لەمێژووی دوێنێماندا بسڕینەوە!

نەخوێندەواریی دەسەڵات لەو ئاستەدایە، کە وا دەزانـێت هەموو ئەو دەموچاوانەی ئەمڕۆ لە فەلەکـی دەسەڵات دەخولێنەوە، لای خەڵک رابردوویان نازانرێتو گەیشتنـی ئەوان بە (دەسەڵات) خەڵکی تووشی (فقدان الذاكرة) کردووەو کەس چیتر نابێت بیر لەوە بکاتەوە ئەو دەموچاوانە، لەهەموو شکستو مەیدان چۆڵکردن‌و میللەت بەکوشتدان‌و نەهامەتییەکانی خەڵک بەرپرسیارن، هەر لە شەستەکانەوە تائێستا!

دەسـەڵاتو (فـەرمـانـبـەرەکـانـی پـەرلەمان)ی سەربەخۆی، ئامادەن هەر یەکێکیان چەند سـەد هـەزار دۆلارێـک بدەن بە (ئۆتۆمبێلی تازە) وەک تائێستا بە (پاسکیل) هاتوچۆیان کردبـێت! بەڵام دایەرەی ئاگرکوژانەوەکانی هەرێم خاوەنی دوو ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژانەوە نەبن، کە پەیژەکانی هێندە بەرزبکرێنەوە کە بگەنە بینای دەیـان قاتـی‌و لە کارەساتی وەک (ئۆتێل سۆما) خەڵکی لەئاگر رزگار بکردایە، ئەمە نەخوێندەواریی دەسـەڵات نەبێت، چییە؟!

ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان، دەسەڵات دەیەوێت هەموومان بەرامبەر بە رەسمو چوارچێوەیەک، رۆژ بەسەر بەرین، بـێ ئەوەی کەس بۆی هەبێت داوای (دفـتـر أعمال)ەکەی بکات، ئەم دەسەڵاتە لەوە ئاگادار نییە، کە تائێستاش زۆر لە سەرکردەکانی وڵاتان، سەرەڕای هەموو خزمەتێکیان بۆ گەلو خاک، دوای نەمانیان، دەخرێنە بەردەم رەخنەو هیچ قۆناغێک ناپارێزێت، کە مایەی گومانو لێپرسینەوە بێت... ئەگەر دەسەڵاتی هەرێم ئاگای لـێ نییە، یان چاوی خۆی نووقاندووە، خۆ کۆمەڵانـی خەڵک زۆرباش مەسەلەکان دەزانن‌و دوێنـێ وەک دوێنـێ دەبینن، بـێ ماکیاژو بـێ رتوشکردن...

# سەرۆکی هەرێم تۆ لەکوێیت؟



**سەیفەدین مەنمی**

لە هەر وڵاتێکدا سەرۆک دەبێت لە هەموو کەس زیاتر پەرۆشی خۆشگوزەرانیو ئەمن‌و ئاسایشی نیشتمان‌و میللەتەکەی خۆی بێت، چونکە سـەرۆک هەڵبژێردراوی سەرجەم کۆمەڵگەیەو خۆشیو ناخۆشییان لە ئەستۆی ئەودایە، کەچی لەم وڵاتەی ئێمەدا دابڕانێکی ئەوەندە بەرین کەوتووەتە نێوان سەرۆکو جەماوەر، مەگەر تەنیا لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆکدا بیری یەکتر بێننەوەو هەست بە سەرۆکو جەماوەر بکرێت. سەدان رووفاتی ئەنفالکراوی گەرمیان بە بێنازیی رووبانکردەوە وڵاتو غوربەتی بیابانەکانی عەرعەرو برا عەرەبە چاورەشەکانیان بەجێهێشتو گەیشتنەوە نیشتمانە سوتماکەکەی خۆیان، بەبێ ئـەوەی سەرۆکی هـەڵـبـژێـردراوی هەرێم لەسەر مەزارگەکانیان چاوەڕێیان بکاتو لەگەڵ کولی گریانی کەسوکارە داماوەکانیاندا چەند فرمێسکێک بۆ دیداری هاتنەوەیان برێژێتو چەند ساتێک بەدیار بەخاکسپاردنەوەیان بەسەر بەرێت، لەلایەکی دیکەوە ماوەی چەندین مانگە هاوڵاتییانی ناوچە سنوورییەکانی ئێران‌و تورکیا بەهۆی بۆردوومانی ئەو وڵاتانەوە ئاوارەی گوندو ماڵەکانی خۆیان بوون‌و رەزو باخو پوش‌و پاوانیان سـووتـێـنـراوەو مەڕو ماڵاتیان پەرتەوازەی سنوورەکانی دیـکـەی کـوردسـتـان بـوون‌و چەندین برینداروو دوو شەهیدو سـەدان ماڵیان ئـاوارەی شارو شارۆچکەکان بوون‌و وەکو ساوەر لەو بەر خـۆرە هەڵخراون بەبێ خزمەتگوزارییو بێبەش لەهەموو مافێکی مرۆیی دەستەوئەژنۆ لە دۆڵو پێدەشتەکاندا بەبێ چارەسەر ماونەتەوە، بێئەوەی سەرۆکی هەرێم ئاوڕێکی باوکانەیان لێبداتەوەو مەینەتییەکانیان بۆ چارەسەر بکاتو بەدوای کێشەکانیان بکەوێت، لەکاتێکدا سەرۆکی هەرێم دەیتوانی هەم لە رێگەی دیپلۆماسیەتەکەی خۆیەوە لەگەڵ ئەو وڵاتانە بەرگریی لە ئاوارەبوونیان بکاتو ماوە نەدات بەوشێوەیە لە زێدی بابو باپیرانی خۆیان هەڵکەندرێن‌و تووشی ئەو هەموو نەهامەتییە نەبوونایە.

لەلایەکی دیکەشەوە، ئەگەر ئـاوارەبـوونـی ئـەوان لە توانای سەرۆکدا نەبێتو نەتوانێت رێگە بە پێشێلکارییەکانی تورکیاو ئێران بگرێت، ئەوا دەیتوانی بایکۆتی بوارە بازرگانییەکانی کوردستان لەگەڵ ئەواندا بکردایەو رێگەی لە چالاکیی کۆمپانیاکانیان بگرتایە، بۆئەوەی وەستاندنی بواری بازرگانی بکردایە بە کارتێکی گوشارو بەرەنگاریی ئەو سیاسەتەیان ببوایەتەوە.

لـەلایـەکـی دیـکـەشـەوە، پشتبەستوو بـە داهـاتـی ئەو نەوتەی کە ئاودیوی ئەو وڵاتانە دەکرێت، ژیـانو گوزەرانی ئەو ئاوارانەی راگرتایەو قەرەبووی هەموو ئەو مەینەتیوماڵوێرانییەی بکردنایەتەوەو چەندجارێکیش سەردانی بکردنایە بۆ سوککردنی خەم‌و ئازارەکانیان، (میسی) یاریزان نە سەرۆکی حکومەتی وڵاتێکەو نە کاربەدەستێکی سیاسیی باڵاشە، بەڵام کاتێک خەڵکی (هایتی) تووشی ئـەو کارەساتە بـوونـەوە وەکو کارێکی مرۆیی خۆی بۆ رانەگیراو لە وڵاتی (ئەرجەنتین)ەوە گەیشتە ئەو وڵاتـە بۆ بەسەرکردنەوەی ئـاوارەکـان‌و ئەوەشی لەدەستی هـات وەکـو وەرزشـکـارێـک بۆ کـەمـکـردنـەوەی ئـازارەکـانـیـان گەیاندیە کارەساتبارەکان، کەچی لـەم وڵاتـەی ئێمەدا سـەرەڕای بـوونـی سـەرۆکـی شـەرعـیو یاسایی، سـەرەڕای بودجەیەکی گـەورەو زەبـەلاح، سـەرەڕای داهاتی بازرگانیی نەوتی قاچاخ، ئاوارەکان چاوەڕوانی هاوکاریی (مـیـدیـای) ئـازادو کەناڵەکانی راگەیاندن‌و رۆژنامەنووسانن، کە پیتاکی جەماوەریان بۆ بکەن‌و بـۆ سوککردنی خەمەکانیان سەردانیان بکەن، یان چاوەڕوانی دەستی مالیکیو برا عەرەبەکانیان بن کە بەخێری خۆیان ئاوڕێکیان لـێـبـدەنـەوەو پێداویستییە خۆراکییەکانیان بۆ دابینبکەن، لەکاتێکدا کە ئەمانیش وەکو چۆن لە رووی دەستوورییەوە دڵسۆزانە دەنگیان بە سەرۆکی هەرێم داو هەڵیانبژارد بە رابـەرو گەورەی خۆیان، لەهەمانکاتیشدا هەر ئەوان بۆیان هەیە بەپێی هەمان دەستوور لە بودجەی حکومەت قەرەبووی هەموو زیانەکانیان لە سەرۆکەکەی خۆیان داوا بکەن‌و پێشی بڵێن جەنابی سـەرۆک خۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم مادەی (١٤٠)نییە بەسەرچووبێتوکەسێک نەبێت لە مردنی بپرسێتەوە، پاش سێ ساڵی دیکە پێویستت بە دەنگی هەموو جـەمـاوەری کوردستان دەبێت بۆ ئـەوەی جارێکی دیکە ببیتەوە بە سەرۆکی هەرێم، بەڵام سەرۆکێک لە زمانی ئازارەکانی نەگات، ناوچە کارەساتبارەکان بەسەرنەکاتەوەو لەگەڵ خەمی ئەنفالو کیمیابارانەکان نەبێت، لە سامانی بەهەدەرچووی وڵات نەپرسێتەوەوبەبەرچاویەوەرۆژانە سەدان تانکەر نەوت ئاودیوبکرێتو چاوی لێ بپۆشێتو بۆردوومانی ناوچەکان بکرێت، دەسەڵاتی راگرتنی نەبێتو خەڵکی کوردستان بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە نانبڕاو بکرێن‌و زیندانی سیاسیی مافی بخورێتو چینی خاوەن پێداویستی تایبەت فەرامۆشبکرێن‌و پەرلەمان بە میزاجی حیزبیی بڕیار لەسەر مەسەلەکان بداتو ئۆپۆزسیۆن پەراوێزبخرێتو گەندەڵیی کون‌و قوژبنی وڵات بگرێتەوەو بەرپرسە حیزبییەکان بەهۆی بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیانەوە دەست بەسەر کـاروبـاری دامـودەزگـا حکومییەکاندا بگرن، ئیتر دەبێت چ کارێکو چ خەمێک لەمانە گرنگتربن بۆ سـەرۆک کە پێوەی سەرقاڵ بێت.

سەرۆکی هەرێم دەبێت سەنگی مەحەکی هەموو دادپەروەریی‌و شەفافییەتێک بێت، دەبێت داواکاری گشتیی هەموو وڵات بێتو هەست بە ئازاری گەورەو بچووکی ئەم کۆمەڵگەیە بکات.

# بونیاتنانی وڵاتێکی دیموکراتی



**عەباسی سۆفی کەریم**

ئـەبـراهـام لینکۆلن، پێیوایە، دیموکراتی حکومەتێکە، لە خەڵکەوە بێتو بۆ خەڵک بێت، هەروەها رۆبەرت داهل (١٩٩٨) پێنج خاڵ ناودەبات، کە دەبێت لە دیموکراتیدا هەبن:

– بەشداریکردنی چالاک: بوونی یەکسانیو چالاکی، بۆئەوەی خەڵک بتوانن نیازەکانیان بناسن. – دەنگدانی یەکسان: بوونی یەکسانیو چالاکی بۆ دەنگدان‌و هەموو دەنگەکانیش دەبێت وەکیەک بژمێردرێن.

– روونکردنەوەو تێگەشتن: بوونی یەکسانیو چالاکی بۆ فێربوونی بەندەگرنگەکانی سیاسەتو چۆنێتیی عاقیبەتەکانی.

– کۆنترۆڵکردنی ئەجێندا: بوونی یەکسانی لە بڕیاردان لەسەرئەوەی کە دەبێت بچێتە ناو ئەجێنداوە.

– وەرگرتن: دەبێت ئەوچوارخاڵەی کە لەسەرەوە ناوبران، بەشێوەیەکی تـەواو لە دیموکراتییەتدا هەبن. ئەمەو چەند بیرۆکەیەکی تر کە سەبارەت بە دیموکراتی هەن‌و چەند جۆرێکی جیاوازی دیموکراتی کە لە زانستی سیاسیدا ناودەبرێن، بەڵام لەبەرئەوەی لێرەدا نووسینەکە زۆر درێژ نەبێتەوە، ناتوانم ناوی هەموویان بهێنم. ئەوپرسیارەی کە لێرەدا بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێین ئەوەیە، کە چۆن دەتوانرێت کۆمەڵگای کوردی لە دیموکراتی نزیک بکرێتەوە؟

سەرەتا دەمەوێت باس لەو خاڵانە بکەم کە بوونەتە رێگر لەبەردەم دیموکراتی لەکوردستاندا:

– لە وڵاتی ئێمەدا، خەڵک نامۆیە بەوەی کە ئەو سـەروەر بێت، واتە ئەو بتوانێت سزای دەسەڵاتداران بدات بەوەی کە هەڵیان نەبژێریتەوەو بڕیارەکەشی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە قبوولبکرێت.

– تاکەکان مـافو ئەرکەکانی خۆیان ناناسن، بۆیە ناتوانن خۆیان وەک سەروەر ببینن.

– تائێستا سەرۆک خێڵەکان لە زۆربـەی ناوچەکانی کوردستاندا خـاوەن دەسـەڵاتـێـکـی زۆرن کە وایلێکردوون کاریگەربن لەسەر دەسەڵاتو خێڵەکانی خۆیان.

– لەم دەڤەرەی ئێمەدا حکومەت لە سەرووی پەرلەمانەوەیەو پەرلەمان هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییەو حکومەتیش لـەلایـەن دوو پارتی سیاسییەوە بەڕێوەدەچێت، واتە ئـەوان دەستدەخەنە ناو کارەکانی حکومەتەوە.

– نەبوونی دادگایەکی نیشتمانی سەربەخۆی بێلایەن، رێگرێکی ترە لە بەرەو پێشخستنی هەر پرۆژەیەکی دیموکراتیدا کە بکەوێتە ئاراوە.

– بەدرێژایی مێژووی سەدەی بیستەم لە عێراقدا، دیکتاتۆر حوکمی کـردووەو هەرگیز حکومەتێکی دیموکراتی دەستبەکار نەبووە.

– سیاسەتمەداران کە گەیشتن بە کورسی دەسـەڵات، ئیتر چیدی بیر لەدەستلەکارکێشانەوە ناکەنەوەو ئەو وشەیە لەلای ئەوان بە نامۆیی دەمێنێتەوە.

– کاریگەرییەکی تـر، وڵاتانی دراوسێن کە سـەرەڕای نەبوونی دیموکراتییەت لە وڵاتەکانیاندا، دەستدەخەنە نێو کارەکانی هەرێمی کوردستانەوەو دەبنە بەربەستێک لەبەردەم پرۆسەی دیموکراتیدا کە بە رای من، هێشتا دەستی پێنەکردووە.

بە بۆچوونی من، گرنگترین خاڵ نەبوونی شۆڕشێکی رووناکبیرییە لە کوردستاندا، زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵناس‌و سیاسەتناسانی دونیاش پێیانوایە، کە نەبوونی ئەو شۆڕشە فیکرییە وای لە وڵاتانی جیهانی سێیەم‌و هەندێک وڵاتـی جیهانی دووەم کـردووە کە وا دووربـن لە دیموکراتییەوە.

گرنگی هـۆشـیـارکـردنـەوەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا لە مافو ئەرکەکانیان، لەوەدایە کە دیموکراتی ناتوانرێت لـەلایـەن دەستەیەکی رۆشنبیرەوە دروستبکرێت، ئەگەر هاوڵاتییان پاڵپشتی لە پرۆسەی دیموکراتی نەکەن، نموونەش بۆ ئەمە شۆڕشی فەڕەنسایە، بەر لەهەستانی خەڵک لە ساڵی (١٧٨٩)دا شۆڕشێکی رووناکبیریی سەریهەڵدا کە وای لە خەڵکی فەڕەنسا کرد، ئەرکو مافەکانی خۆیان بناسن‌و لە دەسەڵاتی پاشایەتی هەستن‌و هەر ئەو شۆڕشە رۆشنبیرییەش بوو بە بناغەیەک بۆ دیموکراتیکردنی وڵاتانی تـری ئـەورووپـا. بـەر لـەو شۆڕشە رووناکبیرییە، نزیکەی (٩٨٪)ی کۆمەڵگەی فەڕەنسی جوتیار بوون، کەچی هیج مافێکیان نەبوو، ئەوان لەلایەن لە (٢٪)وەکەی تری کۆمەڵگاوە بـەڕێـوەدەبـران، کە بریتیبوون لە دەرەبەگو قەشە کاتۆلیکییەکان کە لە کوردستانیشدا هاوکێشەیەکی لە جۆرە هەیە، دەسـەڵاتـداران لەم هەرێمەی ئێمەدا، کۆمەڵێکی زۆر کەمن، کەچی هەموو سـەروەتو سامانی کوردستان لەخزمەتی ئەواندایەو چـۆن جوتیاران بـەر لە شۆڕشی فەڕەنسا، چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە ئاغاکانیان سکیان تێربکەن، ئاواش هەموو کارمەندە حکومییەکان‌و پێشمەرگەو مـووچـەخـۆرەکـان چاوەڕوانی ئەوەن کە مووچەکانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پێبدرێتو دەسەڵاتدارانیش هـەر جـارەو بە بیانویەک دەستکاری مووچەی هاوڵاتییان دەکـەن، وەک ئـەوەی ئەوان ئەو پارانەی کە بە هاوڵاتییانی مووچەخۆری دەدەن، بە کرێکاریی پەیدایان کردبێت.

بەرپرسان لە هەرێمی کوردستاندا، لە کۆشکی جۆربەجۆردا دادەنیشن، وەک پاشای فەڕەنسا بەر لە شۆڕش‌و بـۆئـەوەی کـە بـتـوانـرێـت ئـەوان لەکۆشکەکان دەربهێنرێن‌و بکرێن بە بەشێک لە کۆمەڵگا، بە خۆشیو نەهامەتییەکانییەوە، دەبێت کۆمەڵگا لـەوە هۆشیار بکرێتەوە کە بەبێ ئەوان، بەرپرسان هیچ بوونێکان نییەو هەرئەوانیشن کە بتوانن دونیایەکی باشتر بۆ نەوەکانی داهاتوو دەستەبەر بکەن، ئێمە ئەوکاتە لە جیهانی دیموکراتییەت نزیک دەبینەوە کە کۆمەڵگا هۆشیار بکرێتەوە لەوەی لە بەردەم کەموکوڕییەکاندا بێدەنگ نەبێتو خۆی وەک سەروەر ببینێت، ئەمەش پێویستی بە خەڵکانێکی رۆشنبیرە، وەک رۆشنبیرانی رۆژئاوا لە سەدەی حەڤدەیەم‌و هەژدەیەمدا.

# نامەیەک بۆ بزووتنەوەی گۆڕان



مەریوان عەلی *

**ئەگەر لەپای بە قاچاخبردنی نەوتدا شەقام نەجولێنن، ئەی بەتەمان لەپای چیدا بیجولێنن؟**

هەموومان ئەوانەی لە یەکێتیو حیزبەکانی ترەوە هاتینە دەرەوەو بووینە پاڵپشتی بزووتنەوەی گۆڕان، هەموو ئەو هاوڵاتییانەی باوەڕیان بە کاری سیاسیی نەمابوو، هەموو ئەو کەسانەی تەنیا ئینتیمایان بۆ نیشتمانو خەباتە ڕەواکەی هەبوو، هەموو ئەو کەسانەی هەستێکی قووڵیان بە مەزوڵمیەتی کورد دەکرد، هەموو ئەو کەسانە پێکەوە دەنگیان بە گۆڕان دا، لەبەر هیچ نا، لەبەرئەوەی سنوورێک بۆ بێحورمەتکردنی کایەی سیاسییو ناعەدالەتیو بەهەدەردانی سامانی گشتیی دابنرێت.

ئێستا ئەم ئومێدە بــەرەو کـوێ؟ ئێستا کێیە لە خەمی کۆکردنەوەی ئەو هەموو دەنگە نارازییانەیە کە بەچاوی خۆیان شەوانە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بە هەدەردانی سامانی گشتیی میللەتەکەیان دەبینن‌و تەنیا لەژێر لێوەوە بۆڵەیان دێتو بەشێکی زۆریشیان لەو باوەڕدان چارەنووسی ئەم میللەتە هەر ئەوەیە دەبێت گورگخواردوو بکرێت، واتا هەنگاو بە هەنگاو لە نائومێدییەکی ئێجگار تاریک نزیک دەبینەوە! هەنگاو لەدوای هەنگاو لە بۆڵەو مشتومڕی سارد نزیک دەبینەوە، ئەوە ئێمەین خەریکە ئەوە دەیکەینە نەریت، کە دزینی سامانی گشتییو بە هەدەردانی سامانە سروشتییەکانی کوردستان تەنیا دەبێت قسەی لەسەر بکەین، نەک دژی بوەستینەوە، ئەوە ئێمەین دزینی ئەو هەموو ملیۆنان لیترە نەوتەی کوردستان تەنیا لە زوومی کامێرەکاندا کورتدەکەینەوە! چ ڕەوایە قەزییەیەکی نیشتمانییو نەتەوەیی ئاوا گەورە تەنیا بکەینە مانشێتی ڕۆژنامەو هەواڵی سەرەکیی سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان؟! چ ڕەوایە ئەو (٢٥) ئەندام پەرلەمانەی گۆڕان نابنە بەربەست لەبەردەم تانکەرە نەوتەکان؟! بەڕاست چ ڕەوایە بزووتنەوەی گۆڕان تووشی شۆک بووە لەبەردەم بەتاڵانبردنی سامانی نیشتمانیی؟!

ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان دژ بە بەتاڵانبردنی سامانی گشتیی هەڵنەسێت، پێویستە بارگەو بنکەکانی کۆبکاتەوەو خواحافیزیی بکاتو بڵێت: ئێمە لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدا نین، ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان خۆی بە پێشەنگی جوڵاندنی شەقام نازانێت دژ بە دزینی نەوت، با چیتر خۆی ماندوو نەکات، چونکە جیاوازییەکانی لەگەڵ حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا کەمدەبێتەوە.

لەڕاستیدا ئێستا لە هەموو کات زیاتر بزووتنەوەی گۆڕان دەبێت بڕژێتە سەرشەقامەکان‌و بەر بەو لێشاوە دزییە بگرێت، کە بە بەرچاوی هەموومانەوە ڕوودەدات.

ئێستا کاتی ئەوەیە بیسەلمێنێت ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەیە، نەک ئۆپۆزسیۆنێکی بۆڵەبۆڵکەر، لە کەسە یەکەمینەکانی بزووتنەوەکەوە، تا دوایەمین هەواداری بزووتنەوەکە دەبێت بەشداریی ئەو خۆپیشاندانە بکەن دژ بە دزینی سامانی نەوت بۆ گیرفانی بەرپرسەکان.

ئەی بزووتنەوەی گۆڕان درک بەوە ناکات، ئەو سامانەی بە بەرچاوی هەموومانەوە دەدزرێت دواتر دەکرێتەوە بە چەک دژ بە هەر خەونێکی گۆڕانکاریی لە کوردستاندا؟

ئەی بزووتنەوەی گۆڕان ناترسێت لەوەی ئەو پرتەوبۆڵەیەی لە تیڤییەوە خەریکیەتی دادی ئەوە نادات، کە شەقامی تووڕە متمانەیان بە گۆڕان نەمێنێت؟

ئێستا کات درەنگەو کاتی زیادەیش هەرماوە بۆ ئەوەی شەقامەکانی کوردستان پڕبکرێن لەو دەنگانەی کە بە غەدرو ناهەقیو دزیو ناردنە دەرەوەی نەوت بۆ دەرەوەی هەرێمو بردنی پارەکەی بۆ گیرفانی بەرپرسە حیزبییەکان دەزانن.

ئێستا چرکەساتی تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە لەبەردەم بزووتنەوەی گۆڕاندا، تا بێدەنگیی بشکێنێتو بڕژێنە سەر شەقامەکان دژ بە دزینی نەوت بە بەرچاوی هەموومانەوە.

* سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆشنگەری







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩